

# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای وارڤین 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی دووەم/ ژمارەی بیست و نۆ / 68 لاپەڕە/1500 دینار/١٧ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

وارڤین ڕووداوەکەی گردجوتیار
ئاشکرای دەکات

## گوڵناز لەسەر پەردەی کچێنی کوژرا

## 5 ساڵی تر خۆڵبارین هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە

## سۆزان بووە قوربانی ململانێی یەکێتی و پارتی

## چیرۆکی ئەو ژنە ئەڵمانییەی خۆشەویستە کوردەکەی کوشت

## ژیوار شێخولئیسلامی
ئێران نایەڵێت گۆرانی بۆ پیاوان بڵێین

## ژنان داوای پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دەکەن

# bailine

# بای لاین




ئایا رێکوپێکی لەشولارتان لەدەستداوە؟
کێشی لەشتان زیادە؟
رانەکانتان شل بووە سکتان گەورەیە؟
ئایا بەشە جۆراوجۆرەکانی لەشتان گرفتی هەیە؟

بەخێر بێن بۆ سەنتەری بایلاین، سالۆنی لەشجوانی تایبەت بەخانمان شوێنی خۆلاوازکردنی خانمان بەتازەترین بەرنامەی تەکنەلۆژی بێ دروستبوونی هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی.

سەنتەری بایلاینی نەرویجی سەنتەرێکی گەورەی جیهانییە کە یارمەتی دەزگا پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆژی کە هەنگاوگەلێکی گەورەی بۆ لاوازبوون و درێژەپێدانی ژیانێکی پڕ لەسەلامەتی بۆ خانمان هێناوەتەوە.

بایلاین مژدە داداتە هەموو ئەو خانمانەی کە کێشەی لەشولاریان هەیە بەکردنەوەی یەکەم سەنتەری خۆی لەکوردستان ـ عێراق بەستافێکی ئافرەتانی پسپۆڕ لەبواری لەشجوانکردنی ئافرەتان.

تەکنۆلۆژیای بایلاین چیتان بۆ دەکات؟
هێزو تاقەتی تازەتان پێدەدات
هاتووچۆی خوێن لە لەشدا رێکدەخات
پێست ـ ماسوولکەکانتان توندەدکات
شێوازێکی جوانتان پێدەدات (پێست توندکردنەوە)
چەوری لادەبات (تواندنەوەی چەوری)
کێشتان دادەبەزێنی بەتازەترین بەرنامەی تەکنۆلۆژیای سەردەم
لەشولارێکی رێک ـ ماسوولکەیەکی باش
مەشقپێکراوتان پێدەبەخشێت
مەساجتان پێدەکات




بایلاین بەئەزمونی (٣٠)ساڵەی ئێستا نوێنەرایەتییەکانی لەولاتانی (نەرویج، سوید، دانیمارک، ئەلمانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەمریکا، کەنەدا، روسیا، هۆڵەندا، پۆلندا، ئیرلندا، ئێران، کوێت، عێراق، کوردستان) و چەند ولاتێکی دیکەی ئەورووپای رۆژهەلات چالاکن.

بەسەردانی بایلاین جگە لەزیادی کێش بچووککردنەوەی قەبارەی ئەندامەکانتان شتێکی دیکە لەدەستنادەیت.

بفەرموون چارەسەرکردنێکی بەخۆڕایی بۆ تاقێکردنەوە وەربگرە.

تکایە بەپێی کاتی پێشتر دیاریکراو سەردانمان بکە

هەولێر: برایەتی– شەقامی ٤٠مەتری، نزیک فلکەی حەی شرتە.

**ناونیشان:**
**هەولێر - برایەتی - شەقامی ٤٠ مەتری**
**نزیک فولکەی حەی شورتە**
www.bailine.com
mob: 07503286712
07700376713

www.netewe.com



زۆزان هاوسەری

مەمەد ئۆزۆن


warvin.press@yahoo.com

**WARVIN.ORG**

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**لەنجە عەبدوڵڵا**

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

**تەنیا کوردی**

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

**بەهرە حەمەڕەش**

behre2009@yahoo.com






**ئامەد:** دیلار سەوڵەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦

**راوێژکاری یاسایی:**

فەوزیە فەقێ رەشید

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

**راوێژکاری دەروونی:**

د. توانا عەبدولڕەحمان

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خوەنەکان

warvin.press@yahoo.com

### ئەحمەدینەژاد خۆڵبارین چارەسەر دەکات
### وەزیری ژینگەی عێراق (نەرمین عوسمان) بۆ وارڤین:

# 5 ساڵی تر خۆڵبارین هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە

وەزیری ژینگەی عێراق نەرمین عوسمان لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (وارڤین)ی ڕاگەیاند کە لەماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا لەعێراق و هەرێمی کوردستان خۆڵبارین نامێنێت و بۆ ئەو مەبەستە ١ ملیۆن هێکتار زەوی لەعێراق و لەو شوێنانەی زەوییەکە دەبێتە هۆی هەڵکردنی خۆڵبارین لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە چارەسەر دەکرێت.



دوای ساڵی ٢٠٠٧، خۆڵبارین بەبەرفراوانی زۆربەی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، ئەمەش پرسیارێک بووە بەردەوام لـەلایـەن هـاووڵاتـییـانـەوە ئـاراسـتـەی لایەنی پەیوەندیدار کراوە کە چۆن وا بکرێت خۆڵبارین کەم بکرێتەوە. بەپێی ئاماری نەخۆشخانەکان لەهەرێمی کوردستان ئـەو ڕۆژانـەی خۆڵبارین بـووە، نزیکەی ٦٠٠ کەس بەهۆی خۆڵبارینەوە لەنەخۆشخانەکاندا چارەسەریان بۆ کراوە. وەزیری ژینگەی حکوومەتی عێراق د.نەرمین عوسمان، باس لەو ئامادەکارییانە دەکات کە لەلایەن چوار دەوڵەتەوە پلان بۆ چارەسەرکردنی خۆڵبارین دارێژراوەو بەپێی پرۆتۆکۆلێک کە لەنێوان (عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا)وە واژۆ کراوە تا ٥ ساڵیتر خۆڵبارین لەعێراق و هەرێمی کوردستان نامێنێت.

نەرمین عوسمان گوتی:" ٦ مانگ لەمەوپێش هەر چوار دەوڵەتی هاوسنوور عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا لەئەنکەرە کۆبوونەوەیەکیان بۆ چارەسەری نەهێشتنی خۆڵبارین کرد و تێیدا بەناوی ڕاگەیاندنی ئەنکەرە پلانێکی ستراتیژییان دارشت". نەرمین عوسمان کە نوێنەرایەتی دەوڵەتی عێراقی لەو کۆبوونەوەیەدا کردووە ڕایگەیاند زانیاری خۆڵبارین و هەڵسەنگاندنی پێویست و هۆکارەکانی خۆڵبارین دیاریکران و بڕیاردرا کۆبوونەوەی دووهەم لەتاران بکرێت.

نەرمین گوتی:" ٢٩ مانگی ڕابردوو بەئامادەبوونی سەرۆککۆماری ئێران ئەحمەدینەژاد کۆبوونەوەی دووهەممان لە تاران کرد و پرۆتۆکۆلێکی هاوبەش لەنێوان هەر چوار دەوڵـەت بۆ چارەسەرکردنی خۆڵبارین واژۆ کرا". کۆبوونەوەی تاران بەبەشداری عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، قەتەر، یوئێن و سێ ڕێکخراوی مەدەنی بەڕێوەچوو. بڕیاریشە بۆ کۆبوونەوەکانیتر بانگهێشتی دەوڵەتانی ئاسیا، ئەفریقا و یوئێن بکرێت. د.نەرمین عوسمان، زانیاری کۆبوونەوەکەی تارانی بۆ وارڤین ئاشکراکرد و گوتی لەبارەی چارەسەرکردنی خۆڵبارینەوە بڕیاردار لەماوەی ٥ ساڵیتر خۆڵبارین لەعێراق نەهێڵدرێت و لەماوەی ئەو ٥ ساڵەدا ١ ملیۆن هێکتار زەوی عێراق و سنووری تورکیا، سوریا و ئێران، لەرێگەی تەکنۆلۆژیا، چینی یەکەمی زەوی توند بکرێتەوە.

هەروەها لەدرێژەی لێدوانەکەیدا نەرمین، دەڵێ هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی خۆڵبارین قۆناغ بەقۆناغەو قۆناغەکانیش لەماوەی دوو مانگدا هەڵسەنگاندیان بۆ دەکرێت."چارەسەرکردنەکە

چەند قۆناغێکە لەوانە لەبارەی چۆنیەتی ئاو کە چۆن وابکرێت، سوود لەچارەسەرکردنی ئاو بۆ ئەو مەبەستە وەربگیردرێت. چۆنیەتی کەشوهەواو کەمکردنەوەی ئەو زەویانەی بیابانن".

نەرمین، گوتی دوای شەش مانگیتر کۆبوونەوەکان لەسوریا بەڕێوەدەچن، تائەوکات ئێران سەرپەرشتی چارەسەرکردنی خۆڵبارین دەکات "لەکۆبوونەوەی سوریادا دیاریدەکرێت نوێنەرایەتی ئەو دەستەیە لەکام شوێن بێت و دەستەکە چۆن هەڵبژێردرێت".

لەڕووی تەکنیکییەوە نوێنەرانی هەر وڵاتێک لەڕێگەی وەزارەتی ژینگەوە دیاریکراون و ئەوانیش لە ئێرانەوە کۆبوونەوەیان کردووەو لە ئامادەباشی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانیاندان. هەروەها راهێنان بەکەسانی پسپۆڕ بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی خۆڵبارین بەردەوامە. لەبارەی هەڵوێستی ئەحمەدینەژادەوە وەزیری ژینگەی عێراق دەڵی "ئەحمەدینەژاد هاوکاری تەواوی بۆ چارەسەرکردنی خۆڵبارین دەربڕی و کۆبوونەوەکە ئەرێنی بوو، چونکە بەلای نەژادەوە ژینگە وەک خاڵێکی پێویستی نێوان هەر چوار دەوڵەت باسی لێوەکرا کە دەبێ هەوڵی جدی بۆ پاراستنی بدەن و رۆژهەڵاتی ناڤین لەو تەنگەژەیە رزگاربکەن".

خۆڵبارین زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتووەتەوە بەتایبەت کیشوەری ئاسیا، ئەمەش بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی و وشکەساڵی روودەدات، لەعێراق لە شەش لاوە خۆڵبارین هەڵدەکات و ئەوانیش ناوچە سنوورییەکانی عێراق بەوڵاتانی دراوسێ و هەروەها ئەو زەوییانەیە کە چینی یەکەمی تێکچووەو بووەتەهۆی خۆڵبارین. نەرمین، دەڵێ لەزەوییەکانی عێراقەوە خۆڵبارین دێتە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و تەنانەت چیاکانیش نەبوونەتە بەربەست، چونکە خۆڵبارینەکە کاتێ هەڵدەکات بەرزەو چیاکان توانای بەربەستیان نییە.

ئەو لەبارەی هۆکاری خۆڵبارین لەعێراق گوتی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، چینی یەکەمی زەوییەکە هەڵکەنراوەو بەهۆی وشکەساڵی و کەمی بارانیشەوە لەو زەویانە خۆڵبارین دروستدەبێت. هەروەها هۆکارێکیتری خۆڵبارینی بۆ جەنگ و تێپەڕبوونی دەبابەو ئۆتۆمبیلی جەنگ بەسەر زەویەکانی عێراقدا گەڕاندەوە کە بەوهۆیەوە زەوییەکان تێکچوونەو خۆڵبارینیان تێدا دروستبووە.

وەک لەکۆبوونەوەکەی تاران راگەیەندرا تورکیا لەبواری بەرهەمهێنانی نەمام و پارێزگاریکردن لەکەمبوونەوەی خاک و چاندنی دارە جەنگەڵییەکان لەهەنگاوی چارەسەری خۆڵبارین بەشدار دەبێت و سوریاو ئێرانیش بەهاوکاری تەکنیکی و راهێنانی پێویست بۆ ئامادەکردنی دەستەیەکی فێرکاری باش و تەکنۆلۆژیای نوێ لەچارەسەرکردنی خۆڵبارین بەشداری دەکەن و یارمەتی عێراق دەدەن.

لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو زەوییانەی چینی یەکەمی تێکچووە پسپۆڕی بواری ژینگە د.دڵشاد گەنجۆ، دەڵێ: "لە هەندێ وڵاتی پێشکەوتوو شوشەو بوتلی ئاو کە فرێدەدرێت هەڵدەگیرێتەوەو جارێکیتر دەهاڕدرێت و ماددەیەکی لێدروست دەکرێت، ئەو ماددەیە بەسەر ئەو زەوییانە دەکرێت کە خۆڵبارینی تێدا روودەدات، بەهۆی ئەو ماددەیەوە چینی زەوییەکە توند دەبێتەوەو بەرگەی پلەی گەرمی بەرز و کەمی بارانبارین دەگرێت.



وەزیری ژینگەی عێراق (نەرمین عوسمان)

# ژن لەسەردەمی کۆیلەداری

2

لەڕەوتی پێشکەوتنی مێژوودا کۆمۆنی سەرەتایی وەک پێداویستی سرووشتی کۆمەڵایەتی دارزاو جێگای خۆیدا بەسیستەمی کۆیلەداری، ئەم سیستەمە لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەت بەچەوساندنەوە مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دامەزرا.

دارا و نەدار، فەرماندەو فەرمانبەر، کۆیلەدارو کۆیلە لەئەنجامی خاوەندارێتی تایبەتەوە هاتنە ئاراوە. لەم هەلومەرجەدا نایەکسانی دارایی زیادیکرد.

تایبەتمەندی ئـەم قۆناغ و قاڵبەندە ئـابووری و کۆمەڵایەتییە لەدایکبوونی دوو چینی کۆیلەدار و کۆیلەیە. کۆیلەدار خاوەنی مەزرا و کێڵگە، کارگە، ئامرازە گرنگەکانی ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتییە، کۆیلەش نەتەنیا خاوەنی هیچکام لەو شتانە نییە، بەڵکو خاوەنی گیان و ماڵی خۆیشی نییە. نابێ ئەوە لەبیربکەین، جگە لەم دوو چینە سەرەکییە چین و توێژی دیکەش وەک خـاوەن زەوییە گچکەکان، پیشەکاران، جووتیار و بەرهەمهێنە ئـازادەکـان لەسیستەمی کۆیلەداریدا دەژیان.

سەردەمی کۆن کەلە چوار هەزار ساڵ پێش زایینەوە دەستپێدەکات و تا پێنج سەدەی دوای زایین بەردەوام دەبێت، سەردەمی لەدایکبوونی ژیوار و شارستانییەتە کۆنەکانی سۆمەر، میسر، ئاشوور، فینیقی، عیبرانی، عەرەبی، ئێرانی، چینی، هیندی، یۆنانی، رۆمی، سلاڤیک، ژەرمانی و ئیسلاوە. هەرلەم سەردەمەوە کەمێک پاشتر ئیمپراتۆرییەکانیش لەدایکبوون. دیارە شەڕ سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی کۆیلە بوو بۆ کۆیلەدارەکان. لەسیستەمی کۆیلەداری پێداویستی بـەردەوام بۆ دابینکردنی کۆیلەو هێزی کار یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی هەڵگیرسانی شەڕ بوو لەنێوان مرۆڤەکاندا. دیلەکانی شەڕ دەبوون بەکۆیلەی لایەنی سەرکەوتووی شەڕ. بێگومان بەشی هەرەزۆری ئەو دیلانە ژن و منداڵ بـوون. پاش تـەواو بوونی هەر شەڕێک بـەهـەزاران ژن بەدیل دەگیران و دەکـران بەکۆیلەو کەنیزەک. دیارە ئەم دیاردەیە کاریگەری قـووڵ و بەرفراوانی لەسەر بـارودۆخـی ئابووری – کۆمەڵایەتی ژیوار و شارستانییەتەکانی ئەو سەردەمە دانـا. بەمشێوەیە کۆیلەداری بناغەی سیستەمی پیاوسالاری دارشت.

دەوڵـــەت وەک ئـامـرازی حوکمڕانی لەسەردەمی کۆیلەداری و بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی کۆیلەدارەکان بۆ کونترۆڵی کۆیلەکان دامـەزرا. لەیۆنانی کۆن و لەکۆمەڵگای ئیسپارتە کچان دیل و پابەندی فەرمانی حکوومەت بوون. کچانیان ناچار دەکرد بەڕووتی سەما بکەن، تا لە ئاتینا یان ئەسینا باوک خاوەنی سەروماڵی ژنان و کچانی بوو، پیاوانی ئاتینا لەهەڵسووکەوتی سێکسییاندا ئـازاد بوون، بۆیە هیچکات نەیاندەهێشت ژنان و کچانیان ئازاد بن و لەکونجی ماڵەوە قەتیسیان دەکردن. هەر بەو شێوەیەلەکۆمەڵگای عەرەبی جاهیلی هەبوونی کچ لەبنەماڵە عەیب و عار بوو زۆرجار زیندەبەچاڵیان دەکردن. فرەژنی باوبوو و ژن میراتی بەرنەدەکەوت. لەهیندی کۆن ئەگەر ژنێک مێردەکەی بمردبایە دەبووا ژنەکەش خۆی بستووتاندبایە. بەگوێرەی یاسای مانۆ ژن بەدرێژایی ژیانی لەژێرچاودێری و سەرپەرشتی پیاوادا دەژیا.

هەژار هەورامی



www.netewe.com

# ژنان داوای پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دەکەن

**دوای تێپەڕینی نزیکەی بیست ساڵ بەسەر حوکمڕانی کوردستاندا تائێستا لەهەرێمی کوردستان ژن نەیانتوانیوە بگەنە ناوەندی راستەقینەی بڕیار و چالاکوانانی ژنیش عەقڵیەتی پیاوسالاری بەرێگر دەزانن و بەشێکیشیان گلەیی لەرێکخراوەکانی ژنان دەکەن و بەپێویستی دەزانن ژنان داوای پۆستی سیادی بکەن و خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆککۆمار بپاڵێون و ئێستاش وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بەمافی ژن دەزانن.**



## کۆتا کشانەوەیە

ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پەخشان زەنگەنە، لەوبڕوایەدایە ژنان لەم قۆناغەدا پێشکەوتوون“ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێک کەلە زۆر رووەوە ژنان پێشکەوتوون و بەقەناعەتی من ژن هەیە دەتوانێرێت لەبالاترین پۆستدا رۆڵ ببینێت“. زەنگەنە پرسیار دەکات و دەڵێ“پێویستە بپرسین تائێستا چەند دەرفەت دراوەتە ژن بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی ببینێت، ژنان خواستیان هەیە بگەنە پۆستە بالاکان، بەلام بەداخەوە ئێستا واهەستدەکەم کشاوینەتەوە، هەتا ئەو حزبانەشی کە پێش دەیانساڵ ژن لەسەرکردایەتیاندا هەبووە ئێستا پەنا دەبەینەبەر کۆتا“.

رێکخراوەکانی ژنان بەشێکیان تەمەنیان هاوتەریبی تەمەنی حزبەکانییانەو لەخەباتی شاخدا ئەوان شانبەشانی پیاو رۆڵیان بینیوە، بەلام لەسەردەمی خەباتی شاردا هەست بەپەراوێزخستنی رۆڵیان دەکرێت.

پەخشان رایدەگەیەنێت کە هێشتا کۆمەڵگا نەیتوانیوە لەروانگەیەکی ستراتیژییەوە بڕوانێتە پرسەکانی ژن“ئەو رێبازە لای ئێمە لاوازە کە کۆمەڵگا بەدیدی ستراتیژی بڕوانێتە هاوبەشی ژن و پیاو و نەخوێندەواری ژنانیش رۆڵی خۆی هەبووە، چونکە لەڕووی نەخوێندەوارییەوە رێژەی زیاترە“.

## حزب و ژن

ئەگەرچی هەر رێخراوێکی سیاسی و قەوارەیەکی حزبی لەهەرێمی کوردستان رێکخراوێکی تایبەت بەژنی هەیە، بەلام ئەو ژنانەی ئێستا لەپەرلەمانی کوردستاندان و بوونەتە پەرلەمانتار لەسەر بنەمای کۆتا بەسەر حزبەکاندا فەرزکراون و بڕیاری سەرکەوتنیان رەنگدانەوەی قەناعەتی ئەو حزبانە نەبووە.

زەنگەنە، بەنیگەرانییەوە باس لەرۆڵی حزب دەکات لەسنووردارکردنی بەشداری ژنان“بنەمای گرنگ لە رەوشی ژیانی ژنانی ئێمە پرسی حزبایەتییە، حزبایەتی لەجیاتی ئەوەی رۆڵی هەبێت کەچی بەپێچەوانەوە سنوورەکەی تەسکتر کردووەتەوە“.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی کوردستانی سۆزان شەهاب، دەڵێ“کەمی ژن لەناوەندە بالاکانی بڕیاردا پەیوەندی بەجیاکاری جێندەری دژبەژنان هەیەو ژن لەناو حزبیشدا تازەیە“.

ئەو رەخنە لەرێکخراوەکانی ژن دەگرێت و دەڵێ“ئەو رێکخراوانەی کە لەمەیدانەکەدان نەیانتوانیوە تائێستا ببنە هێزی فشار بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانی گەورە بکەن و ژن بگەیەننە ئەو پۆستە بالایانە“دەشلێت کە خەبات بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پێویستە“ئەو پرسە پێویستی بەجوولانەوەی مەدەنییانە هەیە“.

سۆزان، رەخنەی خۆی ئاراستەی رێکخراوەکان

www.netewe.com

# پێویستە لەهەڵبژاردنی داهاتووشدا نەک تەنیا بۆ پەرلەمان، بەڵکو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ژن خۆی بپاڵێوێت

دەکات و دەڵێ، ئەو ڕێکخراوانەی لەبوارەکەدا کار دەکەن نەیانتوانیوە بەدروستی کار لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکانی خۆشیان بکەن"خودی ئەو ڕێکخراوانە پابەند نین بەپەیڕەوی ناوخۆی حزبەکانی خۆیانەوەو لەناو پەیڕەوی ناوخۆدا باس لەوەکراوە کە جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو نییە، بەڵام تائێستا ئەوە لەناو خۆیاندا پەیڕەو نەکراوە".

حزبەکان لەکۆنگرەدا خۆیان نوێدەکەنەوەو دووبارە سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵدەبژێرن و ئەوە باشترین دەرفەتە بۆئەوەی لەورێگەیەوە ژن بتوانن بگەنە ناوەندی بڕیاردان.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا کۆنگرەی سێهەمی خۆی سازکرد و بەگوێرەی سیستەمی کۆتا واتە پشکی ٢٥٪ بۆ ژنان تەرخانکرابوو و بڕیاریشە پارتی دیموکراتی کوردستان لەمانگی داهاتوودا کۆنگرەی ١٣ هەمینی خۆی ساز بکات و وەک بەرپرسانی باڵای ئەو پارتە دەڵێن لەم کۆنگرەیەدا گرنگییەکی زۆر بە پرسی بەشداری ژن دەدەن.

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دکتۆر ڤیان سلێمان، لەبارەی سەرکەوتنی ژن بۆ سەرکردایەتی پارتی دەڵێ"بەتەواوی ڕوون نییە کە چەند ئافرەت دەچنە سەرکردایەتی، بەڵام بەلانی کەم ڕێژەی لە سەدا بیست بۆ ٢٥٪ی ئەندامانی سەرکردایەتی ئافرەت دەبن".

## کاتی نەهاتووە

هەندێک لەژنان تائێستا لەوبڕوایەدا نین بتوانن پۆستی باڵا لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرن و پێیانوایە "هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە". ژمارەیەکی بەرچاویش لەچالاکوانانی ژن لەوبڕوایەدان کاتی تێپەڕیوە ئەمە ڕای تاڤگە محەممەد پەرلەمانتاری پێشوو و سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی خوشکانی سەر بەیەکگرتووی ئیسلامییە. ئەو دەڵێ"بەنیسبەت کاتەوە لەوبڕوایەدام کاتی تێپەڕیوەو ئێمە نزیکەی ٢٠ ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیمان هەیە، کاتێک باسی وەرگرتنەوەی ئەو مافەی ژن دەکرێت دەڵێن هێشتا کاتی نەهاتووەو زووە، بەبڕوای من ئێستا ئافرەتان هەنگاوێک پێش پیاوان کەوتوون".

پەراوێزخستنی ژن نەتەنیا لەئاستی حزب و پۆستە سیاسییەکان بەدیدەکرێت، بەڵکو پەخشان زەنگەنە، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت نەتەنیا پۆستی سیاسی"بۆ بیر لەوە ناکرێتەوە سەرۆکی یەکێک لەو هەموو زانکۆیەی کوردستان ژن بێت، دڵنیام ئەوەندە ژنمان هەیە بتوانێت پەرلەمان و هەموو زانکۆکان بەڕێوەبەرن".

لەسەروبەندی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرسی سەرخستنی ژنان بۆ سەرکردایەتی و پۆستی باڵای ئەو حزبە سکرتێری یەکێتی ئافرەتان باوەڕی وایە"هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئافرەت پاڵێوراو بێت بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک".

## پۆستی سیادییان دەوێت

هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی ژیانی پەرلەمانی و حزبی لەهەرێمی کوردستان ژن داوای پۆستی باڵا دەکەن و بەڕەوای دەبینن لەمەودوا خۆیان بۆ پۆستە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بپاڵێون.

سکرتێری پێشووی یەکگرتووی خوشکان تاڤگە محەممەد دەڵێ"پێویستە لەهەڵبژاردنی داهاتووشدا نەک تەنیا بۆ پەرلەمان، بەڵکو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ژن خۆی بپاڵێوێت و ئەو ڕێژەیەی ٣٠٪ وەک کۆتا بۆ ژن لە پەرلەمان و شارەوانییەکان دانراوە پێویستە لەناو حکوومەتیشدا هەبێت".

سۆزان شەهابی پەرلەمانتاریش دەڵێ" هەرلە سەرۆککۆماری عێراقەوە تا پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران، پێویستە ژنیان تێدا بێت و نابێ ژنێتی ژن ڕێگری لەوە بکات کە بگاتە ئەو پۆستانە".

لە هەرێمی کوردستانەوە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە٢٥ی تەمموزی ساڵی ڕابردوودا، تائێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمی جێگرێکی بۆخۆی دیارینەکردووەو بەگوێرەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی بڕیارە ئەو پۆستە بۆ کاندیدێکی یەکێتی بێت.

سەبارەت بەدەستنیشانکردنی ژنێک بۆ ئەو پۆستە سۆزان شەهاب، گوتی:"تائێستا ئەو پرسە نەهاتووەتە پێشەوە، بەڵام ئاساییەو پێموایە ئەگەر بەژنیش بدرێت ئاساییەو



ئەمە دەکەوێتەسەر توانای خودی ژن".

تاڤگە محەمەدیش لەوبڕوایەدایە هەرچەندە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان ئەو دوو لایەنە هەبێت، بەڵام ئاساییە ژنێک ئەو پۆستە وەربگرێت"ئاساییە چ کێشەیەکی تێدایە با ئەو دوو لایەنە ژنانی بەتوانای حزبەکانی خۆیان بۆ ئەو پۆستانە کاندید بکەن کە پۆستی باڵان".

## ڕێگرییەکان چین؟

هەندێک لەچالاکوانانی ژن هۆکارەکان بەهۆکاری خودی و هەندێکی دیکە بۆ هۆکاری بابەتی دەگەڕێننەوەو دەڵێن، عەقڵیەتی پیاوسالاری حزبەکان ڕێگری سەرەکییە لەبەردەم گەیشتنی ژنان بەپۆستی سیادی لەهەرێمی کوردستاندا.

کافیە سلێمان، سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێ" پێویستە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنرێت و ئێمە لەڕێکخراوەکەی خۆمانەوە کار بۆ ئەوەدەکەین هەر کەس لەسەر توانای خۆی جا چ ژن بێت یان پیاو بگاتە پۆستەکان".

گوتیشی"پرسی پۆستە سیادییەکانی هەرێم و نەبوونی ژن تێیاندا پەیوەستە بەکاتەوەو بۆ هەرێم تازەیەو تێپەڕینی کاتی پێویستە".

بەڵام رایەکی دیکە هەیە، کە پرسەکە نابەستێتەوە بەکاتەوە"عەقڵیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕێگرەو پۆستە باڵاکانی حزب و حکوومەت بۆ پیاوان قۆرخکراون و لەکۆی ١٠٠ پیاو ئەگەر یەک تا دوو پیاو قەناعەتی بەحزووری ژن هەبێت لەهەموو کایەکاندا". ئەمە گوتەی تاڤگە محەممەد بوو.

ئەو بەنیگەرانییەوە دەپرسێت"بۆچی بەو شێوەیەیە ئایا ئێمە ژنمان نییە لەپلاندانان، ئابووری، تەندروستی شارەزا و بەتوانا بێت، بەپێچەوانەوە هەمانە، بەڵام تا باکگراوندی عەقڵیەتی پیاو نەگۆڕدرێت ئەستەمە بتوانرێت ژن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانە سەرکەوێت". گوتیشی"ئەگەر هاتوو ویسترا رۆڵی ژن بەتەرخانکردنی کاروباری کۆمەلایەتی بۆیان بەرتەنگبکرێتەوە ئەواحەقە کاتێک ژن دەبینێت رۆڵی سنووردار کراوە بڵێت من ئەوکارە ناکەم و کاردانەوەی هەبێت لێرەشدا ژن خۆی خەتای هەیە.

دکتۆر ڤیان، ڕێگرییەکان دەبەستێتەوە بە رەوشە گشتییەکەی کۆمەڵگاوەو دەلێ"هەستیاری قۆناغەکەو ئەو رەوشەی تێیداین، پێویستدەکات زیاتر ئێمە کار لەسەر ئامادەکردن و پێشخستنی توانای ئافرەتان بکەین و ئامادەیان بکەین تا لەچەند ساڵی داهاتوودا چ لەسەر ئاستی هەرێم و چ لەسەر ئاستی حزب بگەنە ئەو پۆستە سیادییانە".

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە پرسی خۆخەریککردنی ڕێکخراوەکانی ژنە بە پرسە کۆمەلایەتییەکانەوەو فەرامۆشکردنی پرسە سیاسییەکانە، ئەمە بۆچوونی تاڤگە محەممەد بوو"ڕێکخراوەکانی ژن خۆیان لەو پرسە سیاسییانە نادەن، ئەوانیش خۆیان خەتایان هەیەو من خۆم شەش ساڵ سکرتێری یەکگرتووی خوشکان بووم و هەمان گرفتمان هەبوو ئێستا ئەو ڕێکخراوانە هەموویان لەیەک ئاستتدا کار دەکەن ئەویش لایەنە کۆمەلایەتییەکەیەو نایانەوێت دەربازی بکەن".

www.netewe.com

### میدیا لەهەرێمی کوردستان لەفەوزادایە؟

# د.ڕێبوار فەتاح: میدیای دەسەڵات لەفەوزادایەو میدیای ئازادیش بوونی نییە

زیاتر لە ٨٢٦ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارو١٥ هەزار ڕۆژنامەنووس لەهەرێم هەیە، چۆنیەتی و چەندایەتی میدیای نووسراو چەندپرسیارێک دێنێتە ئاراوە. ئایا میدیای نووسراو لەکوردستاندا لەفەوزادایەو ڕاستییەکان دەشێوێندرێن؟ یان میدیایەک هەیە ئازادەو پەیامی ڕاست دەگەیەنێت؟



پسپۆڕ لەبواری میدیا هەڤاڵ ئەبوبەکر، دەڵێ بەشێکی زۆری میدیا بووەتە بەشێک لەفەوزا، هەندێ کەناڵ هەن میدیای ئازادن، بەڵام چەندن؟ چۆنن؟ بۆ دەوترێن؟ ڕوون نییە، زۆربەی میدیاکانمان میدیای سیاسین، بەبێئەوەی سیاسەتی میدیاییان هەبێت. ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلیستی گۆڕان حاکم شێخ لەتیف، واینابینێت میدیا لەهەرێمی کوردستاندا لەفەوزادابێت"میدیای نابەرپرس هەیەو ئادابی گشتی دەشێوێنێت، هەندێ لەمیدیای ئازاد هەیە ڕووی گەشی ئەم وڵاتەن".

بەڵام پسپۆڕی خۆرهەڵاتی ناڤین د.ڕێبوار فەتاح بۆچوونی جیاوازەو دەڵێ ئەگەر میدیا لەهەرێمی کوردستاندا لەفەوزادابێت، ئەوا میدیای حزبەکانی دەسەڵات ئەو فەوزایەیان دروست کردووە"کاتێ ڕۆژنامەیەک دەیەوێ ئازادانە کاربکات، دەسەڵات ڕۆژنامەیەکی دیکەی بۆ کردووەتە بریت تاسەر لەخوێنەر بشێوێنرێت".

د.ڕێبوار، ئەوەی خستەڕوو هێشتا لەکوردستان میدیای ئازاد نییە، چونکە کۆمەڵگایەکی ئازاد نییە، بەڵام هەندێ کۆشش هەن تامیدیای ئازاد دروست بکرێت، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە گوشاریان لەسەرە، تا نەتوانن لەڕووی بابەتەوە کاری ڕۆژنامەوانی بکەن و دیوی ڕاستی بابەتەکان بەدیاربخەن. سکرتێری ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان حامد محەمەد، بەشێک لەو فەوزایەی میدیای کوردی لەدووبارەبوونەوەدا دەبینێت"حزب و دەسەڵات لەو فەوزایە بەرپرسیارن، چونکە بەشی زۆری میدیاکانی هەرێم لەلایەن حکوومەت و حزب و دەسەڵاتەوە پاڵپشتی دەکرێن". هەروەها دەڵێ، هەندێ لەمیدیاکان شەڕی سارد دەکەن و پیشەی ڕۆژنامەوانی بۆ مومارەسەی شەڕی حزبەکانیان و دەسەڵاتیان بەکاردەهێنن، وەک ئەوەی بیانەوێت شەڕی ناوخۆیی بەرپابکەنەوە، ئەمەش لایەنی دەسەڵات، حزب و حکوومەت لێی بەرپرسیارن. کوێستان محەممەد، دەرچووی پەیمانگای هەولێر بەشی ڕاگەیاندن وایدەبینێت میدیا لەهەرێمی کوردستان لەفەوزادایەو بەشی زۆری میدیاکان لەئاراستەی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی لایانداوەو هۆکاری دروستبوونی فەوزان.

## سکاڵاکانی دەسەڵات و بۆچوونی چاودێران

لەلایەن دەسەڵاتەوە زۆرێک سکاڵا لەسەر هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤار تۆمارکراون و تێیدا داوای قەرەبووی چەندین ملیار دینار دەکرێت، ئەمەش چەند پرسیارێک دێنێتە ئاراوە ئایا چۆنیەتی سکاڵاکان لەدەرەوەی یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێم و پەنابردن بۆ یاسایەکیتر، دروستە؟ یان سکاڵاکان بۆ بچووکبوونەوەی قەبارەی ئازادی ڕۆژنامەگەرییە لەهەرێمی کوردستان؟ لەوبارەیەوە پارێزەری سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان حوسامەدین سەرداری کە زۆرترین سکالای پارتی لەوماوەیەدا دژ بەهەندێ میدیا لەدادگاکانی هەرێم تۆمارکردووە ئامادەنەبوو ژمارەی سکاڵاکان و هۆکارەکەی ئاشکرابکات، چونکە وەک باسیکرد، بەپێی یاسا ناتوانێت ئەوکارە بکات تا سکاڵاکان کۆتاییان دێت"ئەوکات هۆکاری سکاڵاو ئەنجامی دادگا ڕادەگەیەنم". شێخ لەتیف، دەڵێ"سکاڵاکانی پارتی لەڕووی سزا وەک بەندکردن یان تاوان لەدژی ڕۆژنامەکان تۆمارنەکراوە، بەڵکو سکالای مەدەنییەو پەنای بۆ یاسای ١١٦.ی ڕۆژنامەگەری عێراقی بردووەو لەڕووی یاساوە ئەمە درستە، بەڵام بەو شێوەیە ئەرکی پارتی قورسترە، چونکە دەبێ بیسەلمێنێت ئەو بابەتەی سکالای بۆ کردووەو داوای بڕی دیاریکراوی پارەی قەرەبووی کردووە، بەو نرخە زیانی بەرکەوتووە". هەروەها گوتی تۆپەکەی سکاڵاکانی پارتی لەگۆڕەپانی دادگایەو دەبێ دادگا لەڕووی مەرجی شکلی و بابەتی سەیری ئەو سکالایانە بکات ئەگەر سەلماندنەکە دروستبوو، ئەوا قەرەبوو بەپێی زیان بەرکەوتوو وەربگیردرێتەوە، ئەگەر وادەرنەچوو داواکە ڕەتبکرێتەوە. بەڵام د.ڕێبوار، بۆچوونی جیاوازەو دەڵێ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٣٥ـی ڕۆژنامەگەری هەیە بۆچی دەبێ پەنا بباتەبەر یاسای سەردەمی بەعس و بەکاری بێنیت."ئەو هەنگاوەی دەسەڵات فەوزا بۆ لایەنی یاسایی دێنێتەئاراوەو دەبێ دادگاو ئەنجوومەنی دادوەری لەوبارەیەوە هەڵوێستی هەبێت. بۆیە دەسەڵات و هەیمەنەتی ئەنجوومەنی دادوەری بەبێدەنگبوون لەو سکالایانە دەخرێنە ژێرپرسیارەوە". هاوکات حامد محەمەد، پەنابردن بۆیاسای ١١٦ـی یاسای ڕۆژنامەگەری عێراق، بەکارێکی دژ بەیاسای ڕۆژنامەگەری هەرێم دەزانێ و دەڵێ"لەیاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە٣٥ ماددەی ١٢ هاتووە: کار بەهیچ یاسایەکیتر بۆ بواری ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان ناکرێت". ئەو دەڵێ، سەندیکا لەیاسای ١١٦ سەردەمی بەعس بێزارەو دژی ئەوەیە کار بەو یاسایە بکرێت". هەڤاڵ ئەبوبەکر، دەڵێ هەنگاوێکی شیاوە هێزە سیاسییەکان لەبری ڕێگایتر پەنا بۆ دادگا دەبەن، سروشتییە هەر کەسێک پێیوابوو لەبابەتێکی میدیاییدا کە پەیوەست بەو بوو،




زیانی بەرکەوتبوو یان سووکایەتی پێکرابوو، داوای قەرەبووکردنەوە بکات، بەڵام ئەم هەنگاوە دوای ئەو هەنگاوە دەبێت کە دادگا ئەوەی سەلماندبێت کە زیان بەر ئەو کەسە کەوتووە". هەڤاڵ، ئاماژەیدا کە ئازادی بەوتای جیاوازی و بەرپرسیاریتی دێت، ئەگەر بڕوامان بەجیاوازی و بەرپرسیاریتی نەما، ئازادیی لەکەداردەکەین". مافناس کامەران جەبار(٢٨) ساڵ، دانیشتووی سلێمانی وەک خوێنەرێکی میدیای نووسراو پێیوایە دەسەڵات بەرێگەی سکاڵاوە دەیەوێت رێ لەمیدیای ئازاد بگرێت"نرخ دانانی ٢٠٠ ملیار دینار لەلایەن دەسەڵات وەک قەرەبوو دژی رۆژنامەیەک داوایەکی نامەنتقی و وەهمییە".

## رۆڵی داواکاری گشتی چۆن بێت؟

دادگا خاڵی یەکلاکەرەوەی دروست و نادروستی هەربابەتێکی نێو میدیایە. داواکاری گشتی تاچەند توانیویەتی رۆڵی کارای لەهەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بابەتەکانی نێو میدیا هەبێت؟ د.ڕێبوار، دەڵێ سیستەمی دادوەری لەهەرێمدا ئازادنییە، بۆیە میدیای ئازادیش بوونی نییە"واباشترە کاربەدەستانی ئێستای ئەنجوومەنی دادوەری هەرێم دەست لەکاربکێشنەوە، چونکە هیچ رۆڵیان لەبەدواداچوونی ئەو بابەتانەی لەمیدیا ئاشکرا دەکرێن نییە؟ ئەو نموونە بەوەدەهێنێتەوە کاتێ لەتورکیا بابەتێک لەرۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە داواکاری گشتی لەدروستی بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام لەزۆر رووداوی کوشتن لەهەرێمی کوردستان داواکاری گشتی بێدەنگەو ئەنجومەنی دادوەریش بێدەنگی نواندووە، یان ئەوەتا زۆر بێدەسەڵاتن یان بەشێکن لەدەسەڵاتی حزب و چاوپۆشی دەکەن. هاوکات شێخ لەتیف دەڵێ"دەبێ لایەنێک سکاڵا بکات ئەوکات ئەنجوومەنی دادوەری بۆی هەیە بێتە نێو بابەتەکەوە، ئەگەر بەو جۆرەنەبێت بێلایەنی لەدەستدەدات، چونکە دادگا داواکاری بینراوە یان خوازراوە". حاکم لەتیف، ئاماژەیدا کە داواکاری گشتی بەرامبەر بەمیدیا لەهەرێمدا ئەرکی خۆی جێبەجێنەکردووەو کابینەی شەشی حکوومەتیش دانیبەوەداناوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەلایەن حزبەکانی دەسەڵات و حکوومەتەوە رۆڵیان لاوازکراوە"لەسەردەمی بەعس دەسەڵاتی داواکاری گشتی لاوازکرا، بەڵام لەدوای راپەرین و سەردەمی ئێستای هەرێم دەسەڵاتی داواکاری گشتی لەسەردەمی بەعس زیاتر لاوازکراوە. رەفتاری هەندێ بەرپرسی باڵاش وایکردووە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی دادوەری زیاتر لاوازبکرێت". هاوکات حامد محەمەدیش هەمان بۆچوونی هەبوو لەوەی داواکاری گشتی لەرووی میدیاوە ئەرکی خۆی جێبەجێنەکردووەو هۆکارەکەشی بۆ لاوازی سیستەمی ئیداری گەڕاندەوە. هەڤاڵ ئەبوبەکر، گرفتەکە لەدەستەی داواکاری گشتی دەبینێت، کە ئایا تاچەند دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو دۆسیە گشتییانەی ناوی کەس و شوێنیان تێدانییە، بەڵام زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن؟ ئەوانیش ئێستا لەهەوڵی جدیدان بەڵام پێویستە چ دەسەڵاتی دادوەری چ پەرلەمان، حکوومەت و خەڵکیش پشتیوانییان بکەن، چونکە وەک داواکارێکی گشتی فەرمووی ئەوان داوایان لەسەر کردنەوەی قومارخانەیەک تۆمارکردووە، بەڵام لەبری ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان قومارخانەکە دابخەن، داوایان لە داواکاری گشتی کردووە دۆسییەکەی خۆی دابخات.

## میدیای تەندروست؟

لەبارەی بنەمای دروستی میدیای حزبی و سەربەخۆ کە لەکوێی یاساوە کاری رۆژنامەگەری دەکەن هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕوونیکردەوە کە بوونی مۆراڵ، ئیتیک، ئەتەکێت، پسپۆڕی، پرۆفێشناڵێتی، بەئاگابوونی تەواو لەکایە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، یاساییەکان و دەستوورو یاساو رێسا و رێنمایی، پەیرەوە کارپێکراوەکانی میدیان. ئەو دەڵێ، شوێنی میدیای حزبی لەپێکهاتەی حزبەکەیدا لە هەر شوێنێکدایە، لەناو سیستەمدا هەر پێویستە پابەندی راستگوتن و هەبوونی بەڵگەی سەلمێنراوبێت و ملکەچی یاسا بێت، چونکە یاسا لەهەمووان گەورەترە.

## زۆری میدیا و ئاکامی

٨٢٦ رۆژنامە، بڵاوکراوەو گۆڤارو ١٥ هەزار رۆژنامەنووس لەهەرێم هەیە، بۆ زانینی زۆری ئەو ژمارەیە کە ئایا لایەنی ئەرێنی هەیە یان ئەو ژمارەیە دەکرێ لەداهاتوودا سوودی لێوەربگیردرێت؟ حاکم شێخ لەتیف، زۆری ئەو ژمارەی میدیاو رۆژنامەنووسەکان بەئەرێنی دەزانێت لەوەی هەر کەسێک ئارەزووی هەبێ دەتوانێت بەشداری لەتاقیکردنەوەی تواناکانی لەرۆژنامەگەری بکات و بەشێکیان ببنە رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو، لەمەوە دوو ئەنجامی ئەرێنی دەستنیشان دەکات: (یەکەم لەداهاتوودا بەشێک لەو رۆژنامەنووسانە پێدەگەن و بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان سوودیان لێوەردەگیرێت کە کار لەو بوارەبکەن. دووهەم بۆ دەرکردنی رۆژنامە بەزمانی بیانی و زمانی دراوسێکان لەداهاتوودا سوودیان لێوەردەگیردرێت). ئەو نموونە بە لوبنان دەهێنێتەوە کە وڵاتێکی بچووکە، بەڵام زۆرترین رۆژنامەو گۆڤاری تێدایە، ئەمەش وایکردووە لەرووی پێداویستی میدیاوە لوبنان پێداویستی زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی پڕبکاتەوە. بەڵام هەڤاڵ ئەبوبەکر، دەڵێ ئەو ژمارە زۆرەی میدیاکان بەشێکی گەورە لەدەردو فەوزای رۆژنامەگەری پێکدەهێنن. هیوا نافع، دانیشتووی هەولێر تەمەن ٢٥ ساڵ، پسپۆڕی بواری کۆمپیوتەر و بەرپرسی ماڵپەری داهێن، دەڵێ کاتێ رووددەکەینە بازاڕ رۆژنامەکان و گۆڤارەکان دەکڕین، ناوەکانیان جیاوازە، بەڵام لەناوەڕۆکدا دووبارەن"زۆرێک لەمیدیای نوسراوی هەرێم وەک باران وشە دەبارێنن و وەک بیابانیش بێناوەڕۆکن".

### بەهۆی کەمکردنەوەی بودجەیان...

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسیاسەتی حکوومەتی هەرێم نیگەرانن

ئەو ڕێکخراوانەی بودجەیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەمکراوەتەوە، بڕیارەکە بە نامەنتقی وەسفدەکەن و دەڵێن ناکرێت ڕێکخراوی کاراو ناکارا وەک یەک بودجەیان هەبێت.

## ڕێکخراوەکان هانا بۆ وڵاتانی بیانی دەبەن

یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەزۆرترین وڵاتانی پێشکەوتوو لەلایەنی حکوومەتەوەیە، وەک ئەوەی لەبەریتانیاو وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن حکوومەتەوە بودجەیان پێدەدرێت. هەروەها لەئەمریکا بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەو لەبودجەی گشتی ئەو وڵاتە، بودجەیان بۆ تەرخانکراوە. لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان کونسوڵی فەرەنسا بودجەی مانگانەی بۆ ٥ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەرێم، بڕیوەتەوەو چەندین ڕێکخراوی تر لەلایەن حکوومەتی وڵاتانی بیانییەوە مانگانەیان هەیە، لەهەرێمی کوردستان بەبڕیارێکی سەرۆکی حکوومەت، بودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمکراوەتەوەو مانگانە ٢ ملیۆن و نیو دیناری عێراقیان پێدەدرێت. ئەمەش وێڕای ئەوەی بەڕای هەندێ لەچاودێرانی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو بڕیارە ئەگەری مەترسی لێدەکەوێتەوەو ڕەنگە هەندێ لەو ڕێکخراوانە لەداهاتوودا بەئاراستەی وڵاتانی دیکە لەهەرێم کاربکەن، ئەوکات مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم دەبێت. هاوکات بەبۆچوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئەو بڕیارە بۆ داخستنی ڕەوتی چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنییە لەهەرێمی کوردستاندا.

## بڕیارێکی خێراو بێهەڵسەنگاندن

لەهەرێمی کوردستان ١١٣٤ ڕێکخراو مۆڵەتی یاساییان هەیەو ٢١٤ ڕێکخراو بودجەی مانگانە لەحکوومەت وەردەگرن. بەبڕیارێکی د.بەرهەم ساڵح، سەرجەم بودجەی ئەو ڕێکخراوانە کرایە ٢ ملیۆن و نیو لەیەک مانگدا. ئەمەش وایکرد ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان لەبڕیارەکەی نیگەران بن بەوەی ڕێکخراوی کاراو ناکارا هەمان بڕی بودجەی بۆ حیساب کراوە. بەرپرسی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان سۆزان عارف، بەبڕیارێکی ناڕۆشنی وەسفدەکات لەبەرئەوەی تائێستا لایەنێک بەروونی ئەو بڕیارەی بۆ ڕێکخراوەکان ڕووننەکردووەتە "هەرجارەی گوێبیستی شتێک دەبین. دەبوایە ئەو بڕیارە بەپێی کاری ڕێکخراوەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرایە. ئەگەر بڕیارەکەی شێوازی پێدانی بودجەکە پێشتر پێوەری نەبووبێت و بەپێی پەیوەندی کەسی و حزبی بووبێت، ئەوا ئەم بڕیارەش هیچ دادپەروەرییەکی تێدانییە". بەبۆچوونی سۆزان، ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئەنجامدانی کارو چالاکییەکانیان. هاوکات بەبڕیارێکی زۆر خێرای دەزانێت "بڕیارەکە ئەوەندە خێرابوو هیچ شتێ لەبەرچاو نەگیرا کە ئایا ڕووبەری کارکردنی ئەو ڕێکخراوە چەند گرنگە. ئەو بڕیارە هیچ خزمەتێک بەدادپەوەری و ئاستی ڕێکخراوەکان ناکات".

## سەرۆکی حکوومەت نامەکەی وەڵام نەدایەوە

بەڕێوەبەری سەنتەری خاتووزین، چلورە هەردی، کەمکردنەوەو بڕینی بودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبڕیارێکی "بێبنەما" دەزانێت و دەڵێ "پاساویان بۆ بڕینی بودجەی ڕێکخراوەکان ئەوەیە گوایە ڕێکخراوی وەهمی هەیە، یان هەندێ ڕێکخراو هەیە هەموو ستافەکەی بریتییە لە٢کەس، ئەگەر وایە بۆ بودجەی ئەو ڕێکخراوانە نابڕن؟ ئایا هەموو ڕێکخراوەکان گەندەڵن و ستافەکەیان تەنیا ٢کەسە؟". چلورە، ڕێکخراوەکەی خۆی بەنموونە دەهێنێتەوە کە جگە لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان، گۆڤارو رادیۆیەکیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر کارمەندیان هەیە، بەڵام بودجەی ڕێکخراوەکەی کراوە بە یەک ملیۆن و نیو، لەبەرئەوەی ئەوان خاوەن خانووی خۆیانن و کرێ خانوو نادەن "حکوومەتێکی گەورە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەفەرمانبەرو راوێژکارو دەزگایە، بۆچی بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێکخراوانە ناکات کە ستافەکانیان تەنیا دووکەسە، یان ناوی ڕێکخراوە وەهمییەکان ئاشکرا ناکات؟ ئەگەر بیانووەکە یەکسانی و دادپەروەرییە". بەبڕوای چلورە "حکوومەت نایەوێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کارابن و مەبەست لەوبڕیارە داخستنی ڕێکخراوەکانە". گوتیشی نامەیەکی



www.netewe.com

كراوەیان بۆ سەرۆكی حكوومەت ناردووە، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە.

## ئەندامانی لیژنەكە كێ دەبن؟

بەگوێرەی قسەی راوێژكاری سەرۆكی حكوومەت فازڵ عومەر، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١، هیچ رێكخراوێك بودجەی مانگانەی لەحكوومەت نامێنێت و بەگوێرەی پرۆژە پارە بۆ رێكخراوەكان خەرجدەكرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك پێكدەهێنرێت. سەبارەت بەپێكهێنانی ئەو لیژنەیە سۆزان عارف، دەڵێ ئەو لیژنەیە كێ دەبن؟ چ دەزگایەكی حكوومی ئەوكارە دەكات؟ كێ هەڵیاندەبژێرێت؟ ئایا جارێكی دیكە قبووڵكردنی پرۆپۆزەڵەكان لەسەر چ پێوەرێك دەبێت. من پێموایە وەرگرتنی پرۆژەش بەپێی خزمایەتی و حزبایەتی دەبێت". چلورە هەردی، پێیوایە، ئەگەر ئەو لیژنەیەش وەك هەر كارێكی دیكە بچێتەچوارچێوەی حزبایەتی ئەوا ئەنجامەكەی باش نابێت. ئەگەر لیژنە بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێت دەبێ كەسانی پسپۆڕ لەكاری رێكخراوەییدا دابنرێت و شارەزای كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بن.

## نیەتەكەی باشە، بەڵام..

سەرۆكی رێكخراوی فریاكەوتنی میللی هۆگر چەتۆ دەڵێت، گوایە بڕیارە پێداچوونەوە بۆخەرجكردنی پارەی حكوومەت بكرێت و لەرێكخراوەكانەوە دەستپێكراوە. كاتی خۆی پارەی رێكخراوەكان لەسەر بنەمایەكی تەندروست دیارینەكراوە، شێوازی پێداچوونەوەكەی حكوومەت لەئێستادا نارازیبوونی لەنێوان رێكخراوەكان و حكوومەتدا دروستكردووە"نیەتی پێداچوونەوە بۆ بودجەی رێكخراوەكان باشە، بەڵام شێوازی جێبەجێكردنەكەی خراپە، ئەوان باس لەدادپەوەری دەكەن و نادادپەوەری تێدایە، چونكە هەندێ رێكخراو كاراترن و ژمارەی كارمەندانیان زۆرە، یان زیاتر لەبنكەیەكیان هەیە".

چالاكوان لەبواری مافەكانی مرۆڤ عەلی كەریم، رۆڵ و پەرەپێدانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەگرنگ دادەنێت، بەڕای ئەو پێویستە لەسەر ئاستی دەوڵەت بەشێوەیەكی ستراتیژی كۆمەڵگەی مەدەنی بكرێتە شەریك و رۆڵێكی گرنگی بدرێتێ، لەداڕشتنی پلان و سیاسەت و چاودێری، بابەتەكە لەوە گەورەترە كە تەنیا بودجەیەك بێت بۆ ریكخراوەكان، بەڵكو پێویستە لەبودجەی گشتی هەرێم، بڕێك پارە بۆ پرۆژەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی تەرخانبكرێت كە لەسەدا ٣ كەمتر نەبێت. ئەم بودجەیەش بەشی خەڵكە بۆ خەڵك، بەڵام لەرێی پرۆژە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە خەرجدەكرێت و زۆر بەوردیش لێپێچینەوە بۆ ئەم پرۆسەیەكە بكرێت كە بەبڕوای من بەئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەكانی دارایی و ناوخۆ، ناكرێت، بەڵكو دەبێت دەزگایەكی نیشتمانی باڵاو سەربەخۆ هەبێت، لەشێوەی كۆمسیۆنێكدا بۆ ئەم كارەو كۆمەككردنی پرۆژەی رێكخراوەكان لەبودجەی گشتی، هەروەها چاودێری و هەڵسەنگاندنی بۆ كارەكانیان بكات.

## "ئەوانەی بودجەیان هەبووە چالاكتر نەبوون"

فازڵ عومەر، بڕینی بودجەی رێكخراوەكان رەتدەكاتەوەو دەڵێ" یەكسان كراوە"ئەوەش مافی حكوومەتە لەبەرئەوەی هیچ یاسایەك نییە بڵێت دەبێ حكوومەت مانگانە پارە بداتە رێكخراوەكان. رایدەگەیەنێت لەرابردوودا رێكخراوەكان لەسەر بنەمایەكی دادپەروەرانە بودجەیان وەرنەگرتووە، ئێستا حكوومەت پێداچوونەوەی بۆ دەكات و بودجەی هەموو رێكخراوەكانی یەكسان كردووە، لەكۆتایی ساڵیشدا هیچ رێكخراوێك بودجەی مانگانەی لەحكوومەت ناهێڵدرێت و هاوكاری حكوومەت بەپێی پرۆژەی رێكخراوەكان دەبێت. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەك لەكەسانی شارەزا پێكدەهێنرێت و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەكان دەكەن. بەڕای فازڵ عومەر، نادادپەوەرییە لەكۆی ١١٣٤رێكخراو بودجە بە ٢١٤ رێكخراو بدرێت و ئەوانی دیكە نەیان بێت، جەخت لەوەدەكاتەوە"هیچ كاتێك ئەو رێكخراوانەی بودجەیان لەحكوومەت هەبووە، لەو رێكخراوانە چالاكترنەبوون كە بودجەیان نییە. نەمانی بودجەی مانگانەی رێكخراوەكان، سیاسەتی كابینەی شەشی حكوومەتە".

**بەهرە حەمەڕەش**



www.netewe.com

## کریستینا کارەر:

# کارکردنم لە کوردستان لەکاتێک

سیروان رەحیم- ئەڵمانیا

خاتوو کریستینا کارەر، ساڵی ١٩٦١ لەسویسرا لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٩ لە زانستگەی زویرخ-سویسرا ماستەری لەجیۆگرافیاو مێژوو وەرگرتووە. لە یەمەن، ئازربایجان، سەربیا، عێراق، کوردستان، تورکیا، هندستان، پاکستان، سریلانکا کاری رۆژنامەوانی کردووە. لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە وەک رۆژنامەوانی ئازاد لەباشووری ئافریقیا پەیامنێری تەلەفزیۆنی نەتەوەیی سویسرایە.

خاتوو کارەر لەدە ساڵی رابردوودا وەک پەیامنێری تەلەفزیۆنی سویسرا لە"کاپشادی"ی باشووری ئافریقیا کاردەکات. بە کرمانجی سەروو بەشێوەیەکی رەوان قسەدەکات.

ساڵانی نەوەد چەندینجار سەردانی کوردستانی کردووەو کاری سەرنجڕاکێشی لەکوردستان کردووە. لە کوردستان، لە گوندێکی ناوچەی بارزان فێری کوردی بووە. سەرنجڕاکێشە چۆن لە گوندێکی دوورەدەست و دابڕاو بیانییەک کوردی فێر دەبێت. وەک خۆی باسی دەکات، لە گوندی سەکۆ لەناوچەی بارزان، بەشێوەیەکی باش کوردی فێر بووە. کارەر، پاش لێکۆڵینەوەو سازکردنی دیداری زۆر کتێبی تایبەتی لەسەر ژنانی کورد بەناوی"ئەوان پیاوەکانی ئێمەیان فڕاند" نووسیوە. ئەو خانمە رۆژنامەوانێکی فرەچالاکەو لەزۆر شوێنی جودا و وەڵاتی جودا کاری رۆژنامەوانی کردووە.

دوراودوور دواندم و ئەم هەڤپەیڤینەم لەتەکدا ساز کرد.

سیروان: نزیکەی بیست ساڵە ئاشنای کورد و کێشەی کوردیت، ئەم ئاشنابوونە چۆن دەستیپێکرد؟

کریستینا: هەمیشە کوردەکان سەرنجی منیان رادەکێشا، کۆتایی هەشتاکان بۆ جاری یەکەم کوردەکانم بینی، لەرێپێوانێکدا بینییانم. بەتایبەتی کوردەکانی تورکیا. بەڵام بەردەوامیش کوردەکانی عێراقمان دەبینی کە خەڵکیان لەکارەساتی هەڵەبجە ئاگادار دەکردەوە.

ساڵی ١٩٩١ من سەرپەرشتی هەڵمەتێکم کرد بۆ کوردەکانی تورکیاو لە ئاپریلی هەمانساڵدا بۆ ئەوەی ریپۆرتاژێک بۆ رۆژنامەی "ن.ز.ز"* ئامادە بکەم چوومە تورکیا. ئەمە ئەو دەمە بوو کوردەکانی عێراق لەچیاکان پەڕینەوەو روویان لە تورکیا کرد."مەبەستی کۆڕەوە". ئەو دەمە من کوردەکانی عێراقم لەکامپێکی پەنابەراندا بینی، بۆ من مایەی سەرسوڕمان بوو چۆن ئەو دیوی چیاکانیان دەبینی، زێدەکەی خۆیان، ئەو شوێنەی ناچاربوون بەجێیبهێڵن. بۆیە لەمانگی شەشی ئەو ساڵەدا بەهاوڕێیەتی رۆژنامەوانێک کە بۆ رادیۆی سویسرا کاری دەکرد بەرەو کوردستانی عێراق چووم. ئەوەی من بینیم، هەژاندمی. بارزان وێران و کاولە، قەڵادزێ وێران و کاولە، ژنانی بێ مێرد و هتد. مانگی دەی هەمانساڵ بۆ پرۆژەیەکی هاوکاری و یارمەتی چوومەوە کوردستانی عێراق، ئەمجارەیان"بەفری بارزان"یم ناسی و هەروەها ژنانی"قوشتتەپە"م ناسی. لەوێ بڕیارمدا چارەنووسی ئەو ژنانە بشۆپێنم. هەروەها بەڵگەسازی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیان، گوندی"سەکۆ" بکەم.

سیروان: قسەکردن و پەیوەندیتان بە چ زمانێک بوو؟ ئەو کاتە بە زمانی کوردی قسەتان دەکرد؟

کریستینا: پاش ئەوکاتە زمانی کوردی فێر بووم. کەمێک بەخوێندنەوە، لەکتێبەوە، بێگومان زاراوەی کرمانجی فێربووم. بەزەخیرەیەکی کەمی زمانەوە بەرەو گوندی سەکۆ بەرێکەوتم. بەشێوەیەک لەشێوەکان و بەهاوکاری منداڵانی سەکۆ من فێری کوردی بووم. بێگومان پاشتریش و لەساڵانی دواتردا زۆرتر فێربووم. بەڵام زۆرتر لەو گوندە"سەکۆ" فێری کوردی بووم. لەبەرئەوەی لەوێ هیچ کەسێک بە زمانێکی دیکە قسەی نەدەکرد.

سیروان: ئەوکات ئامانج لەچوونە کوردستان بۆ ئێوە چیبوو؟

کریستینا: رەوشی کوردستانی عێراق بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، بەرلەهەموو شتێک ئەو راستییەی کە رەوشەکە گەیشتبوو بەشوێنێک ئیتر ناچاربوون و دەبوو پێشمەرگە جۆرێک لەحوکمڕانی و بەڕێوەبەری پێکبهێنن. ناچاربوون پێکهاتەی مەدەنی سازبکەن. زۆر جووڵەو چالاکی هەبوون. کاتێک بوو دەگمەن. سەرباری هەموو ئەمانەیش وڵاتەکە تا بڵێی جوان و خەڵکەکەی زۆر گەرم و میهرەبان. بۆ منیش کاتێکی بەبڕیار و گرنگی ژیانم بوو. کاتێک بوو زۆر کاری لە من کرد.

سیروان: لەو ساڵانەدا چەند لە کوردستان مایتەوە؟

کریستینا: ئەگەر لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٧

www.netewe.com




# ی گرنگی ژیانمدا بوو



بیژمێرم، بەسەریەکەوە دەکاتە دوو ساڵ. پاش شەڕی دووهەمی کەنداویش، واتە پاش ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن کە من لە باشووری ئەفریقیا دەژیم و جێگیر بووم، جارێکیتر بۆ مانگێک چوومەوە کوردستان.

سـیـروان: ئێوە بەهاوبەشی لەگەڵ خاتوو دۆرۆتیا کایستدا فیلمێکی دۆکومێنتارتان سەبارەت بە ژنانی کورد ساز کرد. "ژیانا مە.. چوار ژنی لە کوردستانەوە" دەتوان دەربارەی ئەو ئەزموونە چ بڵێن؟

کریستینا: ئەو فیلمە ئەوەی پێشانی من دا، کە ژنانی کورد یەکڕەنگ نین، زۆر لەیەکتر جیاوازن. بەڵام لە یەکشتدا ئەوان هەموو وەک یەکن، ئەویش، هەموو ژنانی کورد زۆر ژنی بەهێزن، زۆر بەئاگان، بەئاگایی بەشێوازێکی تایبەتی خۆیان.

سیروان: پاشان سەبارەت بە ئەزموونی خۆتان لە کوردستان و لەسەر ژنانی کورد کتێبێکتان نووسی، چۆن بوو؟

کریستینا: ئۆه، بەڵێ، ئەمە پرسیارێکە زۆر کراوە. کتێبەکە سەبارەت بە منە، بە خۆم، بێگومان هەروەها سەبارەت بە ژنانی ئەو شەڕەی نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک، هەروەها ئەزموونی خۆم وەک ڕۆژنامەوان، لەوساڵانەدا من لەوێ ساڵێک بۆ "ئاژانسی فرانس پرێس" کارم کرد. لەو کتێبەدا تێڕوانینێک هەیە بۆ کاتێکی گرنگی ژیان، قسە سەبارەت بەهیوا و ناپاکی دەکات، هەروەها بێهیوایی و وتووێژ و بۆچوونەکانی من لەگەڵ خەڵک پێشان دەدات.

سـیـروان: ئـێـوە لـەودەمـەدا کەلە کوردستان بوون، زۆر کەستان بینی، لە سەرۆکی پارتەکانەوە تا ئەندامی ئاسایی پارتەکان و تا مرۆڤی ئاسایی، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە چ بوو/ چییە سەبارەت بەو کۆمەڵگایە؟

کریستینا: بە سیما، کۆمەڵگەیەکە کراوەو میـهـرەبـان. بـەڵام بچیتە وردەکـاریـیـەوە زۆر ئـاڵـۆزە. پێکهاتەی هـەرەمـی، نەریتی خێڵەکی، خێزانە بەهێز و کاریگەرەکان، ڕۆڵی ژن، جیاوازی لەنێوان شار و گونددا، هەموو ئەمانە زۆر ئاڵۆزن و بەزۆری ڕوون و زەلال نین. سیاسییەکانی ئەو وەڵاتە خۆیان لەهەموو ئاوێک داوە، یارییەکانیان زۆر ئاڵۆز و پێچیدەیە، مرۆڤ دەیەوێت خۆی دابڕێت لەو ڕەوشە. بەردەوام ئەو ڕەوشە منی تووشی تووڕەیی و بێهیوایی دەکرد.

سیروان: وەک ئاماژەتان پێکرد، ئێوە تەنیا لە کوردستانی عێراق نا، بەڵکو لە کوردستانی تورکیاش کارتان کردووە فیلم و دیمەنتان وێنە گرتووە. ئامانج لەکارکردنی ئـەوێ چ بوو؟

کریستینا: هەمان ئامانج، حاڵیبوون لە کوردەکان و لە ترس و لە غەمەکانیان و گواستنەوەی ئەو شتگەلە بۆ ڕای گشتی، ڕەوشی کوردان، ڕەوشێکە پڕ لەبێدادی.

سیروان: ئێستە دەکرێ بڵێین، ئێوە لە مێژە کۆمەڵگەی کوردستان دەناسـن، هەروەها سەبارەت بەو کۆمەڵگەیەو ژنی ئەو جڤاتە کتێبتان نووسی، سەبارەت بەئازادی ژنان و مافی ژنان لەو کۆمەڵگایەدا چیدەڵێن؟

کریستینا: ئێستا مرۆڤ دەڵێت، کوردەکان لە عەرەبەکان ئـازادتـرن، ئەمە بەدڵنیایی ڕاستە، لە گوندەکان بەشێوەیەکی جیاواز ڕەوشەکە دەبینرێت. گەلێک ژن کچیانیان دەکوشت، لەبەرئەوەی گومانیان لێیاندەکرد کە شتێکیان لەگەڵ پیاوێکدا کردبێت یان هەبێت. من سەبارەت بەوکارە قسەم لەگەڵ ئـەو ژنـانـەدا کـردووە، جارێک لـەجاران من ئامادەی بەخاکسپاردنی یەکێک لەو کچانە بووم. ئەو ژنانە پێیانوابوو بێگومان دەبێت وابکەن و ناچارن شەرەفی خۆیان بپارێزن. بێگومان سەبارەت بەچەمکی شەرەف، دەبێ من هەوڵبدەم لێیحاڵی ببم، چەمکی شەرەف، لەوڵاتێکدا کە پیاوان (و ژنانی شارەکان) دۆستیان هەبێت و دەرفەتی ئەوەیان هەبێت شتگەلێکی شاراوە بکەن، چەمکێکی، چەمکێکە پڕ لەدرۆ.

NZZ ＊

ڕۆژنـامـەی "نـوێـیـە تزویریشەر تزایتونگ _ ڕۆژنـامـەی نوێی زویریخییەکان" کۆنترین ڕۆژنامەی بەردەوامی ئەڵمانی زمانە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١٢, ٠١, ١٧٨٠ دا دەرچووە.

لەهەشتاکاندا کاتێک لەتورکیا کودەتای سەربازی روویدا، بەهەزاران کورد دەستگیر کران و بەدەزگاکانی ئەشکەنجاندا تێپەڕێندران و زۆرێک لەوانیش کوژران. ئەوانەی کە خۆیان لەدەستی دەوڵەت رزگار کرد روویان لە چیاکان کرد و دەستیان بەتێکۆشانی چەکداری کرد. بەڵام محەمەد ئۆزۆن تەنیا چەکێکی هەبوو، ئەویش پێنووسەکەی بوو. محەمەد، بۆ ئەوەی چەکەکەی بزر نەکات و کورد بەبێ پاراستنی ئەدەبی نەهێڵێتەوە رووی لەتاراوگە کرد.

## هاوسەری محەمەد ئۆزۆن بۆ وارڤین:

# محەمەد هەرگ

تایبەت

دووری وڵات تووشی شێرپەنجەی کرد، بەڵام لە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەیدا ئەو کوردانەی کە هەرگیز نەیاندەتوانی بێنە لای یەک لەسەر تابووتەکەی کۆبوونەوە. ئەحمەد تورک، شەرەفەدین ئەلچی و زۆر کەسیتر. پاش ئەوەی ئۆزۆن لەگەڵ کچە مامەکەی زەواجی کرد، لەوێ ئیتر بیوونە دووکەس، بۆیە هەمان ئازار، کوڵ و دەرد و دووری وڵات زۆزانیشی دەگرتەوە. زۆزان کە لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ محەمەد بووە، حەسرەتەکانی دڵی هاوسەرەکەی بۆ وارڤین گێڕایەوە.

وارڤین: پاش کۆچی دوایی محەمەد ئۆزۆن چ گۆڕانێک لەژیانتدا روویدا؟

زۆزان: بۆ من زیانێکی زۆر گەورە بوو. نە تەنیا بۆ من بەڵکو بۆ هەموو کوردیش وەها بوو. مەمەد تەنیا هی من نەبوو، بەڵکو هی هەموو کورد بوو. کورد بەو مەرگە نەتەنیا رۆماننووسێک بەڵکو سیاسەتمەدارێکی لەدەستدا. چونکە کاتێک دەچووە دەرەوەی وڵات کورد، مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی بەبیانییەکان دەناساند و لەدۆزی کورد ئاگاداری دەکردنەوە. هاوکات محەمەد ئۆزۆن، خوێنەرانیشی هەتیو کرد.

وارڤین: لەپێشانگەی کتێبدا محەمەدت بەبیرهاتەوە. وا نییە؟

زۆزان: بەراستی کاتێک سەیری پیشانگەکەم کرد کێماسییەکی زۆر گەورەی پێوە دیاربوو. ئەوەش محەمەد ئۆزۆن بوو. پاش مەرگی ئۆزۆن، مرۆڤ دەبینێ کەلە تورکیا هەندێک شت گۆڕاون. محەمەد ئۆزۆن، لەنێوان کورد و تورکدا پردێک بوو. ئەو مرۆڤێکی ئاشتیخوازبوو. لەبەرئەوەش زۆر پێویستمان پێیبوو. لەکردنەوەی پیشانگەی کتێب لەئامەد زۆر خۆشحاڵ بووم. هاوکات لەگەڵ دوو هەستدا ژیام. لەوبڕوایەدام ئۆزۆن لەخەونی شەوانەشدا نەیدەبینی کە رۆژێک لەرۆژان لە ئامەد پیشانگەی کتێب بکرێتەوەو کتێبی کوردی بفرۆشرێت، پرۆگرامی کوردی بەرێوەبچێت. هەرچەندە جەستەی ئەومان لەگەڵ نەبوو، بەڵام رۆح و بەرهەمەکانیمان لەگەڵ بوو.

وارڤین: محەمەد ئۆزۆن داوای چی بۆ کورد دەکرد؟

زۆزان: ئەو بەرلەهەر شتێک دەیویست کە کورد لەناو خۆیاندا ببنە یەک. یەکگرتوویی کورد داواکاری هەرگەورەی بوو. ئەو وەسیەتی کردبوو کە ئەحمەد تورک، یاشار کەماڵ و شەرەفەدین ئەلچی بێنەسەر تابووتەکەی. ئەو بەمەبەست ئەوانەی هێنایەسەر تەرمەکەی. دەیویست کورد لەهەموو شوێنێکدا پێکەوەبن، شانبەشانی یەک پشتی یەکبگرن و هەڵوێستێکی نەتەوەیی هاوبەش نیشانبدەن.

وارڤین: کاتێک هەرێمی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی فیدراڵی وەرگرت، محەمەد ئۆزۆن، چ هەستێکی هەبوو. هیچی لەگەڵ باس کردی؟

زۆزان: بەڵێ. زۆر خۆشحاڵ بوو. دەیویست بفرێت. هەستێکی زۆر گەورەی هەبوو. چوو و ئەوێشی بینی. کاتێک گەڕایەوە دەیگوت"هەرگیز هەستێکی وەهام نەبووە. من ئازادبوونی کوردستانم بینی". کاتێک چووە سەر ئەو خاکە بەسەربەرزی گەڕایەوە.

وارڤین: کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، چۆن بوو داوای گەڕانەوەی بۆ ئامەد کرد؟

زۆزان: کاتێ ئێمە گەڕاینەوە ئامەد ٥ رۆژی تەمەنی مابوو. ئێمە هیچمان پێنەدەکرا. ئێمە نەماندەزانی کەلە ئامەد پزیشکی وەها زیرەک و گەنج هەن. بۆیە پێشتر نەماندەویست بگەڕێینەوە ئامەد. بەڵام کاتێک لەسوید پزیشک باسی ٥ رۆژی کرد، ئیتر چارمان نەبوو.

وارڤین: ئەو دەیزانی کە دەمرێت؟

زۆزان: بەڵێ. چونکە پزیشکانی سوید راستەوخۆ پێیانگوت. گوتیان"قسەی دواییت چییە، تەمەنت کۆتایی پێهاتووە". ئەوکات ئێمە بڕیارماندا بگەڕێینەوە ئامەد. گوتی:"ئەگەر بشمرم دەمەوێ لەسەر خاکی خۆم بمرم"و ئێمەش رووومان لە وڵات کردەوە. لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا بڕیارماندا و هاتینەوە ئامەد. باشبوو چونکە محەمەد، لانیکەم ١٥ مانگ تەمەنی درێژ کردەوە. هەرچەندە نەخۆشیش بوو، بەڵام هەرمانگێکی ئەمدواییانەی وەک ساڵێک ژیا. برادەران و هەڤاڵانی خۆی بینی. هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینی. لەمنداڵی حەوت ساڵانەوە تا حەفتا ساڵان دەهاتنە نەخۆشخانە بۆ لای. ئەوانەی هەموو بەچاوی خۆی بینی. خەڵک چییان لەدەستهاتبێت بۆیان کرد. ئەوەش بۆ ئەو بووە پاڵپشت و ١٥ مانگ تەمەنی درێژتر کردەوە.

وارڤین: لەکاتی نەخۆشیدا قەت باسی مەرگی خۆی دەکرد؟

زۆزان: ئێمە لەنێوان خۆماندا هەرگیز باسی ئەوەمان نەدەکرد. ئەو هەرگیز نەیدەویست باسیشی لێوە بکات. ئێمە دەمانزانی کە دەمرێت و هەوڵماندەدا کە هەست بەخەمگینیمان نەکات. کاتێک بیرم لەمردنی محەمەد دەکردەوە، دڵم دەسووتا، هەناسەم سواردەبوو، دڵم تەنگ دەبوو. بەڵام نەمدەتوانی لەماڵەوە بگریم. بۆیە کاتێک گریانم دەهات دەچوومە حەمامەکەو بۆ خۆم تێر دەگریام. کاتێک دەهاتمە دەرەوە چاوەکانم سوور دەبوون. محەمەد دەیگوت:"چیتە بۆ چاوانت سوور بوون؟". بۆ ئەوەی مۆراڵی تێکنەچێت هەمیشە لەبەر چاوی رووکەن بووم و دەمگوت کەڤاوی سابوون چووەتە ناویان. بەڵام رۆژێک لە سوید بەبرادەرانی خۆی گوتبوو:"چارەیەکەم لێبکەن، تا زووتر بمرم، بچم". ئەوکات رەوشی دەروونی زۆر خراپ بوو. نەخۆشییەکەی پێ قبووڵنەدەکرا و زۆر تووڕەبوو. قەت نەیدەویست رەنگی رەش و قاوەیی ببینێت. زۆر عادز بوو.

وارڤین: بەرلەوەی رۆمانەکانی بنووسێت چ هەستێکی

www.netewe.com

لا پەیدا دەبوو. لە چی ئیلهامی وەردەگرت؟

زۆزان: بەرلەوەی ڕۆمانێک بنووسێت، زۆربەباشی لێکۆڵینەوەی دەکرد. کاتێک باسی شوێنێکی دەکرد، دەبێ ئەو شوێنە ببینایە. دەچوو، دەگەڕا، دەیبینی و پاشان دەهاتەوەو لەڕۆمانەکەیدا باسی دەکرد. ئەو شوێنانەش کە نەیدەتوانی بۆی بچێت، دەهات لەکتێبە کۆنەکاندا لەدوایان دەگەڕاو دەیدۆزینەوە. زۆر لەچیرۆک و دەنگبێژی ئیلهامی وەردەگرت.

وارڤین: حەزی لەدەنگبێژان دەکرد؟

لە٢٠٠٥دا چووە ئایسلەند و لەوێ لەگەڵ سکرتێری مەلا موستەفا بارزانی دانیشت. پاش ئەو چاوپێکەوتنە بە تەواوەتی کاری بۆ ڕۆمانەکە کرد

وارڤین: محەمەد ئۆزۆن، لە ماڵەوە هاوسەرێکی چۆن بوو؟

زۆزان: مرۆڤێک زۆر سادەبوو. دەتتوانی هەموو شتێکی لەگەڵ باس بکەی و لەگەڵیشی بەشی بکەی. درەنگ تووڕە دەبوو. بەڵام زەواج لەگەڵ نووسەرێکی وەهاشدا ئاسان نییە. زۆر کەیفی بەکلامی"دۆتمام"

سووری ئامەد عەبدوڵڵا دەمیرباش خانوویەکی پێماندابوو. ماڵەکە لە پێش کاروانسەرایە. هەندێک پشتیگیری پێویستە. بۆ پاڵپشتیش بەڵێنمان لەهەندێک دەوروبەری بیانی وەرگرتووە. دەمانەوێ ئەو کەسانەی کە دەنووسن یانیش دەیانەوێ بنووسن، بەڵام لەبەر ڕەوشی ئابووری ناتوانن بنووسن، لەو دەزگایەدا کۆیان بکەینەوە. هەروەها لەڕێگەی دەزگاکەوە زەمالە دابینبکەین.

# ـــیز باسی مردنی نەدەکرد

زۆزان: زۆر. حەزی لە کاراپێتێ خاچو، عەڤدالێ زەینیک، محەمەد عارف جەزراوی و هەموو دەنگبێژان دەکرد. هەمیشە گوێی لێدەگرتن. هەر کلامی دەنگبێژان گیان و جۆشێکی دیکەی دەدایە محەمەد. مەستیان دەکرد. بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێت، بەسەدان پەرتووکی دەخوێندەوە. گوێی لەموزیک دەگرت. زۆر دەچووە سینەما. زۆر کەیفی بەپیاسە دەهات.

وارڤین: هەرگیز بیری لەوەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ دەکردەوە؟

زۆزان: بەداخەوە کتێبەکانی وەک پێویست وەرنەدەگێڕدرانەوە سەر زمانی سویدی. تازە دەستمان پێکردبوو و وەرماندەگێڕایەوە. بەڵام بۆ ئاکادیمیای نۆبلێ سویدی وەک پاڵێوراو دەستنیشانکرا. پرۆفیسۆرانی ئەدەبیاتی جیهان ئەویان دەستنیشانکرد.

وارڤین: محەمەد ئۆزۆن، بۆ دیالێکتی زازاکی بیری لەچی دەکردەوە؟

زۆزان: گرنگییەکی زۆر گەورەی پێدەدا. دەیویست سەرهەڵدانەکەی دێرسیم بەزازاکی بنووسێتەوە. ئەگەر نەمردبا دەینووسییەوەو دەیکردە ڕۆمان. لە زازاکی تێدەگەیشت، بەڵام هێشتا نووسینی زازاکی تەواو نەبوو. هەر دەیگوت زازاکییەکەم پێشدەخەم و ئەو بەرخۆدانە بە زازاکی دەنووسمەوە.

وارڤین: بێجگە لە زازاکی چ پرۆژەیەکی دیکەی هەبوو؟

زۆزان: پلانی بۆ ئەوە دادەڕشت کە لەسەر تێکۆشانی مەلا موستەفا بارزانی، ڕۆمانێک بنووسێت. چوارچێوەی ڕۆمانەکەی لەهزری خۆیدا تەواو کردبوو. تەنیا نووسینەوەی مابوو. بیری لەوە دەکردەوە کە بچینە هەرێمی بارزان و لەماوەی ٣ مانگی هاویندا لەوێ بمێنینەوەو ڕۆمانەکە تەواو بکەین. محەمەد

دەهات و دەیگوت:"ئەو کەلامی بۆ تۆیە". ئەو کەلامی پێشکەش دەکردم.

وارڤین: لەسەرچی زیاتر موناقەشەتان لەنێواندا چێ دەبوو؟

زۆزان: زیاتر لەبارەی کاتەوە بوو. لەبەرئەوەی کاتی خۆیی بەراستی بەکارنەدەهێنا، من عاجز و تووڕە دەبووم. چونکە بە سەعات چاوەڕێیم دەکرد، هەندێکجاران موناقەشەمان دەکرد. هەمیشە دەیخوێندەوە، دەینووسی. محەمەد وەک کرێکارێک کاری دەکرد. بەیانیان زوو هەڵدەستا. نان و چای دەخوارد و تا سەعات ٣ دەچووە ژوورەکەی و کاری دەکرد. تەنیا ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەی لەگەڵ ئێمە بەسەر دەبرد. هاوینانیش هەمیشە پێکەوە بووین.

وارڤین: بیرت لەوە کردووەتەوە کە لەمەبەدواوە لە کوردستان بژی؟

زۆزان: ڕاستییەکەی هەم دەمەوێ لە ئامەد و هەمیش لە سوید بژیم. واتە هەمیشە پێیەکەم لێرەو پێیەکەم لەوێ بێت. چونکە منداڵەکانمان لە سوید دەخوێنن. کاتێک گەورەبوون بیری لێدەکەینەوە.

وارڤین: هیچ پرۆژەیەکەت لەبەردەستە؟

زۆزان: بەڵێ. ئێستا لەسەر پرۆژەیەک کار دەکەم. ئێمە لەئامەد دەزگای محەمەد ئۆزۆن دادەمەزرێنین. کاتی خۆی لەکاتی نەخۆشییەکەی محەمەد دا شارەوانی



# ڕێکخراوەکان ژیانی ژنیان گۆڕی

سەروین تەها

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستاندا، توانیویانە ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لەمەڕ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتانی کورد و کۆتایی بەو کەلتوورە بێنن، کە ئافرەت تەنیا وەک کەرەستەیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاوان بەکاربێت و کاری ئافرەت، تەنیا لەچوارچێوەی چێشتخانەی ماڵەوە قەتیس بکرێت.

ئەگەرچی هەر یەک لەڕێکخراوەکان لەڕووی ئایدۆلۆژی و بیروبۆچونی سیاسییەوە جیاوازی زۆریان هەیەو هەر یەکێک لەوان بۆ ئامانجێکی جیاوازی سیاسی کار دەکات، بەڵام ئەوەی تەواوی ڕێکخراوەکانی لەژێر چەترێکدا کۆکردۆتەوەو هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناکرێت درێژە بەو پێشێلکردنانە بدرێت کە بەرامبەر ئافرەتی کورد لەماوەی ڕابردوودا ئەنجامدراوە لەژێر چەندین ناوی جیاوازەوە.

ئەم بیرکردنەوەو کارکردنەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، بەمشێوەیە وایکردووە، ئافرەتانی کورد لەبری ئەوەی ببنە ئامرازێک بۆ تێرکردنی غەریزەی پیاوان و هۆکارێکیش بۆ خۆشبەختییان بەهۆی ئەوەی کە وەک خزمەتکارێکی ماڵەوە سەیریان دەکراو ئەرکەکانی لەچوارچێوەی خزمەتکردنی پیاودا کورتکرابووەوە. نابێ ئەوەشمان بیربچێت، کە هەموو ئەمانە لەسەر حیسابی مافەکانی ئافرەتان بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی کاری ڕێکخراوەکانەوە باروودۆخەکە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووەو ئافرەتان لەماڵەکانیاندا لەبری ئەوەی وەک خزمەتکار سەیر بکرێن، ئێستا وەک هاوبەشی ژیان و پیاوان وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

جگە لەهەموو ئەوانەش بەهۆی کارکردنی ئەم ڕێکخراوانە توانراوە ئافرەتانی کورد بەشداری سیاسییان پێ بکرێت و توانیویانە لەئۆرگانە سیاسییەکانی حزبەکاندا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن و لەڕووی ئیداریشەوە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەفەرمانگەکانی حکومەت نیشانبدەن. لەمرووەوە گوتەیەکی ڕێزدار( نێچیرڤان بارزانی) بەنموونە دەهێنمەوە کە لەیەکێک لەدیدارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی توانای ئەو وەزیرانەی کە لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە، لەکابینەی پێنجەمی حکومەت گوتوویەتی "ئافرەتان لەراپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە پیاوان بەتواناتر بوون" .

بێگومان ئەو گوتەیەی نێچیرڤان بارزانی، شایەتییەکی گرنگە بۆ ئێمەی ئافرەتان و دەرەنجامێکی گرنگیشە بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە توانیومانە کادیری بەتوانا لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا پێبگەیەنین. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە ئەنجامدراون، هێشتا کاری زۆر ماوە بکرێت و جگە لەوەش لەبەشێکی خێزانەکانی کوردستان، هێشتا بچووکترین ماف بەئافرەتان ڕەوا نەبینراوەو دەبێ بەردەوام بین لەکارکردن تا زۆرترین ئافرەتی کورد، سوودمەند بن لەکارەکانیان و هاوکارێکی سەرەکی بن بۆ چارەسەری قەیران و ئاریشەکانی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان.

# ڕێکخراوەکانی ژنان هیچیان بۆ ژن پێنەکراوە

ڕێبین ڕەسوڵ

ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتی لەبەرئەوەی وابەستەو ژێردەستەی حزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوەو ناشتوانن، بەو میکانیزمەی کارکردنی خۆیان کە ئائێستا گرتوویانەتەبەر ڕۆڵێکی کاراو بەرچاو ببینن بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ژن لەهەرێمی کوردستان. چونکە حزب کاتێک ڕێکخراوی ژنان دادەمەزرێنێت دەیەوێ بۆ کاری سیاسی و جەماوەری خۆی بەکاری بێنێت، نەوەک لەبەرئەوەی خەمی پرسی ژنی هەیە. پرسی ژن، لەمیانەی کاری ڕێکخراوەکانی ژناندا چارەسەر ناکرێت، بەڵکو لەمیانەی چاکسازی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیدا چارەسەر دەکرێت، ئەوەش کاری ڕێکخراوەکانی ژنان نییە. بەشێک لەو ڕێکخراوانە هەر وەکو مۆدێل دروستبوون بەبێئەوەی توانیبێتیان ڕەوشی خۆیان وەک ژن باشتر بکەن، نەوەک ڕەوشی ژنانی کۆمەڵگا بەگشتی، بەڵام مادام بۆتە مۆدێل و دەبێ هەموو حزبێک ڕێکخراوی ژنانی هەبێت، ئەدی ئەوان بۆ نەیانبێت؟!.

ئەوەی لێرەدا بۆتە قوربانی ڕۆحی کارکردن و هەوڵی گۆڕینی واقیعی کۆمەلایەتییە، کە هەرگیز بەو جۆرە ڕێکخراو و ژنانە نایەتەدی. چونکە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی ئەو ڕێکخراوانە بەڕێوەدەبەن و یا هەڵیاندەسوورێنن، شارەزای واقیعی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای خۆیان نین و ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە. ساڵانە پارەیەکی خەیاڵی بەناوی ژنانەوە خەرجدەکرێت، ئەگەر ئەو پارەیە شەقام و قوتابخانەو نەخۆشخانەی پێ دروستبکرێت، ڕەوشی ژیانی خەڵک باشتر دەبێت.

ڕێکخراوەکان بەهیچ جۆرێک، کاریگەرییان نەبووە لەکەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بەژنان، بەپێچەوانەوە هەندێکجار ئەو ڕێکخراوانە بەهۆی مەرامی سیاسی و حزبی تەسک، بوونەتە بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی بزاڤی ژنان. چونکە ناتوانن لەدەرەوەی تێڕوانینی پیاوساڵارانەی حزب بوونی خۆیان بیسەلمێنن. دەبێ ئەوە بزانین چارەسەری توندوتیژی بەرانبەر بەژنان نەلەدەستی ئەو ڕێکخراوە غەریبانەدایە، نەئەوانیش دەتوانن سەرۆکی حزبەکانی خۆیان ناچار بکەن هەنگاوی ئازایانە بەو ئاراستەیەدا بهاوێژن. بەگشتی ئەو ڕێکخراوانە ئۆرگانی حزبین بۆ ڕێکخستنی ژنان لەنێو کایەی سیاسیدا، لەدەرەوەی ئەو کارە داوای هەرچییەکیان لێبکەین غەدریان لێدەکەین. تائێستا نەمزانیوە ڕێکخراوێکی ژنان پرۆژەیەکی سەرتاسەری و واقیعی ئامادە کردبێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژ بەژنان، بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوانە نەوەک هەر ڕۆڵیان نەبووە لەکەمکردنەوەی توندوتیژی خێزانیدا، بەڵکو زۆرجار بەهۆی پڕوپاگەندەی ناواقیعییەوە ڕەوشی ژنانی ئەو وڵاتەیان بەرەو خراپتریش بردووە.

یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانمان، بوونی کۆمەڵێکی زۆر ڕێکخراوە کە بەناوی ژنان قسەدەکەن، پارە وەردەگرن، لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوانە نەوەک هەر تەنیا لاواز و غەریبن، بەڵکو جێگای ڕەزامەندی سەرکردە حزبییەکانی خۆیشیان نییە. کاری ڕێکخراوەیی کاتێک دەبێتە بەشێک لەکاری حزبی مانا بەهاو دەلالەتە جوانەکەی خۆی لەدەستدەدات. بێگومان حزب دەتوانێت ئۆرگانی هەبێت، ئاساییە، بەڵام نابێت بایی ئەوەندە سنووری کاریان تەسکبکرێتەوە کە تەنیا ببنە واجیهەیەکی سیاسی و نەتوانن ڕۆڵی سەرەکی خۆیان ببینن وەکو ڕێکخراو. پێشموانییە پیاوانی حزب ڕێگر بووبن لەبەردەم گەشەکردنی توانای ژنان، بەو رادەیەی کە ژنان خۆیان ڕێگرو بەربەستن لەبەرانبەر کاری یەکتردا. تەماشاکە لەسەر ئاستی سیاسی چۆن بەرژەوەندی گشتی سەرکردەکان بەیەکەوە لەنێو کاری هاوبەشدا کۆدەکاتەوە، ئەی بۆ نابینین بەهەمانشێوە ژنەکان لەسەر کاری هاوبەش و بەرنامەداڕێژراو کۆببنەوەو کاراتر کاربکەن و سوود لەوزەو توانای یەکتر وەربگرن؟! ئەوە خاڵی جەوهەرییە کە ڕێکخراوەکانی ژن ناتوانن کاری پرۆفیشناڵانەی ڕێکخراوەیی ئەنجامبدەن. بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی لەو ناوەندانە کار دەکەن هەست بەئێش و ئازاری ژنان ناکەن و مەودایەکی زۆر دوورن لەکێشەی ڕاستەقینەی ژنان و هەر لەسەر قسەو دروشم دەژین و ئاگایان لەو کۆمەڵگایە نییە کە ڕێژەیەکی ئەگەر کەمیش بێت لەژنانی تێیدا ڕۆژانە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە.



# ئەو دەمەی خوشکێك دەبێتە شایەتی کوشتنی خوشکەکەی

خاتوو نوریگ ئاپفێلد رەنگبێ تاکەکەس بێت دەبێ بەشایەتی کوشتنی خوشکەکەی خۆی. خوشکەکەی لەسەر شەرەف کوژرا. پاش ماوەیەکی زۆر ئەو ژنە ئەڵمان-سورییایە سەبارەت بەکوشتنی خوشکەکەی بۆ رای گشتی قسەدەکات و وەک شایەتێک نهێنی تاوانەکە ئاشکرا دەکات.

تایبەت

ئەو دەڵێت:"کوشتنی خوشکەکەی بەرئەنجامی خۆنەگونجان بوو لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ و جۆری ژیانی نوێمان لە ئەڵمانیا".

نوریگ ئاپفێلد تەمەنی حەفت ساڵان بووە کاتێک ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خێزانەکەیدا لە سوریاوە دێنە ئەڵمانیا. سەفەری خۆڕزگارکردن بەرەو هەندەران، وەردەگەڕێتە سەر مۆتەکەو دەنیشێتە سەر ژیانی ئەو خێزانە. دایک و باوک نایانەوێ بەهیچ جۆرێک خۆ بدەنە دەست یاساو رێساکانی کۆمەڵگەی نوێیان. جۆری ژیانی پارێزگارانەو ئیسلامییانە دەژین و هەروەها چوارچێوەو مەرجەکانی ئەو شێوازەی ژیان بەسەر کچەکانیاندا دەسەپێنن. بەڵام کچەکان ئەو جۆرە ژیانە رەتدەکەنەوە، بە تایبەتی"وەفا". وەفا، سەر بۆ ئەو مەرجانە نەوی ناکات و لەگەڵیان دەکەوێتە ململانێیەکی سەختەوە. ئەم ململانێ سەختە دەگاتە شوێنێکی غەمگین و کارەساتێکی گەورە.

بەگوێرەی شایەتی و لێدوانی نوریگ ئاپفێلد-ی خوشکی وەفا بێت"ساڵی ١٩٩٣ لەماڵی دایک و باوکیان، خوشکە ١٧ ساڵانەکەی لەلایەن دوو ئامۆزایانەوە سەردەبڕدرێت". نوریگ ناچار دەکرێت ئەو دیمەنە ببینێت و هەروەها نهێنی ئەو تاوانە بشارێتەوە.

ساڵی ١٩٩٨ دادگا لەدژی ئەو تاوانە سازدەکرێت، چونکە نوریگ ئاپفێلد، بێدەنگی دەشکێنێ و نهێنی ئاشکرا دەکات. باوکیان هەموو تاوانەکە دەگرێتە ئەستۆ. بەرانبەر بە تاوانی کوشتنی کچەکەی دادگا هەشت ساڵ زیندانی بەسەر ئەو باوکەدا دەسەپێنێت. پێش ئەو دادگاییکردنە، یەکێک لە تاوانبارەکان، واتە یەکێک لە ئامۆزاکان، ئەڵمانیا بەجێدەهێڵێت و بەرەو دەرەوەی ئەو وەڵاتە رادەکات. ئەوی دیکەیشیان هیچ تاوانێکی لەدژ نایەتە سەلماندن.

نوریگ ئاپفێلد، ئێستا لەژێر چاودێری پۆلیسداو بەناوێکی دیکەوە لە یەکێک لەشارە گەورەکانی ئەڵمانیا دەژی.

لە دیدارێکدا لەگەڵ رادیۆی بەنێوبانگی ئەڵمانی"ف.د.ر"دا، نوریگ ئاپفێلد دەڵێت:"هۆکار زۆر بوون کە من دەمویست دەنگ هەڵبڕم و دەنگی خوشکەکەم بەهەمووان بگەیەنم، چونکە ئەو ئیتر خۆی دەنگ و ژیانی لەدەست دابوو. من ویستم دەنگێکی پێشکەش بکەم. هەروەها دەمویست پێشانی ئەوانی دیکەی بدەم کە بواری ئەوە هەیە ئەم شتانە ئاشکرا بکەین و رێگەنەدەین بشاردرێنەوە.

ئەو خانمە لەدرێژەی قسەدا سەبارەت بەو تاوانە دەڵێت:

لەناو پێکهاتەی کەلتوورێکدا کە بەسەرچووە،

www.netewe.com

بەرگی یەکەمی کتێبەکە




من گەورە بووم، لەپێکهاتەیەکی وەهادا دایک و باوک بەسەر هەموو شتێکەوە هەن. لە کەلتووری ئەو پێکهاتەیەدا ئابڕوو شتێکە دەبێت بێتە پاراستن. بۆیە مرۆڤ ئامادەیە تەنانەت ژیانی بۆ بکات بەقوربانی. بەڵام ئێمە ”خوشکەکەم و من“ پەیوەندییەکی ئەوتۆمان بەو کەلتوورەو بەتێگەیشتنی ئەو چەمکەوە بۆ ئابڕوو نەبوو.

پاراستنی شەرەف و بەسەربردنی ژیان بەوجۆرە زۆر سەختە. هەردووکمان ژیانێکی کۆمەلایەتی ئەڵمانیمان هەبوو. خوشکەکەم دەیویست وەک هەموو کچێکی دیکەی رۆژئاوایی بژی.

نوریگ ئاپفێلد، بەوردی رەوشیماڵباتی خۆی شیدەکاتەوەو دەڵێت:

خوشکەکەم خاوەنی گیانێکی یاخی بوو. بەتایبەتی لەگەنجیدا، وەک هەموو گەنجێک، دایک و باوکم لەپێکهاتە سوونەتییەکەی خۆیانەوە ئەم یاخیبوون و شێوازی ژیانەیان بەجۆرێکی دیکە دەنرخاند. ترسێکی زۆریان لەوە هەبوو کە ئەم کچەیان لەدەستدەربچێت و هەروەها هەستیان دەکرد ژیانی لیبرالی دەرەوەی ماڵیش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەریان.

کاتێک لەنرخاندنی رووداوی وەها غەمگین و کارەساتی وەها دڵتەزێندا باس لەبیانییەکانی ئەڵمانیا دەکرێت، هەموو گوناە و خەتاکە دەدرێت بەسەر کەسانی بیانیداو دەوڵەت دەیەوێت خۆی لێ بێبەری بکات. بەڵام لێرەداو لەو دیدارەی رادیۆی“ ف.د.ر“دا خاتوو نوریگ ئاپفێلد بەناسکی و بەدەنگێکی نەرم خەتاو کێماسی دەوڵەتیش دەخاتەڕوو، ئەو دەڵێت:

”بەهەرحاڵا من وای دەبینم ئەگەر لێرە، لە ئەڵمانیا، باشتر ئاگایان لەئێمەبووبا، مەبەستم ئەوانەی لەدەرەوە دێن و دەبن بەپەنابەر، هەروەها ئامادەبوونێکی گەورەتر هەبووبا، بۆ ئەوەی ئێمە بەدڵی گەورەو گەرمەوە بەخێرهاتن بکرێین، کەمێک باشتر یارمەتیدەر دەبوو بۆ ئەو رەوشەی ئێمە. دایک و باوکم لەساڵانی یەکەمی هاتنماندا زۆر ئامادە بوون کە خۆ لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا نوێیەدا بگونجێنن. کاروباری پەنابەریمان کە دەبوو زوو تەواو ببێت، کەچی نۆ ساڵی خایاند. نۆ ساڵ چاوەڕوانی پڕوکێنەرمان بەسەر برد. دیارە باوکیشم لەو سۆنگەیەوە نەیتوانی و بۆی نەرەخسا لە کۆمەڵگای نوێدا سوود لە تواناکانی خۆی وەربگرێت و خۆی بسەلمێنێت“.

# سەنتەری دالّدەدان لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی پێویستە؟

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان، لەهەولّی کردنەوەی سەنتەری دالّدەداندان بۆ حەواندنەوەی ئەو ژنانەی، چارەسەری کێشەکانیان پێویستی بەکاتە. هاوکات هەندێک لەچالاکوانانی بواری ژنان، ئەوە بەکاری بەڕێوەبەرایەتییەکان نازانن و پێیانباشە سەنتەرەکان بەهاوکاری حکوومەت و لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە سەرپەرشتی بکرێن.

لەساڵی ٢٠٠٧ەوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، لەپارێزگاکانی هەرێم دامەزراون، بەڵام ئێستا لەهەولّی کردنەوەی چەند سەنتەرێکی دالّدەدانی ژنانن کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بێت.

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەولێر نەقیب ژیلەمۆ، لەگەڵ ئەوەی ماوەی چوار ساڵ لەکارکردنیان شەلّتەریان نەبووە، بوونی شەلّتەرێک بۆ حەواندنەوەی ئەو ژنانەی چارەسەری کێشەکانیان پێویستی بەکاتە بەگرنگ دەزانێت."بەهاوکاری سەنتەری دالّدەدانی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی، توانیومانە ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە". نەقیب ژیلەمۆ، وێڕای ئەوەی کردنەوەی سەنتەری دالّدەدان بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان بەپێویست دەزانێ دەڵێ"دەبێ رووبەری سەنتەرەکان فراوان بکرێت و بەستاندەرێکی جیهانی کاریان تێدابکرێت و کەسانی شارەزا کاری تێدا بکەن".

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەدهۆک، د. سامی جەلال، رایگەیاند"لەهەفتەی داهاتووەوە بەفەرمی سەنتەرێکی دالّدەدانی سەربە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەکرێتەوە". گوتیشی پێشتر ئەو سەنتەرە هەبووە، بەڵام سەر بە ڕێکخراوێکی ناحکوومی بووەو ئێستا بەفەرمی دەخرێتەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوان"پێشتریش شەلّتەرمان هەبووە، بەڵام بەفەرمی کاری نەکردووە".

بەڕای د. سامی، پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکان خۆیان شەلّتەریان هەبێت لەوە باشترە، کە هەرکاتێک ناچار بن کەیسەکانیان بۆ شوێنی دیکە بگوازنەوە".

بەڕێوەبەری لانەی ئارام لەسلێمانی، لەیلا عەبدولا دەڵێ:"هەبوونی سەنتەری دالّدەدان پێویستە، بەڵام هەموو مەرجەکانی تێدابێ و کەسانی شارەزا کاری لێ بکەن. پێویستە ئەو ماوە زەمەنییەی، بۆ مانەوەی کەیسەکان، لەسەنتەری دالّدەدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان هەیە لابدرێت، چونکە نازانرێت ئەو کەیسە لەماوەی چەند دا چارەسەر دەبێت. زۆربەی حاڵەتەکان، هەڕەشەلێکراون زۆر دەگمەن لەماوەی حەفتاودوو کاتژمێردا کێشەکانیان چارەسەردەکرێت".

سەبارەت بەچارەسەرکردنی کەیسەکان بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەسلێمانی، سەرکەوت عومەر، دەڵێ:"بەهۆی بارودۆخی ئەمنی کەیسەکانەوە لەوانەیە نەتوانین کەیس چوار تا پێنج مانگ، لە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بهێڵینەوە، بەڵام ئەگەر کەیسێک کێشەکەی چارەسەر نەبوو، بەزۆر نایندێرینە دەرەوە".

لە سنووری رانیە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی هەیە، بەڵام پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو ژنانە دەستناکەوێ کە ڕۆژانە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو ئەمەش وایکردووە، بەڕێوەبەرایەتیی ەکە"پێچەوانەی یاسا" کار بکات. بەڕێوەبەری بنکەی بەدواداچوونی توندوتیژی لەرانیە، رائید حەسەن گوتی:"کردنەوەی پەناگەیەک پێویستە، چونکە ناوچەکەی ئێمە سنورێکی بەرفراوانە، زۆرجار بەهۆی نەبوونی شوێن بەناچاری کەیسەکان بۆشوێنی دیکە دەگوازینەوە. ئەوەش پێچەوانەی یاسایە، بۆیە کردنەوەی پەناگەیەک بۆ ژنانی خاوەن کێشە لێرە زۆر گرنگە".

بەڕێوەبەرایەتییەکان خوازیاری ئەوەن سەنتەرەکانی دالّدەدان لەژێر چاودێری ئەواندا بکرێتەوە، بەڵام چالاکوانانی بواری ژن ئەوە بەکاری حکوومەت نازانن و داوا دەکەن سەنتەر و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئەو کارە بکەن.

چالاکوانی بواری ژنان شیلان حەمەنوری، پێویستی هەبوونی سەنتەری دالّدەدان لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژ بەژنان، بەگرنگ نازانێت و دەڵێ ئەوە کاری حکوومەت نییە."با حکوومەت هاوکار و هاوپشتی هەندێ ڕێکخراوی ناحکوومی بێت نەک خۆی شەلّتەر بکاتەوە". شیلان، هەروەها گوتی، هەندێ لەو کەسانەی لەو بەڕێوبەرایەتییانە کاردەکەن رەنگە هەر بڕوایان بە پرسی ژن نەبێت"زۆربەیان بەدامەزراندن و فەرمانی گواستنەوە خراونەتە ئەو بەڕێوبەرایەتییانە، کەسێک کە بەوجۆرە خرابێتە ئەو شوێنە هەستیارە لەوانەیە نەتوانێت مامەڵەی دروست لەگەڵ کەیسەکاندا بکات".

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسودە، خانم رەحیم، دامەزراندنی سەنتەر بەکاری وەزارەتی ناوخۆ نازانێت و دەڵێ"کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کارێکی باشبوو، بەڵام پێویست ناکات ئەوان شەلّتەریان هەبێت، پێویستە ئەو شەلّتەرانە سەربەوەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی بن، نەک وەزارەتی ناوخۆ". بەرای خانم رەحیم، ئەوە تێکەلاوییەک لەکاروباری شەلّتەرەکاندا دروستدەکات، پێویستە کاری شەلّتەرەکان جیابکرێتەوە. لەهەمووی گرنگتر بۆ پرسی ژن، ئەوەیە یاسا لەسەرووی هەمووان بێت.

بەڕای رائید حەسەن، ئەو سەنتەرانەی کە پێویستە بکرێنەوە، سەنتەری هەمیشەیی نین و تاکۆتاییهاتن و چارەسەرکردنی کێشەکان دالّدەی ژنان دەدەن نەک بۆ هەمیشەیی"ئەو پەناگەیەی ئێمە مەبەستمانە، بۆ حەواندنەوەی ئەو ژنانەیە کە هەولّدەدەین کێشەکانیان چارەسەر بکەین، نەک بەیەکجاری بیانهێڵینەوە. دالّدەدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو دالّدەدانی هەمیشەیی جیاوازە".

www.netewe.com

# چیرۆکی ئەو ژنە ئەڵمانییەی خۆشەویستە کوردەکەی کوشت

لەبەشی چاکسازی ژنانی سلێمانی ژمارەی ژنانی سزا دراو لەساڵی٢٠٠٩دا، لە سەروو تەمەن ١٨ ساڵ، سی بۆ ٣٥ بەندکراو بوون و کچانی سـزادراوی خوار تەمەن ١٨ ساڵیش دوو کەسن. لە٨٠٪ی تاوانی ژنانی بەندکراو لەم زیندانەدا کوشتنە، بێجگە لەدزی، بەرتیلخۆری، ساختەکاری، لەشفرۆشی و مـادە هۆشبەرەکان، ٤ ژن حوکمی لەسێدارەدانیان لەسەرە، بەڵام جێبەجێنەکراوەو بەبڕیاری دادوەر ڕاگیراوە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی ئومێدە محەمەد عەبدولڕەحمان، لەسەر دەستگیرکردنی ئەو ژنانەی لەبەڕێوەبەرایەتییەکەیانن، دەڵێ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی کە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەولێرە، لەساڵی١٩٩٧وە دامەزراوە، تا ئەو ساڵە شوێنێک بۆ بەندکراوانی ژن نەبووە. بەڕای ئومێدە، گۆڕانکاری لەپەیکەری بیناکەو سزادان و هەموو بوارەکاندا ڕوویـداوەو پێیشیوایە خاڵبەخاڵی بەندەکانی مافی مـرۆڤ کە ئـەوان بەرپرسن لێی جێبەجێکراوەو ڕاپۆرتی شەش مانگە لەسەر بەندیخانەکەیان لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤ و وەزارەتی دادی ئەمریکییەوە بەرزکراوەتەوەو لەسەداسەدیان هێناوە، چونکە بەندەکانیان جێبەجێکردوە.

لەبەشی چاکسازی سلێمانی کۆمەڵێک ژنی دەستگیرکراو هەبوون، لەناویاندا (ب.ا) ئەو ژنە ئەڵمانییە تەمەن ٥١ ساڵە بوو، کە لەساڵی ٢٠٠٢وە لەگەڵ هاوڕێ کـوردەکـەی بـەنـاوی (د) لەئەڵمانیاوە خۆشەویستی دەیگەیەنێتە کوردستان و مـاوەی سێ تا چوار مانگ چاوەڕێی هاوسەرگیری لەخۆشەویستەکەی دەکات، بەڵام خۆشەویستە کوردەکەی کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بووە دەستی بەدەستی پێکردووە هەر ڕۆژێک بەبیانوویەک فریودەدات، تا دەگاتە ئەوەی (ب) لەخۆشەویستی بێزار دەبێت و گومان لەکارەکانی (د) دەکات. لەسەرەتاوە حوکمی لەسێدارەدان لەلایەن دادگـاوە بـەسـەر(ب)دا دەسەپێنرێت و پاشان دەگۆڕدرێت بەهەتاهەتایی.

کە پرسیاری کوشتنی هاوڕێ کوڕەکەیمان لێکرد، تووشی بارێکی دەروونی توند بوو، یەکسەر گریاو بەتوندی ڕەتیکردەوە کە ئەو کوشتبێتی، ئەم بارەش نیشاندەری کاری کوشتنی هاوڕێکەی بوو، چونکە پێیانگوتین پێشتریش کە ئەم باسەمان لەگەڵدا کـردووە هەمان کـاردانـەوەی هەبووەو بەدەرمان هاتۆتەوە سەرخۆی.

ئومێدە محەمەد، لەبارەی بەندەکانی مافی مرۆڤەوە گوتی، سزا دراو کە دێتە لایان پێیدەگوترێت سزاکەی چییەو لەسەر چی حوکمدراوەو بەشی یاسا وەریدەگرێت، ماف و ئەرکی پێدەڵێن و ژوورو کەلوپەلی پێویستی بۆ دابیندەکرێت، وەک ئەو گوتی سـاردکـەرەوەو گەرمکەرەوەیان لەمدوایەدا بۆ دابینکردون و ساڵی دووجار جلوبەرگیان بۆ دێت و ڕێکخراوەکانیش هاوکارییان دەکەن.

ئەم زیندانە شوێنی کۆبوونەوەی هەموو ژنێکی سزادراوە دوای حوکمدان و بڕیاری دادوەر، توێژەری کۆمەلایەتیش هەیە بۆ ئەوەی ماف و ئەرکەکانیان پێبناسێنن، بەندەکانی مافی مرۆڤیان بۆ چاپکردون و هەڵیانواسیوە. ژنەکان بەپێی تەمەن جیاکراونەتەوە، چونکە بیناکە وەک بەڕێوەبەرەکەی گوتی بچووکەو جێی هـەمـوویـان نابێتەوەو کـۆنـەو شوێنی چاکسازی نییە، کە بتوانرێت قۆناغەکانی چاکسازییان لەگەڵدا بەکاربێت، بەڵام هەوڵیانداوە بـەرەو چاکسازیان بەرن و خولی دروومـانـو هەویرکارییان بۆ کردوونەتەوە بۆ ئـەوەی خەریک بن و لەداهاتەکەیدا بتوانن سوودیان بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیشیان هەبێت کە زۆر لەبەندکراوەکان کەسیان نییە یان لەئەنجامی ئەو تاوانەی کردوویەتی خێزانەکەی وازی لێهێناوە بۆیە ناچارە خۆی بژێنێت.

ژمـارەی ژنی سـزادراوی سـەروو تەمەن (١٨)ساڵ لەم چاکسازییەدا لەگۆڕاندایەو کـەم و زیـاد دەکـات، بـەڵام بەگشتی ڕێژەکەیان لەنێوان ٣٠ بۆ ٣٥ بەندکراوە.

www.netewe.com




کچانی سزادراوی خوار تەمەن (١٨) ساڵیش ٢ بەندکراونو خەڵکی دەرەوەی کوردستانن، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکە لە٨٠٪ی تاوانی ژنانی بەندکراو لەم زیندانیەدا، تاوانی کوشتن بوو بێجگە لـەدزی، بەرتیلخۆری، ساختەکاری، لەشفرۆشی و مـادەی هۆشبەر، تـا ئێستا ٤ ژن حوکمی لەسێدارەدانیان لەسەرە، بەڵام جێبەجێنەکراوەو بەبڕیاری دادوەر ڕاوەستێنراوەو حوکمەکەیان بۆ هەتاهەتایی دەگۆڕێت یان ناشگۆڕێت.

(ب) کە پرچێکی ڕەش، درێـژو بەژنێکی پڕو قەڵەوی هەبوو زۆر بەمۆراڵ دەهاتەبەرچاو، بەڵام کە باسی ژیانی کۆنی خۆی بۆ کردین کاتێک لەکامپێکی کوردەکانی ئەڵمانیادا کاری کردووەو دووجار تووشی خۆشەویستی کورد بووەو پاشان منداڵەکانی بەجێهێشتووەو دەکەوێتە دووی ئەم عەشقەو خزمەتی ماڵەوەی خۆشەویستەکەشی لەکوردستان کردووە. هەستت دەکرد کە هەگبەیەکی لەخەم پێیەو دیسانەوە خۆشەویستی بۆ هاوڕێکەی دووپاتدەکردەوە.

گومانی ئەوەی لێکراوە پارەی هەبووە، یان بۆ ئەوە بووە لەڕێگەی ئەم ژنەوە هاوڕێکەی شوێن بکاتەوە، کە (ب) خەڵکی ئەڵمانیایەو خۆشەویستەکەشی شوێنی مانەوەی نەبووە. ئەو گوتی"من حەزم دەکرد ژیانێکی هاوسەرگیری لەگەڵ دروست بکەم، بەڵام هەستم دەکرد ئەو ڕۆژانە پارەم لەدەستدەردەهێنێت و جارێک بەبیانووی نەخۆشی ماڵەوەیان و جارێک بەبیانوویترەوە پێویستم بەشوێنێکی سەقامگیر بوو کە بۆی دابین نەدەکردم". کۆلێژی ئابووری و بەشی بانکی لەئەڵمانیا تەواو کردبوو، کە ئێمە چووین بۆ لای ڕۆژی لەدایکبوونی بوو، بۆیە زۆر هەستداریش بوو، دوای گێرۆدە بونی بەعیشقی (د) مێردەکەی تەڵاق دەدات و دێت بۆ کوردستان و هاوکاری زۆری کوردانی ناو کامپەکانی لەئەڵمانیا کردووە.

لـەسـەرەتـادا کوردێکیتری بـۆ مـاوەی ٥ ساڵ خۆشدەوێت و لەیەک جیادەبنەوە، ئینجا عاشقی ئەم گەنجە دەبێت کە زۆرتر گەنجەکە هەڵوەدای دەبێت و ڕایدەکێشێت. ئەو دەڵێت کە هاتینە کوردستان خۆشەویستەکەم هیچ کارێکی نەدەچووە پێش، بۆیە بیرلەوە دەکەنەوە کە هەردووکیان پاسپۆرتەکەیان بەبڕێک پـارە بفرۆشن تا بەو پارەیە ئۆتۆمبێلێکی تەکسی بکڕن بۆ کارکردن، بـەڵام ئەو پارەیەی نەدەکرد. گوتیشی"من بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو خۆشمویست، بۆیە لەگەڵی هاتم بۆ کوردستان، دوای چوار مانگ ماڵێکمان پێکەوەناو هـەر هاوسەرگیریمان پێکنەهێنا، خێزانی (د) ڕازینەدەبون بەهاوسەرگیریمان و ئەو خۆشی دەستی دەستی پێدەکردم و وەک فیلمێک گوزارشتی لەبارەی ژیانی خۆی دەکرد".

کە هاوڕێی کورەکەی دەچێتەدەرەوەو ماوەماوە نـاگـەڕێـتـەوە (ب) نـازانـێـت بـۆ کـوێ چـووەو مـاوەی چەند مانگ لای خوشکە بچووکەکەی بەجێیدەهێڵێت. (ب) دان بەوەدانانێت و دەڵێ" من نەمکوشتووە، دادوەریش لەسەری ساغکردۆتەوە کە تاوانبارە بەکوشتنی خۆشەویستە کوردەکەی، باڵیۆزی ئەڵمانیاش لەبارەی منداڵەکانیەوە ئاگاداری دەکەنەوەو سەری لێدەدەن و ئێستا بە١٨ ساڵ حوکمە کەتەنیا ساڵێک و ٧مانگی تەواوکردووە.

ستاره عارف

# دەسەڵات و مۆراڵی بەرپرسیارێتی



هودا زەنگەنە

هەر کۆمەڵگایەک تاکەکانی لەسەر بنەمای زانستی پەرەپێدانی مرۆیی پـەروەردە نەکات، ئەستەمە بتوانێ لەچاوتروکانێکدا گۆڕانی بابەتی بێنێتە ئـاراوە. زانستی پەرەپێدانی مرۆیی دەڵێت: (زانین) واتە سەرەتا بزانەو زانیاری وەرگرە. (تێگەیشتن) واتە ئەو زانیارییانەی وەرتگرتووە لێیتێبگە پێش هەر کردەو گوتارێک. (فێربوون) واتە لەو تێگەیشتنە فێربەو مومارەسەی فێربوونەکەت بکە. (پرۆژەداهێنان) دوای زانین و تێگەیشتن و فێربوون ئەرکە داهێنانی تێدا بکەیت لەوبوارەداو پەرە بەفێربوونەکەت بدەی و پرۆژەی خۆتت هەبێت.

ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئەو بنەمایە تاکەکان پـەروەردە نەکات، داهاتوویەکی روون چاوەڕێی ناکات. ئەو پەروەردە سیستماتیکییەش بەرلەهەر کەسێک مـەرجـە پێشوەختەکانی لـەکـەسـانـی دەسـتـەبـەژێـردا دەبـێ بەرجەستەببێ.

ئەوەتا یەکێک لەدادوەرەکانی هەرێمی کوردستان لەدیمانەیەکدا بەراشکاوانە دەڵێ: (راستە پێشتر ئافرەت لەناو کۆمەڵگای کوردی دەچەوسایەوەو داوای مافی خۆی نەدەکرد، شەرم و حەیای پێبوو، بـەڵام ئێستا ئافرەتەکانمان وای لێهاتووەو لێبوردەیی نەما لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری).

ئەمە بۆچوونی دادوەرێکە کە چەندین کەیسی تایبەت بەکێشەکانی ژن دەچێتە بەردەستی. ئـەم بۆچوونە مایەی هەڵوێستەکردن و تێڕامانە. چونکە کاریگەری لەسەر ئەو حاڵەتانە دروستدەکات کە دەکەونە ژێر بڕیاری ئەو دەزگایە.

کارکردن بۆ پرسی ژنان لەکۆمەڵگای کوردستاندا کارێکی سانا نییە، بەڵکو رووبەڕووبونەوەیەکی سەختە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی جۆراوجۆری مرۆیی و سیاسی و کەلتووری کەدڵڕەقانە مامەڵە دەکەن و دەبێ ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بەدڵسۆزییەوە ئامادەی هەموو جۆرە خۆبەخشییەک بـن، چونکە زۆرجـار دەبێتە هۆی لەدەستدانی چەند تایبەتمەندییەکی خودی.

www.netewe.com

ئەو کەسانەی ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردووە دەبێ لەئاستی ئەو پەیامە مرۆییەدابن. زۆر مەترسیدارە کەسانێکی نادڵسۆز و نەشارەزاو بێئەزموون لەو بوارەدا کاربکەن. چونکە دەشێت لەجیاتی (داهێنان)،ماڵوێرانی بەرهەمی کارەکانی بێت. کارکردن لەبواری ژندا وەک کاری پزیشکی وایە، ئەگەر چارەسەری هەڵەو نەگونجاو بەکەسی قوربانی بدرێت دەبێتە هۆی لەدەستدانی روحی ژیان لەناو خێزان و خودی کەسەکە. بۆیە دەبێ وردتر و ئاگایانەتر مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگادا بکرێت سەبارەت بەکێشەکانی ژن.

هەنگاونان بۆ بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگایەک پێویستی بەکات هەیەو بەئاسانی لەچەندساڵێکی کەمی بێئەزموونیدا ناتوانرێت ئەو قۆناغە ببڕدرێت، بەتایبەت چونکە کۆمەڵگای کوردستان پێشوەختە هیچ زەمینەیەکی لەباری نەبووە بۆ وەرگرتنی قۆناغێکی نوێ. هێشتا قۆناغیترمان ماوە تابنەماکانی بەمەدەنیبوون بچەسپێنین، گوتن و رووکاری دەرەوە هێمانین بۆ مەدەنیەتی کۆمەڵگا، مەدەنیەت لەعەقڵی مرۆڤەکانەوە دەستپێدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ کردار. یەکانگیرنەبوونی دروشم و کرداری تاک لەکۆمەڵگای ئێمەدا کێشەکەی قووڵتر کردووە، چونکە هەندێجار بەرووکاری دەرەوەو دروشمە بریقەدارەکان خۆمان و کۆمەڵگامان لەخشتەبردووە.

ئەگەر هەر کەسێک لەبواری کێشەکانی ئافرەتان کاربکات و نەتوانێ بەهەست و عەقڵی مرۆڤانە لەکێشەکان تێبگات، هەرگیز ناتوانێت چارەسەری هیچ کێشەیەک بکات. هەر چارەسەرێکیش دابنێ کاتی دەبێ و بۆی هەیە لەلایەکیترەوە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکیتر.

دەمەوێ بڵێم من ئەوەندەی بڕوام بەچۆنێتی بیرکردنەوەو ئاستی تێگەیشتن و هاوهەستی مرۆڤێک هەیە بۆ کێشەی ژنێک بڕوام بەجۆری ڕەگەز نییە بۆ هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاو! چونکە ئەوەی شارەزایە لەبواری چارەسەری کێشەکانی ژن و دانانی چارەسەری گونجاو و دڵسۆزی بۆ رزگارکردنی ژیانی کەسێک لەداڕوخان و هەڵوەشان و کۆتاییپێهێنان مەرج نیە ژن بێت، بەڵکو دەشێ پیاو بێت. بەڵام پیاوێک بەکردەیی بڕوای بەژن هەبێ وەک کائینێکی بەهێز. لێرەدا بیروبۆچون و قەناعەتی ئەو مرۆڤە بڕیار دەدات نەک رەگەز.

پێموایە هەر مرۆڤێک بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی بژی هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی دەدات. ئیتر ئافرەت بێ یان پیاو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاستی تێگەیشتنمانە بۆ مافەکانمان، بۆ نموونە بەشێکی کێشەکانی ژن لەوەوە سەرهەڵدەدات کە پیاوان بەزەوتکردن و پێشێلکردنی مافەکانیان پێیانوایە مافەکانی خۆیان دەپارێزن. بەشێک لەئافرەتانی ئێمەش بەچاوپۆشی لەمافەکانیان پێیانوایە ژیان بەوجۆرە هاتووەو پێشێلکاری لەبەرامبەریان مافی پیاوانە. بۆیە ئەو ئافرەتانەی ئامانجیان نییە داکۆکی لەمافەکانیان بکەن ئەوانەن کە هەر ئەوەندە تێگەیشتوون لەسیستەمی ژیان و هاوژیانی رەگەزەکان. هەندێجاریش چەند هۆکارێکی کۆمەلایەتی و لاوازی پێگەی ئافرەت لەناو خێزان و کۆمەڵگا دەبێتەهۆی چاوپۆشین لەمافەکانی کە ئەمەش ئازارێکی ویژدانی و دەروونی بۆ ئافرەتەکە دروستدەکات و زۆرجار رووداوی ناخۆشی لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە هەندێ رەفتار و بۆچوون هەیە کەلەراستیدا نەک هەر پەیوەندی بەمافەکانی ئافرەتەوە نییە، بەڵکو مافی هیچ پیاوێکیش نییە ئەو جۆرە ڕێگەیە پیادە بکات. واتە هەندێک رەفتار دەرچوونە لەرەوشتە بەهادارەکان و لادانە لەهەر پێوەر و بنەمایەکی جوانی ژیان و مرۆڤایەتی، بەڵام کەسانێک بەهۆی ناتێگەیشتنیان لەگەورەیی مرۆڤ و جوانی ژیان دەیبەستنەوە بە (ماف) و ئەمەش وادەکات ترسێک لەناو کۆمەڵگادا دروستبکات. بەتایبەت لای ئەوانەی بەقووڵی لەواتای ژیان و هاوژیانی تێنەگەیشتوون. بۆیە هەندێ کەس بە (مەبەست) بۆ دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم ئافرەت ئەو لادانە دەکاتە بیانوو، گوایە ئەگەر ئافرەتان مومارەسەی مافەکانیان بکەن ئەو رەوشتەنادروستانە پەرەدەسەنێت. ئەم بۆچوونە تەنیا بیانوویەکە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت و هیچیتر. بۆیە گرنگە ئێمە راستی ماف و بنەما مرۆڤایەتییەکان پێناسە بکەینەوەو کۆی رەوشتەکان جوانییەکانیان پێبدەینەوە.

www.netewe.com

# نیگار پاش لێدانێكی زۆر بە دەمانچەیەكی تارق كوژرا



“باوكم زۆری لەدایكم دا، دووجار كلكە ماسیحەی پێدا شكاند هەر وازی لێنەدەهێنا، دوایی چووە دەرێ. هەر ئەوەندە گوێم لە تەپەیەك بوو كە رامكردە دەرێ دایكم لەبەردەم حەمامەكە كەوتبوو. هاوارم كرد بۆ دراوسێكانمان تا فریامان كەون، بەڵام كەس نەهات تاچوومەماڵی مامم ئەوان هاتن بردیان بۆ نەخۆشخانە“. ئەمە گوتەی بەڵێن رزگاری (١٢)ساڵانە كەوەها باسی لەچركە كۆتاییەكانی ژیانی دایكی دەكرد.

رانیە

گوڵە ئەحمەد

ماڵیان لەگەڕەكی راپەڕینی رانیەیە، رووداوی گیان لەسدەستدانی نیگار ئیسماعیلی دایكی بەڵێن رۆژی ٣-١٠ تۆمار كراوەو ئەوكاتە نیگار ٤ منداڵەكەی بەجێهشیت و ماڵئاوایی لە جیهان كرد تەمەنی تەنیا ٣٤ ساڵ بوو.

بەڵێن دەڵێ“كە دایكم و بابم شەڕەكەیان كرد بابم زۆری لەدایكم دا ئەویش دەمانچەكەی هەڵگرتوو رۆیشتە حەمام“.

وەك دەڵێن نیگار، لەگەڵ هاوسەرەكەی واتە (رزگار ساڵح بابەكر)ی (٣٢) ساڵ، كە پێشمەرگەیە ژیانێكی پڕ زەحمەت و پڕ لەنەهامەتی بەسەر برد.

محمد حمید، مامی نیگار گوتی“ئەوان ماوەیەك بوو كێشەیان هەبوو كێشەكەشیان لەسەر هەژاری بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رقی هەژارییەكەی بەنیگار و منداڵەكان دەڕشت. بەردەوام لێیدەداو سووكایەتی پێدەكرد، بەڵام نیگار، هیچ كاتێك نەهاتووەتە لای ئێمە باسی ئەوەبكات كە لێداوەو ئازاری دەدات، چونكە زۆر شەرمی بەخۆ بوو، بەڵام منداڵەكانی باسیان دەكرد كە باوكیان زۆر خراپە لەگەڵیان لێیاندەدات و لەدایكیشیان دەدات. ئەگەرچی زۆر هاوكاریشمان دەكردن لەڕووی مادییەوە بگرە تا جلوبەرگی منداڵەكان و خواردنیشمان بۆ دەكڕین. پارەشمان دەدانێ بەس بۆ ئەوەی باشبێ لەگەڵ نیگار، چونكە ژنێكی زۆر فەقیر بوو“.

رزگار، هاوسەری نیگار خوشكێكی رەدوو دەكەوێت و قسەو باسی سوڵح و پێكهاتن دێتە گۆڕێ و رزگار لەبری خوشكەكەی داوای كچێك دەكات بۆ خۆی بۆ ئەوەی بیكاتە هاوسەری دووهەمی.

محەممەد حەمید، مامی نیگار گوتی“كاتی نیگار لەبری گەورە بەبچووك لە رزگار مارە كراوە. رزگار چەند رۆژێك پێش رووداوەكە خوشكێكی رەدووكەوت ئەو كچەش لەبری نیگار مارەكرابوو، وەك نەریتێك دەبوایە ماڵی نیگار لێی بەدەنگ بێن، بەڵام لەبەر ئەوەی برای نیگار ژنی هێناوە ئەوی ئازادكردبوو، كە شوو بكات، بەس تەڵاقنەدرابوو. لەلایەكی دیكەوە“ رزگار“دەیویست لەگەڵ ئەو ماڵەی كە خوشكەكەیان هەڵگرتووە سوڵح بكەن و داوای كچی لێدەكردن بۆ خۆی و بەنیازبوو ژن بەسەر نیگاردا بێنێت“.

ئەو داوایەی رزگار پێش هەموو كەس لەلایەن نیگارەوە رەتدەكرێتەوە وەك ئەوەی مامی باسیكرد“ نیگاریش رازینابێ و دەڵێ من چەندساڵە بەهەموو شتێك بەژیانی تۆ رازیبوومە، نابێ ژنم بەسەر بێنی“.

ئەو گوتیشی:“لەسەر ئەوە لێیاندەبێتە كێشە دیسان دەكەوێتەوە جەستەی زۆری لێدەدات تا ئەو كارەساتە روودەدات“.

بەڵێنی ١٢ ساڵ دەڵێ:“باوكم زۆری لەدایكم داو دووجار كلكە ماسیحەی تێدا شكاندو هەر وازی لێنەدەهێنا دوایی دایكم چووە دەرێ هەر ئەوەندە گوێم لە تەپەیەك بوو كە رامكردە دەرێ دایكم لە بەردەم حەمامەكە كەوتبوو، هاوارم كرد بۆ دراوسێكانمان تا فریامان كەون، بەڵام كەس نەهات تا چوومە ماڵی مامم ئەوان هاتن بردیان بۆ نەخۆشخانە“. رزگار دانبەوەدا نانێت كە هاوسەرەكەی كوشتبێت و دەڵێت نیگار خۆی كوشتووە.

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی رانیە لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند“تائێستا نەزانراوە كە نیگار خۆی كوشتووە یان هاوسەرەكەی كوشتویەتی، بەگوێرەی لێكۆڵینەوەكانمان دەركەوتووە، ئەو خێزانە كێشەیان هەبووە پیاوەكە ویستویەتی ژنێك بهێنێت، هاوسەرەكەشی رازینەبووە لێیان بووەتە دەمەقاڵێ و پاش ئەوەی هاوسەرەكەی زۆری لێداوە ژنەكە دەكوژرێت. شوێنەواری لێدان بەجەستەی نیگارەوە دیارە“.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی:“هەر ئەو رۆژە هاوسەرەكەی لەنەخۆشخانە دەستگیر كراوە لەكاتی هێنانی تەرمەكەی بۆ نەخۆشخانە كەسوكاری ژنەكە پەلاماری هاوسەرەكەیانداوە كە بیكوژنەوە بۆیە هەر ئەوكات رەوانەی دادگای تاوانەكان كرا و ئێستا بەمادەی ٤٠٨ لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیركراوەو لێكۆڵینەوەش بەردەوامە، بەڵام تائێستا هاوسەرەكەی دانیبەوەدا نەناوە كە ئەو كوشتبێتی و هیچ كەسێكیش لەنزیك رووداوەكە شاهێدی نەداوە تەنیا ماڵی باوكی نەبێت كە سكالایان لەسەر هاوسەرەكەی تۆمار كردووە“.

لەمیانەی لێكۆڵینەوەدا دەركەوتووە كە“ئەو چەكەی پێی كوژراوە دەمانچەی جۆری تارق بووە، هی هاوسەرەكەیەتی و لێكۆڵێنەوەش بەردوامە“.

مامی نیگار، گلەیی لە پۆلیس دەكات و دەڵێت:“گلەی زۆریشمان لە دادگاو پۆلیس هەیە. چونكە تائێستا ئێمەیان بانگ نەكردووەو گوتەیان لێوەرنەگرتووین. ئێوە یەكەم كەسن كە پرسیارمان لێدەكەن، داواكارم خۆێنی نیگار بەفیرۆنەچێ، چونكە ئەو كچەی ئێمە بێتاوانەو لەسەر هیچ كێشەیەكی ئەخلاقی نەبووە، ئەو پیاوە زۆر فشاری بۆ هێنابوو ئەگەر بۆ خۆشی لەخۆی دابێت ئەوە رزگار پاڵنەر بووە“.

www.netewe.com

## بەپاساوی شەرەف کوژرا

# سۆزان بووە قوربانی ململانێی حزبی

تایبەت

سـۆزان (٢٩) ژنی ماڵ و خاوەنی دوو منداڵ بەناوی (م. ک، م.ە) بوو، ئەو کاتێک بەپاساوی شەرەفپارێزی کوژرا دووگیان بوو.

هـاوسـەرەکـەی سـۆزان، بـەنـاوی دڵشێر عەبدولڕەحمان کە کاسبە چیرۆکی ناسێنی خۆی بەمشێوەیە بۆ وارڤین دەگێڕێتەوە: "سەرەتای ٢٠٠٥ بەڕێکەوت سۆزانم ناسی و دواتر هەڵمگرتوو لەگەڵ خۆم بردم. دوای ئەوەی چەندینجار داوای سۆزانم کرد بنەماڵەکەی رازینەبوون پێمبدەن".

بەقسەی دڵشێر، بنەماڵەی سۆزان سەر بە حزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون و هەمیشە پێیانگوتووە لەبەرئەوەی ئـەو پارتییە ژنی نادەنێ. ئەو دەڵێ "بنەماڵەی سۆزان بەمنیان دەگووت تۆ پارتی و نابێ ئەو کچە بخوازیت".

دڵشێر، باس لەوەدەکات مامی سۆزان بەناوی (س.د) رێگر بوو لەبەردەم شووکردنی سۆزان. بۆیە ئەو و سۆزان لەترسی مامەکەیدا ماوەی ساڵێک هەڵاتوون و چوونەتە سلێمانی و پاشان گەڕاونەتەوە هەولێر و لەگەڕەکی سێبەردان نیشتەجێ بوون، دڵشێر دەڵێ: "هیچ شوێنێک نەما هانای بۆ نەبەم بۆ ئـەوەی کێشەکەم چارەسەر بێت، بەڵام بەداخەوە گشتیان هەر بەڵێن بوو، ئەو گلەیی لەرێکخراوەکانی ژنان هەیەو دەڵێ چەندینجار کێشەکەی رووبەڕووی ئەوان کردۆتەوە، بەڵام بێئەنجام بووە.

### سۆزان دووگیان بوو

سۆزان رۆژی ٢-١٠-٢٠١٠، لەلایەن برایەکییەوە بەدەمانچەی جۆری کلۆک ٥ گوللە لەسەری دراوەو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەو سێ رۆژ مانەوەی لە ئیمێرجنسی گیانی لەدەستدا.

**ژنکوشتن لەهەرێمی کوردستان بەبیانووی پاراستنی شەرەف بابەتێکی نوێ نییە. سۆزان سابر محەممەد، یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی کە سەرەتای ئەم مانگە بەبیانووی پاراستنی ناموس دوای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر کێشەکەی، لەناو ماڵەکەیداو لەلایەن براکەیەوە بریندار کراو دوای سێ رۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا. تائێستا بکوژانی سۆزان دەستگیر نەکراون و ئەمەیش وایکردووە دۆسیەکەی بەهەڵواسراوی بمێنیتەوە.**

ئـەو کـاتـەی سـۆزان کـوژرا دووگـیـان بـوو، هـاوسـەرەکـەی بـەچـاوی پـڕ فرمێسکەوە دەڵـێـت: "ئـەوان بەزەییان بەمنداڵەکەی ناو سکیشی نەهاتەوە، ئەگەر رەحمیان هەبووایە سۆزانیان نەدەکوشت".

دوای رووداوەکە دڵشێر داوای لەسەر ماڵی باوکی هاوسەرەکەی و مامی سۆزان تۆمارکردووە. ئەو دەڵێت: "ئەوان بە منیان دەگوت تۆ پارتی ژنت پێنادەین".

بەرپرسی مەکتەبی کۆمەلایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەروێش ئاغا، لەبارەی ئەو کێشەیەی دڵشێرەوە گوتی "ئەو کێشەیە نەهاتووەتە لای ئێمەو کێشەکان لای ئێمە ناگاتە حالەتی کوشتن".

### سکاڵای نەکردووە

هاوسەری سۆزان، ئەوە دەخاتەڕوو تا ئەوکاتەی ژنەکەی کـووژراوە لە هیچ شوێنێک سکاڵای تۆمار نەکردووە "شوێن نەما بۆی نەچم بۆ ئەوەی کێشەکەم چارەسەر بکەم، بەڵام بێئومێد بووم. هیچ کاتێک سکاڵام نەکردووە".



ئاڤان فارس جاف

بەڕێوەبەری پۆلیسی دەشتی هەولێر، عەمید خـەیـرەدیـن، لـەبـارەی کێشەی سـۆزانـەوە گـوتـی "دۆسـیـەی کوشتنی سـۆزان هێشتا لێکۆڵینەوەی بۆ دەکـرێـت چونکە تائێستا تۆمەتبارەکان دەستگیر نـەکـراون". وێـرای برایەکەی هەریەک لەباوکی و مامێکی و سێ ئامۆزای داواکـراون و بەماددەی ٤٠٦و تۆمەتی دەستهەبوون لەکوشتنی سۆزانیان دراوەتە پاڵ و تائێستا شوێنیان نەزانراوە و بە راکردوو لەدەست یاسا هەژمار دەکرێن.

### دیسان چەک

چالاکوانی بواری ژنان، هۆزان کەریم، بەگرنگی دەزانـێـت رێگە بگیرێت لەکوشتنی ژن. ئەو کوژرانی سۆزان بە کارەسات ناودەبات. "بەتایبەتی ئەمە لەکاتێکدایە کە تائێستا تاوانبارەکان دەستگیرنەکراون".

ئەو بوونی چەک لەناو خێزانی کورد بەکارەساتێکی گەورە وەسفدەکات. "بەداخەوە حکوومەت تائێستا نەیتوانیوە رێگە لەچەکی بێمۆڵەت بگرێت" و رای وایە ئەگەر بێت بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو ژنانە بکرێت کوژراون بەشێکی زۆریان بە چەکی بێمۆڵەت بووە".



www.netewe.com

### وارڤین ئاشکرای دەکات ڕووداوەکەی گردجووتیار لەسەر چی بووە؟

# گوڵناز لەسەر پەردەی کچێنی کوژرا

تایبەت

کوڕێک بەهۆی ئەوەی خوشکی دووگیان بووە خوشکەکەی و ٣ کەسیتر لەئەندامانی ماڵەوەی دەکوژێت و دواتر هەوڵی خۆکوشتن دەدات. بەپێی گوتەکانی ئەو کوڕە، کەسێک بەناوی (محەمەد) خوشکەکەی دووگیان کردووەو (ب.م) پاش دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

ڕووداوی کوشتنی گوڵناز لەگوندی گردەجوتیارە، لـەسـەرەتـای ئـەو مانگە ڕوویــداو وارڤـیـن لە بەدواداچوونێکدا هۆکاری کوشتنەکەی ئاشکراکرد و تێیدا دەرکـەوت سەرهەنگ حەمید بەهۆی ئەوەی گوڵنازی (٢٦) خوشکی دووگیان بووە کوشتوویەتی. بەو هۆیەشەوە خوشکێکیتری بەناوی ئاواز تەمەن (١٧)ساڵ، لەگەڵ برایەکی بەناوی سەرباز (١٨)ســاڵ و جوانی دایکی، کوشتووەو برایەکی تریشی بەناوی محەممەد (١٤) ساڵ، بریندارکردووە کە ئێستا تەندروستی باشە.

## چۆنیەتی ڕووداوەکە؟

ڕووداوی کوشتنەکە لەگوندی گردەجووتیارەی (٣٥٠ خانوو) شارەدێی بەحرکەی سەر بەقەزای ناوەندی هەولێرلە ١_١٠_٢٠١٠ ڕوویـدا. بەپێی گوتەی پۆلیسی عەنکاوە کاتێ سەرهەنگ زانیویەتی خوشکی دووگیانە بەچەکی کلاشنیکۆف هێرشی کردووەتەسەری و کوشتویەتی. کاتێ دایک، براو خوشکێکیتری سەرهەنگ، ئەو دیمەنە دەبینین، دەچنە ناوبژیوانی و لەئەنجامدا سەرهەنگی تەمەن ٢٠ ساڵ، ئەوانیش دەکوژێت.

## هۆکاری کوشتنەکە چی بووە؟

سەرهەنگ تەمەنی (٢٠) ساڵەو لەدوا قۆناغی بنەڕەتی خوێندندایە. باوکی سەرهەنگ ناوی حەمیدە، دوای ئـەوەی سەرهەنگ ژمارەیەک لەخێزانەکەی کوشت، حەمید ٥ کـوڕو دوو کچیتری ماوە. وەک ئەوەی لەگوتەی ئەندامانی ئەو ماڵەدا هاتووە باری داراییان باش نییەو بەوهۆیەوە سەرهەنگ لەگەڵ ئەوەی خوێندوویەتی کرێکاریشی کـردووە. بـەڵام لایەنی ئابووری ماڵەوەیان، نەبووەتە هۆکاری ئەو ڕووداوە. وەک سەرهەنگ لەگوتەکەیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی دووگیانکردنی خوشکەکەی لەلایەن کەسێکەوە بـەنـاوی (مـحـەمـەد) بـووەتـە هـۆی ئـەوەی بیکوژێت. "خوشکەکەم دووگیانبوو، بۆیە کوشتم". لەبارەی کوشتنی خوشکێکیتری بەناوی ئاوازو جوانی دایکی، سەربازی برای و برینداربوونی محەممەدی بـرای، سەرهەنگ دەڵێ "مەبەستم کوشتنی ئەوان نەبوو، تەنیا دەمویست گوڵناز بـکـوژم، بـەڵام ئـەوان هاتنە نـاوبـژیـوانـی و منیش لەوکاتەدا چاوم هیچ شتێکی نەبینی و کلاشینکۆفەکەم لەسەر سریە بوو، بۆیە کاتی دەستڕێژم لە گوڵناز کرد، گوللەکان بەر دایک و براکانم و خوشکەکەیترم کەوتن". گوڵناز بەهۆی سەختی برینەکەی ماوەیەکی کەم ژیا، چونکە زۆربەی گوللەکان بەر سنگ و سکی کەوتبوون، دوای ئەوەی هێنرایە نەخۆشخانە نەیتوانی لەژیان بەردەوامبێت و گیانی لەدەستدا.

## سەرهەنگ هەوڵی خۆکوشتنی داوە

دوای ئەوەی پۆلیسی عەنکاوە گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، توانراوە سەرهەنگ دەستگیربکرێت، بەڵام وەک لەگوتەی پۆلیسدا هاتووە سەرهەنگ دوای ئەوەی ئەو تاوانەی ئەنجامداوە ویستویەتی خۆشی بکوژێت. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە رائید فەرمان فـازل بە (وارڤین)ی ڕاگەیاند "سەرهەنگ کاتێ دوو خوشکەکەی، براکەو دایکی کوشتووە ویستویەتی خۆشی بکوژێت، بۆ ئەو مەبەستە کلاشینکۆفەکەی لەسەر سەری خۆی ڕاگرتووەو فیشەکێکی تەقاندووە، بەڵام گوللەکە چروکی کـردووە". ئەو دەڵێ بۆ جـاری دووهـەم ویستویەتی خـۆی بکوژێت و لەسەر بانی ماڵەکەیەوە خۆی فڕێبداتە خوارەوە، بەڵام لەوکاتەدا هێزەکانی پۆلیس دەستگیریان کردو نەیانهێشت خۆی بکوژێت. دوای ئەوەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەهۆکاری کوشتنەکە کرد، لەگوتەی سەرهەنگ و گوڵنازدا هاتووە کوڕێک بەناوی (محەمەد) گوڵنازی دووگیان کردووە. لەگوتەکەدا بـاس لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان گوڵناز و (محەمەد) نەکراوە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک ئاماژەیدا ماوەی ساڵێک بووە ئەو کوڕە پـەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ گوڵناز دا هەبووەو دووگیانی کـردووە، بەڵام نەهاتووەتە داوای. پـاش بەدواداچوونێکی ورد لەلایەن پۆلیسەوە (محەمەد) دۆزرایەوەو دەستگیرکرا. (محەمەد) دانی بەوەدا ناوە کە پەیوەندی لەگەڵ گوڵناز هەبووەو دووگیانی کردووە. رائید فەرمان، ئاماژەی بـەوەش کرد کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ (محەمەد) درێژەی دەبێت و بەپێی بڕیاری دادوەر لە گرتووخانەی چاکسازی هەولێر بەندکراوە. لەبارەی بڕیاری بەندکردن و سزای سەرهەنگ دادوەری لێکۆڵینەوە بەماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عێراقی سەرهەنگی بەندکردووەو دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی کۆتایی، دادوەر سزایی کۆتایی بۆ (محەمەد) و سەرهەنگ دیاریدەکات.

www.netewe.com

# له كه‌ركووك گوێ له‌داواكاری ژنان ناگرن

له كەركوك توندوتیژی دژ بە ژنان لەزیادبووندایەو تەنیا لەماوەی یەک هەفتەی رابردوودا سێ ژن بەهۆكاری جیاواز كوژراون، نەتەوەیەكگرتوەكانیش داوا لە حكوومەتی هەرێم دەكات، لێكۆڵینەوە لەو دۆسیەیەدا بكەن و ژنە پەرلەمانتارێكی پەرلەمانی كوردستانیش ئاشكرایدەكات، بەهۆی ململانێی نێوان كەمینەو زۆرینەوە لەپەرلەماندا گوێ لە پێشنیاز و داواكارییەكانی ژن ناگیرێت.

تایبەت

چالاكوانی بواری كۆمەڵگەی مەدەنی لە كەركوك تانیا محەممەد ئەمین، دەڵێ، تائێستا لەكەركوكدا لەسەر كوشتنی ئافرەتێک بەیاننامەیەكی هاوبەشی رێكخراوەكان دەرنەچووەو"ئەو شارە بۆتە شوێنێک بۆ بازرگانیكردن بەژنانەوە وەكو خاڵێكی ترانزێت لەنێوان باكوور و باشووردا".

بەگوێرەی ئامارێكی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی كەركوک، لەماوەی یەک هەفتەی رابردوودا لەناو شاری كەركوک، سێ ئافرەت كە یەكێكیان چالاكوانە لەبواری كۆمەڵگەی مەدەنی و ماوەی ٤ ساڵە لە رێكخراوی فەرەح بۆ یارمەتیدانی نەخۆش و هەژاران كاری كردووە، كوژراون.

لەنوێترین راپۆرتی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كە قەبارەكەی ٢٣ لاپەڕەیەو لەلایەن نێردەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە عێراق و كۆمسیۆنی مافەكانی مرۆڤی سەر بەو رێكخراوە ئامادەكراوە، ئاماری‌حەوت مانگی رابردووی لەخۆگرتوو و ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، توندوتیژی دژ بە ژنان لە كەركوک لە هەڵكشاندایەو لەسلێمانیش پەناگە بۆ ژنان هەیە.

ئەو ژنە چالاكوانە، رەخنەی لەئەدای كاری رێكخراوەكانی ژنان گرت و گوتی:"تائێستا لەسەر كوشتنی ژنێک بەیاننامەیەكی هاوبەشی رێكخراوەكان دەرنەچووە، بۆ بنبڕكردنی توندوتیژی كاری پێویست نەكراوە".

سەبارەت بەهۆكاری پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە تانیا پێیوایە"نائەكتیڤبوونی رێكخراوەكان و سەنتەرەكانی ژنان، جیاوازی نەتەوەیی، ئایین و مەزهەب" هۆكارن.

لە راپۆرتەكەی نەتەوەیەكگرتوەكاندا هاتووە، چەندان ژن لە كەركوک لەسەر بنچینەی رەگەز، مەزهەب، شەرەف رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، دۆسیەی توندوتیژیەكانیش لەلایەن كاربەدەستانی دەسەڵاتەوە بەهەند وەرناگیرێن و زۆربەی ئەنجامدەرانی ئەو توندوتیژیانەش راپێچی دادگا ناكرێن.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەكانی كەركوک عەمید سەرحەد قادر، جیاوازیی ناو پێكهاتەكانی كەركوک لەڕووی ئایین و مەزهەب و نەتەوەوە بە بەشێک لەهۆكارەكانی توندوتیژی دەزانێت و رەتیدەكاتەوە بەدواداچوونیان بۆ دۆسییەكان نەكردبێت"هیچ دۆسیەیەک نییە، هاتبێتە لای پۆلیس و بەدواداچونی بۆ نەكرابێت".

لەبەشێكی دیكەی راپۆرتەكەی نەتەوەیەكگرتوەكاندا داوا لە حكوومەتی هەرێم كراوە لێكۆڵینەوە لە دۆسیەكانی توندوتیژی دژی ژنان بكات و یاسای قەدەغەكردنی خەتەنەی مێینە دەربكات، جگە لەوە دوو راسپاردەی دیكەی بۆ حكوومەتی هەرێم لەخۆگرتووە. ئەوانیش: یەكەم، دەستەبەركردنی رێوشوێنی لێكۆڵینەوە بۆ ئەو دۆسیانەی پەیوەندی بەتوندوتیژی دژی ژنانەوە هەیەو ئەنجامدەرانیان بدرێنە دادگا. دووهەم، ئەو سزایەی بەسەر ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەو قەرەبووكردنەوەی قوربانییەكانیدا دەسەپێنرێت لەگەڵ مەترسییەكانی تاوانی ئەنجامدراودا بگونجێت.

ئەندامی لیژنەی كاروباری ژنان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی كوردستان ئاشتی عەزیز، باشبوونی رەوشی ژنان نابەستێتەوە بەبوونی سەنتەرەكانی داڵدەدانەوە"ئەگەر كەركوک لەسەر هەرێمی‌كوردستانیش بوایە، رەوشی ژنان خراپتر نەبوایە، باشتر نەدەبوو لەئێستا چونكە بوونی پەناگەو سەنتەرەكان مانای ئەوە نییە بارودۆخی ژنان لەو ناوچەیە لەئاستێكی باشدایە".

ئەو پەرلەمانتارە نەبوونی یاساو سیستەم بۆ رێكخستنی كاری سەنتەرەكان بەمەترسی دەزانێت و لەبارەی سستی كارەكانیان بۆ خزمەتكردنی توێژی ژنان گوتی"بەهۆی ململانێی زۆرینەو كەمینەوە لەپەرلەمانی كوردستان زۆرجار پێشنیازەكان وەرناگیرێن و داواكارییەكانمان بۆ چاككردنی رەوشی ژنان جێبەجێناكەن".

**زانا چەمچەماڵی**



# ڤۆزنیاکی ئاهەنگی دوو سەرکەوتنی بەیەکەوە گێڕا

کچەیاریزانی دانیمارکی (کارۆلین ڤۆزنیاکی) ئاهەنگی دوو سەرکەوتنی بەیەکەوە گێڕا، یەکێکیان بردنەوەی نازناوی پاڵەوانیەتیی تێنسی پەکین و ئەوی دیکەش بوون بە خاوەن پلەی یەکەمی ریزبەندیی جیهان بوو.

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتیی نێودەوڵەتیی پەکین بۆ یاریی تێنس، کچەیاریزانی دانیمارکی کارۆڵین ڤۆزنیاکی توانی سەرکەوتن تۆمار بکات و بە ئەنجامی ٢-١ کۆمەڵە لە کچەیاریزانی رووسی ڤێرا زڤۆناریڤای بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکانیش ٦-٣، ٣-٦ و ٦-٣ بوو. بەمەش ڤۆزنیاکی (تەمەن ٢٠ساڵ) نازناوی پاڵەوانیەتیی پەکینی بردەوە.

ئەمەش دووەم نازناوی لەسەریەکە کە ئەو کچەیاریزانە لەسەریەک بەدەستی دەهێنێت، دوای ئەوەی هەفتەی پێشووتر نازناوی پاڵەوانیەتیی تۆکیۆشی بەدەستهێنا. هەروەها ئەمساڵ تا ئێستا شەش نازناوی بردۆتەوە.

دوای ئەو سەرکەوتنانە، ڤۆزنیاکی خەونێکی گەورەی هاتە دی و گەیشتە لوتکەی سەرکەوتنەکانی لەوەتەی بووەتە یاریزانێکی پیشەگەر، ئەویش گەیشتنی بوو بە پلەی یەکەمی ریزبەندی باشترین کچەیاریزانەکانی جیهان لە یاریی تێنسدا. کە لە لایەن یەکێتیی نێودەوڵەتی تێنس ئەو پلەیەی پێدرا.

**هاریان هاکوب**



www.netewe.com

# یانەی هەولێر هەڵبژاردەی ژنانی عێراقی کرد

یانەی وەرزشی هەولێر تەواوی یاریزان و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژنانی عێراق بۆ یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی دەهێنێتە ریزەکانی خۆی و بۆندیان لەگەڵدا مۆر دەکات.

هەڵبژاردەی ژنانی عێراق لە یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی، کە گشت یاریزانەکان و ڕاهێنەرەکەیان کوردن و خەڵکی شاری هەولێرن، توانیان لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەب بۆ یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی، کە هەفتەی پێشوو لە هەولێری پایتەختدا بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی پێشکەوتووان و لاوان پلەی یەکەم بە دەست بهێنین و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووانیشدا پلەی دووەمیان بەدەستهێنا.

ئەو تیپە بۆ یەکەم جاریش بوو بەشداریی پاڵەوانیەتییەکی لەو ئاستە بەرزەدا بکەن، چونکە زۆر لە مێژ نییە دامەزراوە.

بۆ سوودوەرگرتن لەو تیپە و نوێنەرایەتیکردنی یانەکە لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوودا، یانەی وەرزشیی هەولێر لە هەنگاوێکی بوێرانەدا بە فەرمی بۆندی لەگەڵ گشت یاریزانان و ڕاهێنەری ئەو تیپە مۆر کرد، بۆ ئەوەی بێنە ریزەکانی یانەکە.

جێی باسە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی شاری هەولێردا تیپێکی تایبەت بە ژنان لە یاریی بەرزکردنەوەی قورساییدا دروست بکرێت و بە فەرمی بەشداریی پاڵەوانیەتییەکان بکات.



تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی ژنانی عێراق، ڕەنگە لە داهاتوودا بەشداریی خولەکانی ئاسیاش بکات.

## پاڵەوانیەتی باڵەی ژنانی عێراق لە هەولێر ساز دەکرێت



یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق

بڕیارە پاڵەوانیەتیی تۆپی باڵەی یانەکانی عێراق بۆ تیپەکانی ژنان لە شاری هەولێر لە کۆتایی ئەم مانگەدا بەڕێوە بچێت.

سەرچاوەیەک لە یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق ئاشکرای کرد، کە یەکێتییەکەیان بڕیاری داوە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عێراق بۆ تۆپی باڵەی ژنان لە ٢٧ی ئەم مانگە تا ٢٢ی نۆڤێمبەری داهاتوو لە شاری هەولێردا بەڕێوە بچێت.

سەرچاوەکە ڕایگەیاندووە، کە یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق، شاری هەولێری بۆ بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتیی یانەکانی عێراق بۆ ژنان دەستنیشان کردووە، کە لە ٢٧ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و تا ٢٢ـی نۆڤێمبەری داهاتوو بەردەوام دەبێت.

بە گوێرەی زانیارییەکان، بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکەدا، بۆ هەموو یانەکانی عێراق کراوەیە و تا ئێستاش ١٨ یانەی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکەدا پێشان داوە، کە زۆربەیان سەر بە شاری بەغدا و شارەکانی هەرێمی کوردستانن.



www.netewe.com

# هەولێر خانەخوێی پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی ژنانی کوردستانە




هەولێر بڕیارە هەفتەی داهاتوو پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ژنانی یانەکانی کوردستان لە شاری هەولێردا بەڕێوەدەچێت.

لەو بارەیەوە سکرتێری یەکێتی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان "سەرکەوت موحسین" ڕایگەیاند کە ١٨ــی ئەم مانگە (ئۆکتۆبەر) سێیەمین پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ژنانی یانەکانی کوردستان لە هەولێر دەستپێدەکات و شەش ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

گوتیشی: ٦ یانە بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە دەکەن، کە ڕکابەرییەکان بە شێوەی گرووپ دەبێت، ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتییەکەش، کۆبوونەوەی هونەری بۆ تیپەکان ئەنجام دەدرێت.

سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان هەروەها باسی ئەوەی کرد کە یانەی پاڵەوانی ئەم وەرزە و یانەکانی خاوەن پلەکانی دووەم و سێیەمیش، پاداشتی دارایی دەکرێن.

جێی باسە بڕیارە یانەکانی (ئافرەتانی هەولێر، ئافرەتانی کەرکووک، ئەفرۆدێت، کۆیە، قەڵای تورکمان و سیروانی نوێ) بەشداریی پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ژنانی یانەکانی کوردستان بکەن.

جێی ئاماژەشە یانەی ئافرەتانی کەرکووک پاڵەوانی دوو وەرزی پێشووی پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ژنانی یانەکانی کوردستانە و ئەمساڵیش پاڵێوراوە بۆ بردنەوەی نازناوەکە، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لە یاریزانی ئاستبەرز و خاوەن ئەزموونی لە ڕیزەکانی ئەو یانەیەدا یاریی دەکەن.

## زۆربەی یاریزانەکان کوردن...

# هەڵبژاردەی تۆپی پێی ژنانی عێراق لە هەولێر خۆیان ئامادە دەکەن




بە مەبەستی خۆئامادە کردن بۆ پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو، هەڵبژاردەی تۆپی پێی ژنانی عێراق لە هەولێر مەشق دەکەن.

هەڵبژاردەی ژنانی عێراق بۆ تۆپی پێ، چەند ڕۆژێکە کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانیان لە شاری هەولێر دەستپێکردووە، بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکی تۆپی پێ، کە بڕیارە لە وڵاتی بەحرێن بەڕێوە بچێت.

هەڵبژاردەکە لە ١٨ کچە یاریزان پێک هاتووە، کە ١٥ یاریزانانیان لە هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشان کراون و کوردن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یاریزانەکانی هەرێمی کوردستان ئاستێکی بەرزیان هەیە لە یاریی تۆپی پێدا.

ئەو تیپە بە گوتەی ڕاهێنەرەکەی، یاریزانەکانی لە قۆناغی یەکەمی مەشقەکانیاندا، چۆنیەتیی شێوازی یاریکردن و وەستان لە نێو یاریگە فێر دەبن، چونکە ئەو پاڵەوانیەتییەی کە بەشداریی تێدا بکەن، فوتساڵ (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) نییە، بەڵکو لە یاریگەی گەورەدا یارییەکان بەڕێوەدەچن (١١ یاریزانی)، بۆیە یاریزانەکان پێویستیان بەوە هەیە کە ئاستی توانای جەستەیان بەرز بکرێتەوە و تازەترین بنەماکانی تۆپی پێ فێر ببن.

هەڵبژاردەی باڵەی ژنانی کوردستان دادەمەزرێت...

# ژنانی ئەکاد یەکەمی کوردستانن

خولی نایابی باڵەی ژنانی یانەکانی کوردستان، لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هەفتەی ڕابردوو بە کۆتا هات و تێیدا یانەی ئەکاد دوای بردنەوەی لە یانەی سەنحاریب، بۆ حەوتەم ساڵ لە دوای یەک بووە پاڵەوانی خولەکە.

یاریی کۆتایی بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی و سەرۆک و ئەندامانی یەکێتی ناوەندیی باڵەی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تێیدا ژنانی یانەی ئەکاد توانیان بە ٣-٠ گێم لە ژنانی یانەی سەنحاریب ببەنەوە، ئەنجامی گێمەکان (٢٥-١٢، ٢٥-١٤ و ٢٥-٢١) بوو.

هەروەها لە یاریی دەستنیشانکردنی پلەکانی سێیەم و چوارەمی خولەکەدا، ژنانی یانەی برایەتی پلەی سێیەمیان مسۆگەر کرد، دوای ئەوەی بە ئەنجامی ٣-٠ گێم لە ژنانی یانەی گارەیان بردەوە.

دواتر لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووی یارییەکەوە خەڵاتی تیپەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم و ناوبژیوانان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن کرا.

لە بارەی خولەکەوە سەرۆکی یەکێتی ناوەندیی باڵەی کوردستان حەسەن عەلی بە ئاژانسی (ئاکانیوز)ی ڕاگەیاندووە، کە بەهێزیی یانە بەشدارەکانی خولەکە، وای کرد ئاستی خولی ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، زۆر بەهێزتر بێت.

هەروەها گوتویەتی: لە هیچ ڕوویێکەوە کێشەمان نەبوو، بۆیە زۆر سوپاسی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکەین کە هۆڵەکەیان بۆ دابین کردین، سوپاسی ناوبژیوانان و سەرپەرشتیاران و لقی سلێمانیی یەکێتی باڵەی کوردستان دەکەین کە زۆر ماندووبوون بۆ بەڕێوەچوونی خولەکە.

ئاماژەی بەوەش داوە: "لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتییەکەماندا لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئۆڵمپیی هەرێمی کوردستان بڕیارمان دا هەڵبژاردەیەکی باڵەی ژنان دروست بکەین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانییەتییەکانی دەرەوەی عێراق".

لای خۆیەوە مونیر ئیسحاق ڕاهێنەری کچانی ئەکاد لە بارەی سەرکەوتنی تیپەکەیەوە گوتی: "هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەین کە حەوت ساڵە لە دوای یەک دەبینە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان".

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە: "تا ڕادەیەک ئاستی پاڵەوانییەکە نزم بوو، لەبەر ئەوەی لە لایەن یەکێتی باڵەی کوردستانەوە یانەکان زوو ئاگادار نەکرانەوە و یانەکان بە باشی خۆیان بۆ پاڵەوانییەکە ئامادە نەکردبوو، دوای ئەم پاڵەوانییەتییەش خۆمان بۆ پاڵەوانییەتیی باڵەی کچانی یانەکانی عێراق ئاما دەکەین".

لە لایەکی دیکەوە لە بارەی یاریی کۆتایی خولی باڵەی ژنانی یانەکانی کوردستانەوە، ڕاهێنەری کچانی یانەی سەنحاریب ڕایگەیاند: "ئاستی تیپەکەمان تا یاریی کۆتایی زۆرباش بوو، بەڵام کێشەی یاریزانە ژنەکان ئەوەیە چەندین یاری ئەنجام دەدەن، لەوانە باسکە، باڵە، تۆپی دەست، ئەمەش زۆر هیلاکیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خولی ئەمساڵ زۆر سەرکەوتوو بوو".

هەروەها زانا حەمە ڕەئووف ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق، کە یاریی کۆتایی خولەکەی بەڕێوە بردووە، دەڵێت: "خۆئامادەکردنی تیپەکان وای کردبوو خولەکە زۆر سەرکەوتوو بێت، بەڵام بە داخەوە لە شاری سلێمانیدا تەنیا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی تێیدا بەشدار بوو".



**خولی نایابی باڵەی ژنانی یانەکانی کوردستان**

خولی ئەمساڵی باڵەی ژنانی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی ٨ یانە و بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی باڵەی کوردستان بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هاتە سازکردن.

جێی باسیشە یانە بەشدارەکانی خولەکە بریتیی بوون لە یانەکانی ( ئەکاد، سەنحاریب، پێشمەرگەی سلێمانی، برایەتی، گارە، تەق تەق، ڕانیە و کۆیە).

## به جلی ڕەشەوە بەرگی ئاڵو واڵا دەفرۆشن

# ژنانی بەساڵاچوو داوای هاوکـ

بەریز لەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون و هەریەکەیان کۆمەڵێک کوتاڵ و پارچەی چنراوی جۆراوجۆری جلی ژنانەی لەبەردەم خۆی داناوەو چاوەڕێی دەستی ئەو موشتەرییانە دەکات کە پارچە ڕەنگاوڕەنگەکان ئەمدیو و ئەودیو دەکەن. خۆشیان جگە لە ڕەنگی ڕەش ئارەزووی پۆشینی هیچی دیکەیان نەماوەو هەندێکیشیان بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە پەچەیان پۆشیوە. ئەوان هەموویان لەرێڕەوی تەسکی ئاخێنراو لە خەڵک و فرۆشیارانی هەموو بابەتێکی ژنانە دانیشتوون. هەندێک لەو ژنانە گیرۆدەی ستەمی دوو ژنەن، بەڵام نایانەوێ چاو لەدەستی کەس بکەن و لەوێدا بژێوی ڕۆژانەیان پەیدا دەکەن.

هەولێر

ئەو ژنانە سواڵکەرنین و نایەنەوێت کەسیش وایان پێبڵێت، ئەوانە وێڕای بەساڵاچوونیان، بەکارکردنیان دەیانەوێ پارێزرگاری لەهەست و کەرامەتیان بکەن.

حاجی زارێ شەعبان، یەکێک بوو لەو ژنە بەساڵاچووانەی کە تەمەنی خۆی نەدەزانی، بەڵام دەیگوت: "چاوەڕێی مردنێ دەکەم، ڕەنگە ٨٠ساڵ بم". ئەو ماڵی لە گەڕەکی پێنجی حەسارۆکانی هەولێرەو ڕۆژانە ناچارە لەو بازاڕە میللییەی هەولێر کە دەکەوێتە کۆتایی گەڕەکی تەیراوە کار بکات.

بازاڕەکە پێیدەگوترێت "بازاری پیرەژنان" و هەر لەکۆنەوە ژنانی هەولێر ئەوانەی کوڕ و کچیان لێ جیابووەتەوەو هاوسەریان لەژیاندا نەماوە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی لەوێ کاریان کردووە.

زارێ گوتی "کورێکم هەیە ئەویش ناتوانێ ژیانی خۆی بەڕێوەببات، چۆن من بەخێوبکات؟ ئەو خێزانی هەیەو باری ژیانی قورسە، هاوسەرەکەشم ژنێکی دیکەی هێناوەو لای من نییە".

زارێ، نزیکەی بیست ساڵە لەو بازاڕە جەنجاڵەدا سەوداو مامەڵە لەگەڵ ژیان و پارووی ڕۆژانەی دەکات و ئێستاش لەو تەمەنەدا داواکاری هەیە و دەڵێ "داواکارم حکوومەت ئاوڕێک لەئێمە بداتەوەو مووچەیەکی مانگانەمان بۆ دابینبکات".

زارێ شەعبان، ڕێگەی دوورەو وەک خۆی دەڵێ ناتوانێت هەموو ڕۆژێک هاتووچۆ بکات "لەبەر دووری شوێنەکەم شەو هەیە دەمێنمەوە جا هەر شەوەو لەجێگایەک، چونکە نەخۆشم و سییەکانم تەواو نین، کاسبیشمان باش نییە ڕۆژانە هەر یەک دوو پارچە دەفرۆشم".

مریەم نوری، (٨١) ساڵ یەکێکی دیکە بوو لەو ژنانەی بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەی ژنی دووهەمی هێناوە، قورسایی ژیان کەوتووەتە ئەستۆی و ناچار بەفرۆشتنی پارچە کوتاڵی کۆن ژیانی خۆی و پێنج منداڵەکەی دابین دەکات".

"نزیکەی ٤مانگە لێرەم، پیاوەکەم ژنێکی دیکەی هێناوەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەماوە، خاوەنی ٥منداڵم و باری داراییم زۆر خراپە. ژیانم سەختەو خانووشم کرێیە" ئەو گوتی.

ئەو داواکارە حکوومەت شوێنێک بۆ کارکردنیان دابینبکات و گوتیشی: "بەڕێوەبردنی خێزانم لەئەستۆدایەو بەمکارەی دەیکەم ناتوانم بژێوی ژیان دابینبکەم و داواکارم لەحکوومەت یارمەتیمان بدات چونکە هەژاری ئەوانین و لەئەستۆی ئەواندایین".

مریەم نوری بە هۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە منداڵەکانی بنێرێتەبەر خوێندن "هەر لەبەر نەبوونی و هەژاری نەمتوانیوە منداڵەکانم بنێرم بۆ خوێندن".

خەدیجە سابیر(٥٠)، نزیکەی بیست ساڵە لەبازاڕی پیرەژنان پارچەی جلوبەرگی ژنانە بەتایبەتی جلوبەرگی کوردی دەفرۆشێت و وەک خۆی گوتی هاوسەرەکەی خانەنشینەو بەمووچەی خانەنشینی ناتوانێت ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بگوزەرێنن "خێزانم زۆرەو ناچارم کار بکەم". خەدیجە، پێشتر ڕۆژانە فرۆشی باشتر بووە چونکە لەشوێنێکی باشتر ئەو کارەی کردووە "بەڵام بە شۆفەڵ شوێنەکەیان لێتێکداین لەوکاتەوەی کە هاتووم بۆ ئێرە ئیشم زۆر خراپەو هیچم بۆ نافرۆشرێ". ئەو داواشی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابینبکات.

سەبارەت بەئاوڕدانەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەکێشەی نەبوونی ئەو ژنانەو ڕێزگرتن لەتەمەن و ماندووبوونیان، بەڕێوەبەری چاودێری گشتی کۆمەلایەتی د.عارف حیتۆ گوتی "ئامادەین یارمەتی ئەو ئافرەتانە بدەین، ئەگەر بێن بۆ لامان و داوای یارمەتی بکەن، بەڵام لەوانەیە زۆربەیان بەئارەزووی خۆیان کاربکەن و حەزێکی خۆیان بێت، هەر کەسێک هاتبێت بۆلای ئێمە یارمەتیمانداوە کەس بەدەستی بەتاڵ نانێرینەوە".

# ـــاری لە حکوومەت دەکەن

گوتیشی: "ئێمە ناتوانین یەکبەیەک لەدوایان بگەڕێین، چونکە ناکرێ بەزۆر بەکەس بڵێین یارمەتیتدەدەین. تائێستاش وەزارەتـی کار یارمەتی هەژارانی داوە ئەگەرچی بەرێژەیەکی کەمیش بێ و مووچەی مانگانەی بۆ دابینکردوون، ئەوەی لەتوانای ئێمەبێ کردوومانە، دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو هەژارێک".

توێژەری کۆمەلایەتی رەمزیە عەبدولوەهاب، باسی لەزەحمەتی ژیانی ئەو ژنە بەساڵاچووانە کرد و گوتی: "هەریەک لەوان بەخێوکردنی خێزانی و بژێوی ژیانی لەسەر ئەو کارە وەستاوە. ئەگەر نەتوانێت کار بکات لەوانەیە کەس نەبێ بەخێویان بکات، هەیانە کرێچییەو بۆ دابینکردنی ئەو برە پارەیە کار دەکات و بژێوی ژیانی پەیدادەکات". هەروەها گوتی "حکوومەت دەتوانێ لەچەند رێگاوە یارمەتییانبدات: وەک دابینکردنی مووچەیەکی مانگانە هەرچەندە ئێستا برە پارەیەکی دابینکردووە راستە زۆر نییە، بەڵام لەوانەیە بۆشاییەک پڕبکاتەوە یان لەرێگای دابینکردنی بیمەی کۆمەلایەتی بۆیان، پێویستە وەزارەتـی کاروباری کۆمەلایەتی پێداچوونەوە بە بریارەکانی خۆیدا بکات و برە پارەکە زیاتر بکات".

**بەهرە سدیق**



ئافرەتێک لە کاتی کارکردنی لە "بازاری پیرەژنان"ی شاری هەولێر

فۆتۆ: رەفیق شوکری

# پیاوانی هەرێم روو لە دووژنی دەکەن

**ساڵێک بەسەردەرکردنی قەدەغەکردنی یاسای فرەژنیدا تێنەپەڕیوە، کەچی هێشتا بەدەیان پیاو ژنی دووهەمیان هێناوەتەوە.**
**ئامارەکان دەریدەخەن کە پێدەچێت یاساکە توانای ڕێگری لەهێنانەوەی ژنی دووهەمی نەبێت، ئەمەش ریسی ڕێکخراو و چالاکوانی بواری ژنان دەکاتەوە بەخوری.**

دوای ململانێیەکی زۆری ڕێکخراو و ئەندامانی پەرلەمان لەکوتلە جیاواز و ململانێی نێوان ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، ساڵی رابردوو پەرلەمانی کوردستان یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی پەسەند کرد.

هەر لەدوای پەسەندکردنی یاساکەوەو لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا زیاتر لە١٤٠ پیاو لەهەرێمی کوردستاندا ژنی دووهەم یان سێهەمیان هێنا.

بەپێی ئامارێکی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، لەماوەی هەشت مانگی رابردووی ئەمساڵدا لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، ٢٢٨٤٥ پەیوەستنامەی هاوسەرگیری تۆمارکراوە، لەهەمانکاتیشدا ٢٩٤٦ ژن و مێردیش لەیەکتر جیابوونەتەوە.

ئامارەکە ئەوە دەردەخات کە هێشتا دیاردەی فرەژنی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەمەش سەرەڕای ئەو گرێبەستانەی کە تەنیا لەلایەن مامۆستایانی ئاینییەوە ئەنجامدراون و نەبراونەتە دادگاکان.

هەفتەی رابردوو مەحمود فەقێی تەمەن ٥٥ ساڵ، بۆ جاری دووهەم چوویەوە ناو کەژاوەی هاوسەرگیرییەکی نوێیەوە.

مەحمود هاوسەرگیری یەکەمی لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا ئەنجامداوەو تائێستاش لەگەڵ هاوسەری یەکەمی پێکەوە دەژین و ٦ منداڵیشیان هەیە.

بەڵام لەپڕێکدا بڕیاریدا کە ژنی دووهەم بهێنێتەوە، بێئەوەی ژنی یەکەمی هیچ ڕێگرییەکی لێبکات.

مەحمود، توانی هەم لەدادگا هەم لەلای مامۆستایەکی ئایینی بەفەرمی مارەی بکات و هیچ ڕێگرییەکیشی بۆ دروستنەبوو، گوتی: "سوپاس بۆخوا کارەکە بێکێشە کۆتایی هات".

مەحمود، دەڵێ کە ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هاوسەری یەکەمیدا نییە، لەڕووی تەندروستیشەوە باشە "بەڵام حەزم لە ژنی دووهەم کرد و ژنەکەشم رازیبوو".

چەندین ساڵە ڕێکخراوەکانی ژنان لەهەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی، چونکە لەوبڕوایەدان "دیاردەی فرەژنی ژنان تووشی چەوسانەوە دەکات.

بەپێی ئەو یاسایەی کە پەرلەمانی کورستان دوای ململانێیەکی توندی نێوان ئەندامەکانی و ڕێکخراوەکانی ژنان دەریکرد، پیاوان بۆیان نییە ژنی دووهەم یان سێهەم بهێننەوە، تەنیا لەکاتێکدانەبێت کە هاوسەری پیاوەکە نەخۆشبێت یان توانای منداڵبوونی نەبێت.

هەروەها یاساکە مەرجی ئەوەی بۆ ئەوکەسانەش داناوە کە دەبێ ژنی یەکەم لەسەر هاوسەرگیرییەکە ڕەزامەند بێت.

بەڵام دەیان گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوە بێئەوەی پیاوان مەرجە دیاریکراوەکانیان تێدا بێت.

سەبرییە فەتاح٤٣ ساڵ، دوای مردنی هاوسەرەکەی ماوەی ١٠ ساڵە بەتەنیا دەژی، بەڵام دوای دەستپێشخەرییەکەی عەلی سابیری ٥٣ ساڵ بۆ پێکهێبنانی هاوسەرگیرییەکی نوێ، ڕەزامەندی نیشاندا.

سەبرییەو دەستگیرانە تازەکەی لەناو ئاپۆڕەی ئەو کوڕو کچە گەنجانەدا لەچاوەڕوانیدابوون تاکو بگەنە بەردەم دادوەرو بەفەرمی لەیەکتیان مارە بکات.

سەبرییە گوتی "بۆ کەسێکی وەک من کە منداڵم نییە، ژیانی تەنیایی زۆر ناخۆشە، بۆیە بڕیارمدا دووبارە زواج بکەمەوە".

گوتیشی کە هاوسەری یەکەمی دەستگیرانەکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵیدا نییەو رازیبووە بەهاوسەرگیرییەکە.

هەروەها گوتی: "ناکرێت تا کۆتایی تەمەنم بە تەنیا بژیم، ناشتوانم شوو بەکەسێک بکەم کە

www.netewe.com




ژنی تری نەبێت“.

لە کۆمەڵگای کوردستاندا پیاوان ڕێگەپێدراون کە زیاتر لەژنێکیان هەبێت، بۆ ئەمەش زیاتر پشتیان بەئایینی ئیسلام بەستووەو بەپێی شەریعەتی ئیسلام ڕێگە بەهێنانی زیاد لە ژنێک دەدات.

لەدوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژنان، قەدەغەکردنی فەرەژنییان کردە سەرەکیترین داواکاری و ئامانجەکانیان، بەڵام دیاردەکە بەفەرمی بەردەوام بوو تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٨ کاتیک، جەلال تاڵەبانی بڕیاریدا کە دیاردەکە قەدەغە بکرێت و پیاوان نەتوانن ژنی دووهەم بهێننەوە.

بڕیارەکەی تاڵەبانی تەنیا لەسنووری ئیدارەی سلێمانی پێشوو کاری پێدەکرا کە ئەوکات یەکێتی کۆنترۆڵی کردبوو.

دوابەدوای ڕووخانی حکوومەتەکەی سەدام حسێن لەساڵی ٢٠٠٣ دا، کار کردن بەبڕیارەکەی تاڵەبانی ڕاگیرا ئەویش لەدوای ئەوەی هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە درا.

بەڵام ڕێکخراوەکانی ژنان و بەشێک لەئەندامە ژنەکانی ئەوکاتەی پەرلەمانی کوردستان دەستیانکرد بەگۆڕینی یاسای باری کەسێتی و یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی کە تاڕادەیەک لەبەرژەوەندی ژناندا بوو.

هانا شوان، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێوان و چالاکی بواری مافەکانی ژنان، دەڵێ کە بڕگەی مەرجدارکردنی یاساکەو بارودۆخی کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان وایکردوە کە ژن ناچاربن سەربەهەوێ شووبکەنەوە.

گوتیشی: “بەداخەوە یاساکەی پەرلەمان فرەژنی مەرجدار کردووە، نەک بەتەواوەتی قەدەغەی بکات“.

هەروەها گوتی کە دابونەریتی کۆمەلایەتی ژنان ناچاردەکات کە شوو بەو پیاوانە بکەنەوە کە هاوسەریتریان هەیە، بەتایبەتی ئەو ژنانەی تەمەنیان لەهەڵکشاندایەو بەرەو قەیرەبوون دەچن.

هانا گوتیشی: “بەداخەوە ژنان لەژێر فشاری دەروونی و جەستەییدا ناچار دەکرێن کە رازیبن هاوسەرەکانیان ژنی دووهەم بهێنێتەوە، پیاوان فرەژنی وەک حەقێکی موتلەقی خۆیانی دەبینن و بەردەوام مومارەسەی دەکەن“.

هانا، پێیوایە کە ئاماری هێنانەوەی ژنی دووهەم زۆر لەوە زیاترە کە بەفەرمی ڕاگەیەنراوە.

هەندێکیتر پێیانوایە کە یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی، زیان بەو ژنانە دەگەیەنێت کە هێشتا نەچوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو تەمەنیان لەهەڵکشاندایە.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەهەزاران ژن بەهۆی شەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئەنفالەوە بەبێوەژنی ماونەتەوەو تائێستا نەیانتوانیوە جارێکیتر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەنەوە.



www.netewe.com

# پزیشکی وارڤین

من ناوم کەوسەر یوسف تەمەنم ٢٦ ساڵە لەسلێمانی دادەنیشم. دووگیانم و سکەکەم پێنج مانگە ناوەناوە خوێن و ئاوی سپی دەبینم. ئایا ئەمە زیانی بۆ تەندروستی کۆرپەلەکەم هەیە؟

دکتۆرە شەهلا علاف پسپۆڕ لەبواری ژنان:

ئەمە مەترسی زۆرە چونکە بینینی ئـاوی سپی و خوێن ئەگەری مردنی کۆرپەلەکەی هەیە. ئەگەر منداڵەکە جووڵەی نەبوو. بەڵام ئەگەر دایکەکە هەستی بەجووڵەی منداڵەکەی کرد لەناو سکی ئەمە ئەگەری ئەوەی هەیە، کە ئەو ئافرەتە ویلاشی لەخوارەوەبێت. پێوستە ئاگاداری خۆی بێت بۆ ئەوەی تووشی ژان و لەبارچوونی منداڵەکەی نەبێت، چونکە منداڵ لەم تەمەنە بمرێ دەبێت بەکورتاج دەربهێنرێت لەسکی دایکییەوە.

ئـاوات ئەمینم تەمەن (٢٢) ساڵم و لە هەولێر دادەنیشم. دوای منداڵبوون قژم زۆر دەوەرێ ئایا ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە؟

پسپۆڕی نەخۆشیەکانی پێست دکتۆر ئینتیها محەممەد موسڵی:

ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە زۆربەی دایکان دوای منداڵبوون تووشی دەبن. پاش ماوەیەک چاک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر دەبینی قژوەرینەکەی دوای ماوەیەکە زۆر بەردەوامە، ئەوە لەحاڵەتی ئاسایی دەرەچێت پێوستە سەردانی پزیشک بکات و چارەسەر وەربگرێت.

ناوم سروە علی تەمەنم (٢٥) ساڵە. دووگیانم، سکەکەم سێ مانگەو تازە پێدەنێتە مانگی چوارەوە. ئەمە تائێستا سێ جـارە سۆنەر بکەم، منداڵەکەم دانیشتووە، ئایا ئەمە زیانی بۆ سەر تەندروستی منداڵەکەم هەیە؟

پسپۆڕ لەبەشی تیشک و سۆنەر دکتۆر روخۆش حسێن علی:

نەخێر. دانیشتنی منداڵ لەچوار مانگ و سێ مانگی لەناو سکی دایـک هیچ مەترسیەکی نییە. چونکە ئەو منداڵە خۆی بــەردەوەام جولە دەکـات، بەڵام ئەگەر بگاتە مانگەکانی کۆتایی منداڵەکە جووڵەی نەکرد و دانیشت ئەمە بۆ تەندروستی دایکەکە زیانی هەیەو دەبێ بە نەشتەرگەری دەریبێنێت.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

تەلەفۆن:0662647813 ناونیشانی گۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان

www.metewe.com

ئەتەکێت

# ئەتەکێتی ڕۆیشتن لەکاتی بارانباریندا



کنێر عەبدوڵلا

دەشێت ڕۆیشتن لەکاتی باراناویدا ژیانت بخاتە مەترسییەوە و ببێتە مایەی سەرچڵی، لەبەر ئەوەی ڕێگەکان شێوەی ئەڵقەریزی وەردەگرن و تایەی ئۆتۆمبێلەکانی لەسەر دەخزێت . بەو شێوەیە زاڵبوون بەسەر ئۆتۆمبێلەکەتدا قورس دەبێت، ئەوەش مەترسییە لەکاتی ڕۆیشتندا. مەترسی دووەمیش سەختییە لە بینیندا بە تایبەت ئەگەر هاتوو بارانەکە زۆر بە لێشاو ببارێت. لێرەوە ڕێساکانی ئەتەکێت هاتە کایەوە کە ژیانی خۆت وکەسانی دیکە لەو مەترسییە دەپارێزێت:

١- دڵنیابوون لە کارکردنی فڵچەی جامی پێشەوەی ئوتۆمبێلەکەت.

٢-پاکردنەوەی جامی پێشەوە ودواوەی ئوتۆمبێلەکەت پێش لێخوڕین .

٣- گرنگیدان بە نەبوونی هەڵمی ئاو لەسەر جامەکان، لەبەر ئەوەی بەر لە بینین دەگرێت و دەبێتە هۆی ڕوداوەکان، ئەوەش بەکردنەوەی کەمێک لە پەنجەرەکان دەبێت بۆ هەواگۆڕگێ، یان لەلاتەنیشتەوە پارچەیەک قوماشی کۆن هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کاتەی هەڵمەکە خەست دەبێتەوە لە ناوەوە جامەکەی پێ پاک بکەیتەوە.

٤- دڵنیا بوون لە کارکردنی ڕووناکی پێش و پاش و لاتەنیشت و فلچەکانی ئوتۆمبێلەکە .

٥- کردنەوەی ڕوناکی پێشەوە لە گەڵ دەستپێکردنی باراندا .

٦- لێخوڕینی ئوتۆمبێل بە شێوەیەکی هێواش، بەهۆی زاڵبوونی قورسی بەسەر ئوتۆمبێلەکەدا لە کاتی بەکارهێنانی فلچەکاندا .

٧- بە ئاگابوون لەبوونی ماوەیەک لە نێوان ئوتۆمبێلەکەت و ئەو ئوتۆمبێلەی کە لە بەردەمتدایە، بۆ ڕێگریکردن لە پێکدادان لە کاتی وەستانی کتوپڕدا .

٨- دەستبەجێ وەستان لە لێخوڕین ئەگەر هاتوو لافاوو هەبوو، ئەوەش لە پێناو پاراستنی ژیانتدا.

www.nelewe.com

پسپۆڕێک:

# هاوێنەی جوانکاری زیان بەتەندروستی چاو دەگەیەنێت

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی چاو (د.سەعدی ساڵح دار سالمی) لەبارەی هاوێنەی دەستکردی پزیشکی و هاوێنەی جوانکاری چاوەوە دەڵێ:"هاوێنەی لاستیکی بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەدوو جۆر هاوێنەی پزیشکی و هاوێنەی جوانکارییەوە. بەکارهێنانی هاوێنەی جوانکاری بەمەترسی بۆ سەر تەندروستی چاو هەیە".

## جۆرەکانی هاوێنکۆی پزیشکی

هاوێنکۆی پزیشکی دەکرێت بەچوار جۆر، جۆری یەکەم پێیدەڵێن هاوێنکۆی لاستیکی نەرم: بۆ ئەوکەسانە بەکاردێت، کە نەخۆشی دووربینین و نزیکبینینیان هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوانەی کە دووردەبینن لەنزیک نابینن، ئەوان زیاتر بەکاریدێنن، زۆربەشی گەنجان بەکاریدێنن، چونکە ئارەزوویان لەبەکارهێنانی چاویلکە نییە، یاخود منداڵ دوای لابردنی ئاوی سپی لەسەر چاویان، دکتۆر ئەم جۆرە هاوێنەی بۆ دەنووسێت.

جۆری دووهەم هاوێنەی لاستیکی رەق: بۆ ئەوکسانە بەکاردێت، کە رەشێنە قوچەکییە. کاتێک ئەمانە ناتوانن چاویلکە بەکاربێنن ناچارن هاوێنەی رەق بەکاربێنن، ئەگەر ئەم هاوێنە رەقە سوودی نەبوو، پێویستە لەداهاتوو بگۆڕدرێت.

جۆری سێهەم پێیدەگوترێت، هاوێنەی لاستیکی بایفۆکەڵ: بۆ ئەوکەسانە بەکاردێت کە تەمەنیان لەچل ساڵ بەسەرەوەیە کێشەی دوورو نزیکییان هەیە، نە لەدوورەوە بەباشی دەبینن، نەلەنزیک چاویلکەش بەکارناهێنن ئەوکاتە دەتوانن، هاوێنەی لاستیکی بایفۆکەڵ بەکاربێنن واتە دوو هاوێنکۆی تیدایە، هەم لەدوور باشدەبینن، هەم لەنزیک باش دەبینن.

بەڵام تائێستا ئەمجۆرە هاوێنەیە لەکوردستان نییە، نرخ و تێچوونەکەشی گرانە، لەگەڵ ئەوەش ئەم بایفۆکەڵە جۆرەکەی زۆرباش نییە، چونکە هەردوو جۆر هاوێنکۆی دوور و نزیکی تێدایە، هاوێنەی دوور زوو گۆڕانکاری بەسەر نایەت. دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاربهێنرێت، بەڵام هاوێنەی نزیک دەبێ زووزوو بگۆڕدرێت، چونکە بەگوێرەی تەمەن پلەی نزیکبینینەکەی گۆڕانکاری بەسەردێت. بۆیە جۆری بایفۆکەڵ زۆر عەمەلی نییە.

جۆری چوارەم، پێدەگوترێ هاوێنەی لاستیکی تۆریک: بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە نەخۆشی ئیستگماتیزمیان هەیە، ئیستکماتیزم نەخۆشییەکە کەمرۆڤ لەدوورەوە سەیر بکات پێشچاوی وەک تەمێکی سپی لێدێت هەروەها لەدوورنابینن.

## کێن ئەوانەی ناتوانن هاوێنەی لاستیکی بەکاربێنن؟

ئەو کەسانەی فرمێسک بەتەواوی درووستناکەن، واتە چاویان وشکە و ئەوانەی هەوکردنی ڤایرۆسی، لە رەشێنەی چاویان هەیەو ئەوانەی کاریان لەناو بۆن و گوڵاوە، یاخود ئەوکەسانەی لەچێشتخانە خواردن دروستدەکەن یاخود ئەو کەسانەی لەکاریان ئەگەری شت بەرکەوتیان هەیە. هەروەها ئەو کەسانەی ناتوانن چاویان بپارێزن بەهۆی کارەکەیان بۆ نموونە وەک کاری پۆلیسی لەسەر شەقامە هەرچۆنێک بێت تۆز و با کاریگەری لەسەر هەیە.

## تووشبووانی ئیستگماتیزم چۆن هاوێنەی لاستیکی بەکاردێنن؟

ئەوانەی ئیستمگاتیزمیان هەیە لەگەڵ چاویلکە زۆر هەست بەئارامی دەکەن، بەڵام لەگەڵ هاوێنەی لاستیک هەست بەناخۆشی و ژانەسەر دەکەن. بۆیە دەبێ جۆرە نەرمەکەی بەکاربێنێت بەمەرجێک پزیشک لە چاوەکەی خۆی پلەکەی کەمتردابنێت بۆ نموونە ئەگەر نەخۆشێک هات نزیکبینینەکەی ٣پلە بوو ئیستگماتیزمەکەشی١پلەبێت، دەکاتە چوارپلە ئەوکات پێوستە هاوێنەی لاستیکی نەرمی سێ پلەو نیوی بۆ بنووسرێت، ئەم نیوە قەرەبووی ئیستگماتیزمەکەی بۆ دەکاتەوە.

## ماکان چییە؟

١. لەدوای بەکارهێنانی هاوێنەی چاو زۆرجار نەخۆش تووشی ماکان دەبێت. ماکان، هەوکردنی سپێنەی چاو. کاتێک ئەم هەوکردنە روویدا پێوستە نەخۆش بۆ ماوەی هەفتەیەک یاخود ١٠ رۆژێک هاوێنەی لاستیک



بەکارنەهێنێت و چارەسەر بەکاربێنێت و بەپاکوخاوێنی رابگرێت تاچاکدەبێتەوە، پاشان دەتوانێ دووبارە هاوێنەکە بەکاربێنێت، بەڵام ئەگەر هەوکردنەکە دووبارە گەڕاوە ئەوکات دەبێت بەیەکجاری وازبێنێت.

٢. رووشانی رەشێنەی چاو. کاتێک نەخۆشەکە هاوێنەکە دادەنێ هەستدەکات رەشێنەی چاوی رووشاوە. واتە بریندار بووە، لەمکاتەدا نەخۆش دەبێ بۆ ماوەی هەفتەیەک چارەسەر بەکاربێنێت.

٣. زۆرجار بەهۆی هاوێنەوە بەتایبەتی ئەوانەی هاوێنەی جۆری رەقەکەی بەکاردێنن مووڵولەی زیادی خوێن لەسەر چاو دروستدەبێت. ئەوکات نەخۆش دەبێ هەرگیز بەکارینەهێنێت، چونکە هەر وادەمێنێتەوە لەداهاتووشدا دەبێ رەشێنەی چاوی بگۆڕدرێت ئەویش سوود لە نەشتەرگەرییەکە نابینێ، بۆیە چاوێلکە بەکاربێنێت باشترە.

٤. کۆبوونەوەی ئاو لەسەر رەشێنەی چاو. ئەمەش یەکێکە لەماکەکانی چاو قورحەی رەشێنەی پێدەڵێن. زۆرجار نەخۆش قورحەی رەشێنەی هەیە، بەکاریدێنێت. هەندێجاریش لەکاتی بەکارهێنانی هاوێنەی لاستیک قورحەی رەشێنەی دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکەی قورحەی رەشێنەی نوێ بوو بۆماوەی دووهەفتە چارەسەر بەکاربێنێت چاکدەبێتەوە.

٥.هەندێک حاڵەتی دەگمەن هەیە لەئەنجامی بەکارهێنانی هاوێنەی لاستیکی بەردەوام رەشێنەی تووشی تێکەڵی دەبێت.

## چۆن هاوێنەی لاستیکی دادەنرێت؟

ئەو کەسەی هاوێنەی لاستیکی بەکاردێنێت دەبێ سەرەتا دەستی بەئاوی شلەتێن و سابون بشوات. بەڵام ئاگاداربێت، سابونەکە تیژنەبێت و نابێت مادەکە لەسەردەست بمێنێتەوە، چونکە لەکاتی دانانی هاوێنەکە دەبێتە هۆی دروستکردنی خوران. هەروەها نابێت نینۆکیان درێژبێت، چونکە لەوانەیە لەکاتی دانان نینۆکەکە بەر رەشێنەی چاو بکەوێت و ئازاری بدات. بەکارهێنەر دەبێ ئاگاداری تۆز و با بێت و خۆی لەپلەی گەرمی بپارێزێت.

هەروەها ئەو قوتووەی هاوێنەکەی لێهەڵدەگیرێت دەبێ سێ مانگ جارێک بگۆڕدرێت و ئاوەکەی ناویشی رۆژی جارێک یان دووڕۆژ جارێک بگۆڕدرێت. نابێ ئاوی ئاسایی لەگەڵ ئەو گیراوە تایبەتەی کە وەک ئاوە لەکاربهێنرێت. نابێ هاوێنەی کەسێکی دیکە، بەکاربهێنرێت بەتایبەتی لەناو کچان باوە کە هاوێنەی جوانکاری یەکتر بەکاردێنن، ئەمە زیانی هەیە چونکە سروشتی چاوی مرۆڤەکان وەک یەک نییە. مەترسی ئەوە هەیە کە ئەگەر هەوکردنێکی ڤایرۆسی هەبێت، لەگەڵ خۆی دەگوازێتەوە.

## چۆن بەکاری دەهێنێت؟

هاوێنەی چاو، لەسەری نووسراوە بۆ ماوەی یەک رۆژ یان یەک مانگ یاخود بۆ سێ مانگ بەکاری بێنێت، بەڵام هەموو جۆرە هاوێنەیەک نابێ لە رۆژێک بۆ ماوەی شەش کاتژمێر زیاتر بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەگەر لە رۆژێک زیاتر لە شەش کاتژمێر بەکارهات ئەوە دەبێ لەماوەی ئەو مانگەی بۆی دیاریکراوە کەمبکرێتەوە. واتە لەجیاتی مانگێک ئەوکات دەبێ لەماوەی ٢٠رۆژ یاخود ١٥ رۆژ بەکاربێنێت. چونکە ئەم رەشێنە خۆی زۆربەکەمی لەسپێنەی چاو خوێنی بۆ دەچێت. هەرکاتێک هاوێنەی لاستیک لەسەر چاو دابنرێت ئۆکسجینی بۆ ناچێت. کە ئۆکسجین بۆ چاو نەچێت ئەم چاوە لە ژوورەوە وردەوردە ئاوی لێکۆدەبێتەوە دەروشێت و بەرەو سپییاتی دەچێت و بینینی کەمدەکاتەوەو گرێ دروستدەکات، بۆیە باشترە لەکاتی دیاریکراو دابنرێت.

## هاوێنەی لاستیکی جوانکاری زیانی هەیە؟

ئەم جۆرەیان بەمەبەستی جوانی بەکاردێت بێگومان لەهەموو دنیا بەکاردەهێنرێت، بەڵام زیانی زۆرە چونکە بەمەبەستی بازرگانی دروست دەکرێت. بەتایبەتی لای ئێمە چونکە کوالیتی کۆنترۆل و پشکنین زۆر گرنگی پێنادرێت، بۆیە لەبازاڕەکان خراپترین جۆر دەهێنرێت بەنرخێکی هەرزانیش دەفرۆشرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئامۆژگاریمان ئەوەیە بەکارینەهێنن بەتایبەتی ژن، چونکە ئافرەت مکیاژی لەگەڵ بەکاردێنێت ئەم مکیاژەش هەمووی پێکهاتەی کیمیاییەو دەچێتە بن هاوێنەکەی و سەر رەشێنەکەی و ئینجا تووشی هەوکردن دەبێت. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بەکاریشی هێنا ئەو رێنماییانەی گوتمان هەمووی بەکاربێنن لەبەرئەوەی هاوێنەی لاستیکی جوانکاری بەمەبەستی بازرگانی دروستدەکرێت لایەنە تەندروستییەکەی رەچاو ناکرێت.

## هاوێنەی لاستیکی جوانکاری

هەمان ئەو هاوێنەی پزیشکییە، بەڵام رەنگی بۆ کراوە. وەک هاوێنەی پزیشکی پێوستە ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێت ئاگاداری گشت رێنمایی و مەرجەکانی دانانی هاوێنەکە بێت.

www.netewe.com

## SSPE نەخۆشییە یان قڕکەری کوردە؟

# چیرۆکی ئەو منداڵانەی بۆ قومێک ئاو دەمرن

لەشارەکانی باکووری کوردستان بەهەزاران منداڵی کورد بەهۆی نەخۆشی (ئێس- ئێس- پی- ئی)بییەوە مردوون و بەسەدانی دیکەش خەریکە گیان لەدەستدەدەن. لەبەدواداچوونێکی تایبەتدا بۆ ئەو پرسە وارڤین توانی ئەنجامی سەرنجراکێش بەدەستبێنێت. لەملیۆنێک کەس لەجیهاندا تەنیا یەک کەس تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت، بەڵام تەنیا لە ئامەد (دیاربەکر) ٢٠٠ منداڵ تووشی ئەو نەخۆشییە بوون.

تایبەت

خێزانەکان لەوبڕوایەدان کە ئەو نەخۆشییە لەگەڵ دەرزی کۆنەی سووریژەدا هاتووەو دەرزییەکەش بەئەنقەست بەمنداڵەکانیان دراوە. بەپێی قسەی خێزانەکان ئامانج لەلێدانی ئەو دەرزییە کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتووانی کوردە. هاوکات بەپرسانی دەوڵەتی تورکیا تائێستا هیچ لێدوانێکیان لەبارەی پرسیاری"بۆ ئەو نەخۆشییە لە باکووری کوردستان زۆرە؟" نەداوە.

نەخۆشی (ئێس ئێس پی ئی) لەڕێگەی میکرۆبی سووریژەوە دەچێتە مێشک و بەوشێوەیەش خۆی نیشاندەدات. یەکێک لەو نەخۆشییانەیە کەلە جیهاندا دەرمانی نییە. لەبیرکردن، تووڕەبوون و بێتوانایی کۆنترۆڵەکردنی جووڵەی دەست و پێ لەنیشانەکانی ئەو نەخۆشییەن. کاتێک منداڵێک تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت، لەماوەی چەند مانگ یان دوو ساڵدا ئیتر ناتوانێ بجووڵێت و وەک تەرمێکی مردوو ناچارە لەناو جێدا بکەوێت. قۆناغی یەکەمی ئەو نەخۆشییە لە لەبیرکردندا خۆی دەردەخات. واتە منداڵەکە شتی لەبیردەچێتەوە. لەقۆناغی دووهەمدا منداڵی تووشبوو ناتوانێت جووڵەی خۆی کۆنترۆڵ بکات و لە قۆناغی سێهەمیشدا هەموو تایبەتمەندییەکانی بیستن، دیتن و بۆکردن و جووڵانەوە لەدەستدەدات و چیتر ناتوانێت لەجێی خۆی هەڵبسێتەوە. لەقۆناغی چوارەمیشدا منداڵی تووشبوو وەک تەرمێک لەناو جێگەدا درێژدەبێت و تەنیا بەخواردنەوەی ئاو خۆی ئیدارە دەکات. لە قۆناغەی دواییدا تووشبوو وایلێدێت کە ئاگای لەدەورووبەری نامێنێت و وەک ئەوە وایە کە مردبێت. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن لەقۆناغی چوارەمدا ناتوانن تف قووت بدەن و هەروەها دەرزی بکەن، بۆیە بەڵغەم لە گەروویاندا کۆدەبێتەوەو لەئەنجامدا دەخنکێن.

### لە شارە کوردنشینەکان بەربڵاوە

لەجیهاندا لەناو ملیۆنێک کەسدا تەنیا یەک کەس تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت. بەڵام لەشارە کوردنشینەکانی وەک ئامەد، ئەلیە، ڕۆها و مێردین بەسەدان منداڵی کورد تووشی ئەو نەخۆشییە بوونەو لەمردن نزیکبوونەتەوە. لەشارێکی وەک ئامەد کە ڕێژەی دانیشتووانی ملیۆن و نیوێکە، ٢٠٠ نەخۆشی (ئێس ئێس پی ئی)هەیە. ئەو نەخۆشییە کەلە جیهاندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەباکووری کوردستان زۆر بووە. ئەوەش خێزانی تووشبووانی خستووەتە ناو گومانەوە. چونکە هەموو تووشبووەکان لەساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠دا لەدایکبوون. ٩٩٪ی تووشبووان لەساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠دا لەچوارچێوەی هەڵمەتی کوتانی دژەسووریژەدا دەرزییان لێدراوە. بەپێی قسەی خێزانی منداڵە نەخۆشەکان، ئەو دەرزییانەی کەلەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا لەمنداڵانی کورد دراوە بەپیلانێک هێنراوەتە شارە کوردنشینەکان. دەرزییەکان هەموویان کاتبەسەرچوو و ئێکسپایەربوون. خێزانەکان لەوبڕوایەدان کە منداڵەکانیان بەهۆی ئەو دەرزییانەوە نەخۆش کەوتوون.

### وەزیرێکی مەهەپەیی دەرزییەکانی ناردووە

بنەماڵەی منداڵە نەخۆشەکان لە ئامەد لەدەوری یەک کۆبوونەتەوەو کۆمەڵەی هاریکاری و پشتگیری لەنەخۆشانی (ئێس ئێس پی ئی)یان دامەزراندووە. پاش دامەزراندنی ڕێکخراوەکەو چالاکی و تێکۆشانی خێزانەکانیان، دەنگی ئەوان لەلایەن چاپەمەنی تورکیاوە بیسترا، دەوڵەتی تورکیا ناچاربوو کە مافی چاودێری، دەرمان و مامانی بداتە خێزانەکان. بەڵام خێزانەکان جگە لە پشتگیری ماددی داوا



www.nefewe.com

لەدەوڵەت دەکەن کە وەڵامی پرسیاری (ئەو نەخۆشییەی کەلە سەرانسەری جیهاندا لەکۆی ملیۆنێک کەس تەنیا یەک کەس تووشی دەبێت، بۆچی لە شارە کوردنشینەکان زۆرە) بدەنەوە.

بەرپرسی رێکخراوی (ئێس ئێس پی ئی) عەردال چالیشیر کە بۆ وارڤین قسەی کرد، ئاشکرای کرد، تائێستا ٣٠٠٠ منداڵی کورد بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانی لەدەستداوە. چالیشیر، دەستنیشانی کرد کە کاتێک عوسمان دورموش ئەندامی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی وەزیری تەندروستی بووە، ئەو دەرزییە ئێکسپایەرانە لەشارە کوردنشینەکاندا بڵاوکراونەتەوەو زۆرێک لەخێزانەکانیش سکاڵای لەسەر وەزارەتی تەندروستی و ئەو وەزیرە تۆمار کردووە.

## ٦ ساڵە وەک تەرمێکی بێگیان دەژی

وارڤین، لەگەڵ خێزانی نەخۆشەکاندا کەلە گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئامەد دەژین قسەی کرد و چیرۆکی تراژدیکیان دەخاتەبەر چاوی خوێنەران. یەکێک لەدایکانی ئەو منداڵە نەخۆشانە موحەبەت کاردەشە. منداڵە نەخۆشەکەی شاهین کاردەش کە (١٤) ساڵ تەمەنیەتی لەساڵی ٢٠٠٢ وەک تەرمێکی مردوو لەناو جێدا خۆی درێژکردووەو چاوەڕێی مردن دەکات. موحەبەت شاهین، کە زانیویەتی منداڵەکەی نەخۆش کەوتووە، دەستپێک سەری لەبنکەی تەندروستی گەڕەکی عەلی پاشا داوە. لەبەرئەوەی لەوێ هیچ ئەنجامێکی دەستنەکەوتووە، کوڕەکەی بردووەتە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی دیجلە. ئێمە گوێمان لەچیرۆکی نەخۆشییەکەو هەوڵدانی دایکانەی ئەو ژنە گرت: "کوڕەکەم ٨ رۆژ لەکۆلێژ خەویندرا. پاش ٨ رۆژ پزیشکان دەستنیشانیان کرد کە تووشی نەخۆشی (ئێس ئێس پی ئی) بووە. پێیانگوتم ئیتر کوڕەکەت هەرگیز ناتوانێت بەرێدابچێت و قسە بکات. ببیەرەوە ماڵ و چاوەڕێی مردنی بکە. شێت و هاربووم، دروونم تێکچوو. کوڕەکەم دەچووە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتایی. کوڕێکی چالاک و زیر بوو. بەڵام ئێستا ناتوانێت هیچ جلێکی خۆی لەبەر بکات، هیچ ئامێرێکی خۆی بەکاربێنێت، هەڵبستێتەوەو بجووڵێت. منیش ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم. بەڵام هیچ شتێکم لەدەست نایەت. من زۆر بێزارم و زۆر رەنجاوم".



دایکێک لە چاوەڕوانی مردنی منداڵەکەی

## "قرکردنی کوردە"

کوڕی گولستان چاکان، لەتەمەنی ٣ ساڵیدا تووشی ئەو نەخۆشییە بووە. ئەوە حەوت ساڵە وەک تەرمێکی بێگیانە. کاتێک ئێمە چووینە ماڵی گولستان، کوڕەکەیان بردبووە نەخۆشخانەی منداڵانی ئامەد و ئێستا چاوەڕوانی مردنی کوڕەکەیەتی. گولستان کە نایەوێت هەواڵی مردنی کوڕەکەی ببیستێت دەڵێ: "ئەوە ٧ ساڵە کوڕەکەم نەخۆشە. لەوکاتەوە شەو و رۆژێکی خۆشمان بەسەرنەبردووە. هیچ خۆشییەکمان نەبینیوە. هەم لەبواری ماددی و هەمیش لەبواری مەعنەویدا شپرزە بووین. هاوسەرەکەم لەقوتابخانەیەکدا کار دەکات. مانگی ٦٠٠ لیرە وەردەگرێت. ئێمە ناتوانین بەو پارەیە بژێوی خۆمان دابین بکەین. رەوشی دەروونیم تێکچووە. لەبەر گوشار و سترێس جەستم تووشی زۆر نەخۆشی بوو". بەپێی قسەی گولستان، ئەو دەرزییە بەئەنقەست لەمنداڵانی کورد دراوەو منداڵەکانیان پاش ئەو دەرزییە نەخۆش کەوتوون. چاکان ئەو رەوشە وەک "قرکردنی کورد" ناودێر دەکات و دەڵێ: "من داوام لەسەر دەوڵەت تۆمار کردووە. ئەگەر ئەنجامی نەبێت دەیبەمە دادگا نێودەوڵەتییەکان. داواکارم بەرپرسیارانی ئەو نەخۆشییە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کوڕەکەم بەرەومردن بچێت، سزابدرێن".

## لەماوەی ٥ مانگدا مرد

ئامینە بەیتار، دراوسێی موحەبەت کاردەشە. لەجیهاندا ئەو نەخۆشییە لە ملیۆنێک کەس تەنیا کەسێک تووسی دەبێت، چۆن دەبێت لە کۆڵانێکی ئامەد دا ١١ منداڵ تووشی بووبن؟ ئێمە ئەو پرسیارەمان لە بەیتار کرد. کوڕەکەی بەیتار شێخموس تەنیا ٤-٥ مانگ توانیویەتی بەرگەی نەخۆشییەکە بگرێت و گیانی لەدەستداوە. بەیتار، وەها چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە: "شێخموس دەچووە پۆلی دووهەم. رۆژێک نەخۆشکەوت. عەمەلیاتیان کرد. پاش عەمەلیات ماوەی ٢٠ رۆژ باش بوو. دوای ئەو ٢٠ رۆژە وردەوردە شتەکانی لەبیر کرد. دەمی داخرا. دەستوپێی لەجووڵە کەوتن. لەماڵەوە وەک مردوو درێژبوووەوە. دواتر بردمانە کۆلێژ و لەوێ خەواندمان. بەگیانی بێگیانی داوای ئاوی کرد، من ئاوم پێدا. نەیتوانی قووتی بدات. خنکاو مرد. کوڕەکەم لەحەسرەتی ئاو دا مرد. نەیتوانی قومێک بخواتەوە. ئەوە بووە دەرد و کوڵ وچووە گیانی من. دەیویست بخوێنێت. بەڵام دەوڵەت نەیهێشت بخوێنێت. با دەوڵەت هۆکاری مردنی منداڵەکانمان ئاشکرا بکات. بۆچی لەرۆژئاوای تورکیا ئەو نەخۆشییە زۆر کەمە، بەڵام لەدەڤەرە کوردنشینەکان زۆرە؟ ئایا دەیانەوێت نفووسی کورد کەم بکەنەوە.

www.netewe.com

# دووانەیەکی سێ ساڵی ڕۆژانە نزیکەی دە جگەرە دەکێشن

سلێمانی

ئاریا و ئارین کە دووانەیەکی سێ ساڵ و نیون و دانیشتووی سلێمانین، لەمانگی رەمەزانی رابردووەوە فێری جگەرەکێشان بوون، ئەوان لەرۆژێکدا نزیکەی ٥ بۆ ١٠ جگەرە دەکێشن.

جوتیار مەحەممەدی باوکیان، دوکاندارە لەبازاڕی حەوزە وشکەکەی سلێمانی و کاری پۆشاکفرۆشی دەکات، ئەو نیگەرانە لەرەوشی منداڵەکانی و خەمی پێدەخوات. جوتیار دەڵێت، منداڵەکانی رۆژانە ناچاری دەکەن جگەرەیان بۆ بکرێت و هەرچەندە کە خۆی جگەرەکێش نییە، بەڵام چەند مانگێکە بەهۆی منداڵەکانییەوە ناچاربووە کە جگەرە بکرێت و پاکەت هەڵبگرێت. جوتیار، چیرۆکی فێربوونی منداڵەکانی بەجگەرەکێشان گێڕایەوەو گوتی"لەکوڕە خاڵێکیانەوە فێری کێشانی جگەرە بوون".

گوتیشی"لەمانگی رەمەزاندا کوڕەخاڵێکیان کە تەمەنی ٥ ساڵە چەند رۆژێک لەماڵمان بوو، ئەویش لەباوکییەوە فێری جگەرەکێشان بوو، ئیدی منداڵەکانی منیش لەم کوڕەوە فێر بوون".

هەروەها گوتی"ئەگەر جگەرەیان بۆ نەکرم ئەوا ورک دەگرن و دەیکەن بەهەراو گریان".

ئەو باسی لەوەکرد کە منداڵەکانی جگەرەکە هەڵنامژن بۆ سییەکانیان، بەڵام وەک خوویەک لەگەڵی راهاتوون و لەبری شیرینی داوای جگەرە دەکەن.

جوتیار، ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو رۆژانە منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ دوکان و تا ئێوارەیەکی درەنگ پێکەوە دەمێننەوە.

هەروەها گوتیشی"خێزانەکەم زۆر تووڕەیە لەوەی کە جگەرە بۆ منداڵەکان دەکرم، بەڵام



ئاریا و ئارین لە کاتی جگەرە کێشاندا

فۆتۆ: وارڤین

ناچارم چونکە گەر بۆیان نەکرم ئەوا بەشێوەیەکی نائاسایی دەگرین و بەهیچ شتێک ژێر نابنەوە".

ئاریان و ئارین، زۆرجار پێکەوە بەناو بازاڕەکەدا دەگەڕێن و هەندێجاریش لەلایەن خاوەن دوکانەکانەوە جگەرەیان پێدەدرێت.

بەقسەی باوکیان، زۆرجار دوای خەڵکی کەوتوون کە بینیویانە جگەرەی بەدەستەوەبووەو داوای جگەرەیان لێکردووە.

بەڵام ئەم باوکە هیچ توندییەک بەکار ناهێنێت لەبەرامبەر ئەم داوایەی منداڵەکانی بۆ کێشانی جگەرەو لێیان تووڕە نابێت.

دکتۆر هێمن دلێر، پزیشکی تایبەت بەنەخۆشییە کانی منداڵان، دەربارەی حاڵەتەکەی ئاریان و ئارین گوتی:"زیانێکی گەورەی بۆ تەندروستی هەردوو منداڵەکە هەیەو تووشی نەخۆشییان دەکات".

گوتیشی:"پێویستە زۆر بەخێرایی رێگری لەو منداڵانە بکرێت کە چیتر جگەرە نەکێشن".

دکتۆر هێمن، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو جگەرەکێشانە کاریگەری خراپ لەسەر دەموودان و سییەکانی منداڵەکان جێدەهێڵێت.

باسی لەوەشکرد کە ئەومنداڵانە لەئێستاوە خوو بەکێشانی جگەرەوە دەگرن و کە گەورەش بوون ناتوانن وازی لێبهێنن و پێیان تەرک ناکرێت.

ئێستا ئارین و ئاریان، ئەو پارەیەی کە وەک رۆژانە وەری دەگرن زۆرجار لەبری کڕینی شیرینی و نەستەلە، جگەرەی پێدەکڕن.

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٢١/٣-٢٠/٤

ئەوەندە داواکاری زۆر مەکە لەهاوڕێیانت و بەپەلەش مەبە لەبەدیهێنانی ئامانجەکانت، لەڕووی خۆشەویستییەوە هەست بەدڵتەنگی دەکەیت، بەهۆی جیابوونەوەی خۆشەویستەکەت.

## گا



٢١/٤-٢٠/٥

پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک بهاوێژیت بەچاکی بیری لێبکەوە، دوودڵ مەبە لەداواکردنی خۆشەویستی لەو کەسەی کە خۆشتدەوێت.

## دوانە



٢١/٥-٢١/٦

هەوڵبدە کەسێک بدۆزیتەوە تا لەکارەکانتدا هاوکاریت بکات، پەلەی ئەوەت نەبێت خۆشەویستەکەت هەستی خۆیت بۆ دەرببڕێ و کاتی پێویستی پێ ببەخشە.

## قرژاڵ



٢٢/٦-٢٢/٧

ئەو هەنگاوانەی کەهەڵیدەگریت پێشتر روونکردنەوەی باشی بۆ بکە، بەپەلە بە لەدروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی و چاوەڕێی کاتی زیاتر مەکە.

## شێر



٢٣/٧-٢٢/٨

هەموو کاتەکانی خۆت بۆ کارکردن تەرخانکردووەو پێویستت بەکاتێکی زیاترە بۆ پشوو. هەست بۆ خۆشەویستی دەکەیت بۆ خۆشەویستە کۆنەکەت و هەوڵی دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەدەیت.

## گوڵەگەنم



٢٣/٨-٢٢/٩

ئەم ماوەیە لەنێو کۆمەڵێک بڕیاری جۆرجۆردا سەرت لێدەشێوێت و ناتوانێت خۆت یەکلایی بکەیتەوە، ئەوەندە بیر لەوردەکارییەکانی ژیان مەکەوە چونکە تووشی دڵەڕاوکێت دەکات.

## تەرازوو



٢٣/٩-٢٣/١٠

زیاتر ئارامگربەو چاوەڕێی هەلی گونجاو بکە لەراگەیاندنی پرۆژە تازەکەت، هەستەکانت بەرامبەر خۆشەویستەکەت راستەو بەدڵ خۆشدەوێت.

## دووپشک



٢٣/١٠-٢١/١١

بەمزووانە چاوت بەکەسێکی گرنگ دەکەوێت، بۆیە هەوڵبدە ئەو هەلە بقۆزیتەوە، خۆشەویستەکەت پێویستی بەسۆزی تۆیە بۆیە فەرامۆشی مەکە.

## کەوان



٢٢/١١-٢١/١٢

ئەم ماوەیە تووشی کۆمەڵێک رووبەڕووبوونەوەی قورس دەبی، رێز لەخۆشەویستەکەت بگرەو با دڵت لێ پیس نەکات.

## گیسک



٢٢/١٢-١٩/١

لەسەرکێشی زۆر دوور بکەوە تاتووشی سەرئێشە نەبی، بڕوای زیاتر بەخۆشەویستەکەت ببەخشە با گومانت لێنەکات.

## سەتڵ



٢٠/١-١٨/٢

لەرەخنەگرتن لۆژیکی بەو لەگەڵ هاورێکانت رکابەری مەکە، خۆشت نازانی بۆ لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەت سەرکەوتوونەبووی.

## نەهەنگ



نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

ئەم ماوەیە باش ئاگاداری تەندروستی خۆت بە، خۆشەویستەکەت لێت توورەیە بەهۆی پێشتگوێخستنەوە.

www.netewe.com

# ڕەنگكردنی قژ كاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی ژنان هەیە

زۆرێک لە ژنان بەمەبەستی ڕازاندەوەی قژیان ڕەنگی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن و بەشێکی زۆری ئەو دەرمانانە بەهۆی ئەوەی لە پێکهاتەی کیمیایی دروستکراون زیانیان بۆسەر پێستی سەر و خودی قژەکە هەیە. تەنانەت ئەو ئافرەتانەش کە دووگیانن بەهۆی بەکارهێنانی ئەو مادده کیمیاییانەوە ڕەنگە مەترسی بۆسەر ژیانی کۆرپەلەکەیان دروست بکەن. دکتۆر (ئینتیها محەممەد موسڵی) پسۆڕی نەخۆشییەکانی پێست وردەکاری زیاتر لەبارەی زیانەکانی بەکارهێنانی ڕەنگرکردن دەخاتەڕوو.

هەولێر

سەبارەت بەجۆری ڕەنگ و زیانەکانی بۆ سەر قژ، د.ئینتیها گوتی کە ئەم ڕەنگانە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی جیهانی دروستدەکرێت و ئەوانیش مۆڵەتیان پێدراوە لەسەلامەتی جۆری ماددەکان"هەمووجۆرە ڕەنگێک زیانی خۆی هەیە تەنیا خەنەو پێکهاتەکانی هیچ زیانێکیان نییە بۆ سەر قژ وپێستی سەر". زۆر لەپسپۆڕانی بواری جوانکاری پێیانوایە کە یەکێک لە هۆکارەکانی سپیبوونی قژ دەگەڕێتەوە بۆ خراپی جۆری ئەو ڕەنگانەی کە بەکاردەهێنرێت. هاوکات ئەم پسپۆڕەی بواری نەخۆشیەکانی پێست ئەوەی پشتراستکردەوە کە هەندێک ڕەنگ هەیە مادەی سپیبوونی تیدایە، قژەکە سپی دەکات ئینجا ڕەنگەکەی دەگۆڕێت و هەندێکجار دوای هاتنەوەی قژە سروشتییەکە ڕەنگە ڕاستەقینەکەی نایەتەوە. مادەکە ڕەنگی قژ تێکدەدات"بوونی ماددەی قورقوشم و زیو لەپێکهاتەی ڕەنگدا دەبێتە هۆی وەرینی قژ. بۆیە پێویستە لانیکەم دوای چوار هەفتە ڕەنگەکە دووبارە بەکاربهێنرێتەوە".

سەبارەت بەو نەخۆشییانەی لەڕێگای بەکارهێنانی ڕەنگەوە تووشی مرۆڤ دەبن و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان د.ئینتیها محەمەد گوتی، ئەگەر پێستی سەر تووشی حەساسیە بوو لەکاتی ڕەنگکردنی قژەکە. ئەوە ئەوکات پێویستە بەزووترین کات ئەو مادده کیمیاییە لەسەر پێستی سەر لاببردرێت ئەوەیش نەک بەبڕین، چونکە حەساسییەکە لەپێستی سەرە لە قژەکە نییە. بەڵکو دەبێت بەگیراوەی تایبەتی لابردنی ڕەنگ بەکاربهێنرێت. بەقسەی ئەو پسپۆڕە چارەسەرکردنەکەشی بەگوێرەی جۆری حەساسیەکە دەبێت."واتە ئەگەر حەساسیەکە کەمبێت ئەوە دەرمانێکی پێدەدرێت. تەنیا لەپێستی سەرەکە دەدرێت، بەڵام ئەگەر حەساسیەکە زۆربێت دەبێ دەرمان بخوات. پێوستە لای دکتۆر پرسیار بکات بزانێت کە چ جۆرە مادەیەکە تووشی ئەو حەساسیەی کردووە بۆ ئەوەی دووبارە بەکاری نەهێنیتەوە زۆربەی کات ئەو حەساسیەی تووشی پێستی سەر دەبێت بەهۆی مادەی (پارافیل دایمن) ئەمە ماددەیەکی سەرەکی پێکهاتەی ڕەنگەکەیە لەگەڵ ماددەکانی دیکە تێکەڵدەکرێت وەک مادەی ئامنیۆم وبیرسلیفت هۆکاری سەرەکییە بۆ سپیکردنی قژەکە. ئەگەربێت هەر ڕەنگێک ئەم مادەیەی تێدابێت بەپێستی دەموچاوی کەسەکە بکەوێت تووشی ئەستووربونی دەموچاوەکەی دەکات و دەبێتە هۆی سەرسووڕان و لەهۆشچوون. ئەوانەی نەخۆشی ڕەبۆیان هەبێت تەنگە نەفەسەیەکەیان زیاتر دەبێت". بەمەبەستی پاراستنی قژ بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام بۆیە بەکاردەهێنن و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی جۆری شامپۆو سابون د. ئینتیها دەڵێ:"پێوستە ئەوشامپۆ سابوونەی هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ جۆری قژەکە بگونجێت و ئەو کەسە دووربکەوێتەوە لەبەکارهێنانی مادەی کیمیاوی و پێویستە (حەمام زەیت) بەکاربهێنێت بۆ قژی و ڕێکخستنی خەو لەگەڵ خواردنی ڤیتامینات گرنگە. چونکە زۆرجار دڵەراوکێ و ناڕێکی خەو



www.netewe.com




دەبێتە هۆکاری وەرینی قژ، هەروەها پێویستە قژ بەوشکی شانە نەکرێت و شانەی داربەکار بهێنرێت بۆ شانەکردنی قژەکە بۆئەوەی تووشی (موخۆرکە) نەبێت.

**ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی رەنگ بەکاردەهێنن**

١. لەکاتی بەکارهێنانی پێوستە ئاگاداری پێستی رووخسار بیت، چونکە هەندێکجار پێستەکە حەساسیەی لەگەڵ یەکێک لەجۆرەکانی پێهکاتەی رەنگەکە هەیە. ئەوکاتە رووخسار تووشی هەوکردن دەبێت ئەگەر هاتوو هەوکردنەکە زۆر بەهێزبوو ئەوە شوێنەکەی وەک پەڵەیەکی رەشی لێدێت.

٢. رەنگ کاریگەری لەسەر ژنی دووگیان هەیە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی دووگیان ئامۆژگاری دەکرێت بەهیچ شیوەیەک رەنگ بەکارنەهێنن، چونکە ئەگەری دروستبوونی هەوکردنی پێستەکەو حەساسیەی دەبێت. ئەوکات دەبێت دەرمان بەکاربێنێت بۆ چارەسەر کردن، بەڵام ئەم دەرمانە کاریگەری لەسەر سکەکەی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان بۆ تەندروستی کۆرپەلەکە.

٣. رەنگکردن کاریگەری لەسەر دروستبوونی موخورکە، وەرینی قژ، دڕکردنی هەیەو بریسکەو رەنەوقی لەناودەبات. بۆیە پێوستە لەکاتی بەکارهێنانیدا لانیکەم چوارهەفتەی بەسەر بچێت، ئینجا دووبارە رەنگبکرێتەوە. چونکە رەنگی سروستی قژەکە لەناودەبات بەتایبەتی ئەگەر ئەو رەنگەی بەکاردەهێنرێت زۆر دووربێت لە رەنگە راستەقینەکەی.

٤. ئەو رەنگانەی کە پێکهاتەکەی لەسەری نەنووسراوە پێوستە بەهیچ جۆرێک بەکارنەهێنرێت. هەروەها لەکاتی بەکارهێنانی هەر رەنگێکدا پێوستە سەرەتا تاقیبکرێتەوە تۆزێکی لەپێست بدرێت ئەگەر نەبێتە هۆی خوران و ژان و هەوکردن ئەوکات ئاساییە دەتوانی بەکاری بێنێت.

**سانە سلێمان**

# زبڵەکەی نەخۆشخانەی کۆماری

کۆمپانیایەکی پاککەرەوەی نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بەفڕێدانی پاشماوەو زبڵی نەخۆشخانەکە، ڕۆژانە زبڵ و خاشاکی ئەو نەخۆشخانەیە لەبەردەم بەشی تاقیگەی گشتی و یەکەی گورچیلەی دەستکرد فڕێدەدات و شارەزایانی تەندروستیش لەوبڕوایەدان کۆکردنەوەی زبڵ لەبەردەم ئەو شوێنە هەستیارە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییان دروستدەکات.

تایبەت

کۆمپانیای (گۆڵدین کلیر) ئەرکی پاککردنەوەی نەخۆشخانەی کۆماری لەئەستۆیەو ڕۆژانە، پاشماوەی زبڵ و خاشاکی هەموو بەشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە لەبەرامبەر بەشی گورچیلەی دەستکردو تاقیگەی پشکنینی گشتی فڕێدەدات. نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، یەکێکە لە نەخۆشخانە گرنگەکان، بەڵام کۆبوونەوەی پاشماوەکانی زبڵ و خاشاک لە نزیک تاقیگەو شوێنە هەستیارەکانی ئەو نەخۆشخانەیە مەترسی دروستکردووە. د.شێرزاد عەلی پسپۆڕی نەخۆشییە گشتییەکان لەوبارەیەوە گوتی"هەبوونی خاشاک لەهەر شوێنێک واتە بڵاوبوونەوە نەخۆشی، بەتایبەتی لەشوێنیکی وەک نەخۆشخانەی کۆماری کە خۆی شوێنی چارەسەر کردنی خەڵکە، نابێت ئەو زبڵە لەناو نەخۆشخانە بێت، چونکە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ڤایرۆس و میکرۆب لەڕێگەی ئەم زبڵەوە زۆر ئاسانە، تەنیا لەڕێگای هەواو مێش و مەگەزەکانی ئەم شوێنە چەندین نەخۆشی بڵاودەبێتەوە، وەک ڕەشانەوەو سکچوون و تەنگە نەفسی".

شوێنی چاندنی گورچیلە کەوتووەتە بەرامبەر




ناونیشان: نەخۆشخانەی کۆماری بەردەم بەشی گورچیلەی دەستکرد

# دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی



نەخۆشخانەی کۆماری ئەوها هاووڵاتیان لە نەخۆشی دەپارێزێت

ئەو زبڵخانەیەو سبارەت بەمەترسییەکانی ئەو حاڵەتە دکتۆر شێرزاد دەڵێ:“هەوای ئەو شوێنە کاریگەری لەسەر شوێنی چاندنی گورچیلە هەیە، چونکە شوێنی چاندن زۆر هەستیارە. نەخۆش توانای بەرگری نامێنێت و دەشێوێت بەشێوەیەکی گشتی لەشیان ئامادەیی تێدایە بۆ تووشبوون بەهەر نەخۆشییەک و زۆر بەسادەییش نەخۆشی لەڕیگای هەواوە بڵاودەبێتەوە، یاخود لەهەناسەدان نەخۆشی بۆیان دەگوازرێتەوە“.

نوێنەری کۆمپانیای گۆڵدین کلیر بۆ پاککردنەوەی نەخۆشخانەی کۆماری (کوردۆ موحسین) دەربارەی فڕێدانی پاشماوەی نەخۆشخانەو خاشاک و زبڵەی ناو نەخۆشخانەکە گوتی:“ئێمە بەهۆی ئەو زبڵەوە تووشی کێشە بووینە، چونکە هیچ شوێنێک نییە زبڵەکەی لێ دانێین ئەمە دوو مانگە شارەوانی قەدەغەیکردووە زبڵ و پاشماوەی نەخۆشخانە ببینە دەرەوە، بۆیە ئێمەش ناچاربووین ئەم شوێنە هەڵبژێرین بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکە“.

لەبارەی هۆکاری قەدەغەکردنی فڕێدانی ئەو زبڵە بۆ دەرەوەی نەخۆشخانە نوێنەری کۆمپانیای گۆڵدین ئاماژە بەبڕیاری شارەوانی کردو گوتی“چونکە تەندەری نەخۆشخانەکان کۆمپانیا وەریگرتووەتەوەو دەبێ کۆمپانیا خۆی بەرپرس بێت لەدۆزینەوەی شوێن و فڕێدانی زبڵ و پاشماوەکە. ئێمەش ئەو شوێنەمان هەڵبژارد بۆجێگای کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوە نەخۆشخانەکە. زۆر ئاساییە زبڵ فڕێدرێتە سەر زەوی پێویستە لەبەرئەوەی حاوییەکانی زبڵ پەڕدەبێتەوە تا بەتاڵی دەکەین“.

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی پشکنینی نموونەیەکی ئەو پاشماوانە لەلایەن دکتۆر دڵشاد گەنجۆ لەتاقیگەی بەشی بایلۆژی کۆلیژی زانستی سەر بەزانکۆی سەلاحەدین دەرکەوت ئەو زبڵە چەندین ڤایرۆسی تیدایەکە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات وەک ڤایرۆسی سکچوون و رەشانەوە و گرانەتاو تیفۆ.

بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی کۆماری د.وڵات ئیبراهیم لەوبارەیەوە دەڵێ:“ئێمە دەزانین ئەو زبڵە لەناو نەخۆشخانە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و زیانی بۆ نەخۆشخانە هەیە، چونکە هەرکەسێک بێ و سەیری ئەو زبڵە بکات، ئەوکات گرنگی بەخزمەتەکانی نەخۆشخانە نادات و لایەنە باشەکانی نەخۆشخانە نابینێت، تەنیا چاوی خراپەکانی دەبینێت. بۆیە ئێمە کۆمپانیاکەمان ئاگادار کردۆتەوەو چارەسەری ئەو زبڵە بکات، ئەگەر بەزووترین کات چارەسەرێک بۆ ئەم بابەتە نەدۆزێتەوە ئێمە رێوشوێنی یاسایی دەگرینەبەر لەگەڵیان، چونکە بێگومان ئێمەش وەک پزیشک زیانەکان دەزانین و بەو حاڵەتە نیگەرانین.

www.netewe.com

# دوێنێ ئێوارێ وەکو شەراب ڕژایتە هەناوی شارەکەمەوە



نیشتمان بێنەوا ـ کفری

کات: ئێوارەیەکی شەرابی
شوێن: پارکێکی سەوز لە شەقامێکی پرتەقاڵی
لە(نیشەکەی خۆت)ەوە... بۆ ...(شێتیانی من، جوانترین خولقێنەری خودا..!!)

سەڵام ئەزیزم... خۆ باشی...؟؟؟؟ دڵنیام کە باشیت، چونکە من باشم... نازانم کاتەکانی یەکتردیتن یان با بڵێم چرکەکانی یەکتردیتن چونکە من واهەستەکەم کە تەنیا چەند چرکەیەک تۆم بینیوە... هەمیشە دەستم بەدوعایە کە ئەو چرکانە بەخەونیش بێت جارێکی دیکە بیانبینمەوە... ئەی هاوار ئەم نامانە کەی کۆتاییان دێت من شێت بووم ئەوەندە نامەم بۆ نووسیت، تۆش سەرگەردان بوویت ئەوەندە سەرقاڵی خوێندنەوەیان بوویت.

ئەزیزم ناچارین پیرۆزی بین ڕەنگە ژیان بەشی ئەوەی بۆ نەهێشتبینەوە کە پێویستمان بە نامە نەبێت، ئەی ئەوە نییە بە تەنیشتمەوە دانیشتبوویت کەچی مەسجێکم بۆ ئەنێری و ئەنووسی: "نیشە گیان خۆشمدەوێیت. ئەزانم وەک بودە زۆر بەبێتامی خۆشمدەوێیت." ئیدی چۆن ئەو هەموو ڕێگا دوورە نامە بۆ یەکتر نەنووسین... لە پارکێکی سەوزا حەزەکانمان هەڵدەوەرێت کە وەک دوو نەناس بەتەنیشتی یەکدا تێپەڕ ئەبین و سڵاوێکیش ناکەین... ئەمە کارەسات نییە....؟؟؟ یەکتری بەجێدێڵین و مەسجێک بۆ یەکتر دەنێرین و دەنووسین: "خوات لەگەڵ ئەزیزم"... ئەمە مەرگەسات نییە..؟؟

گیانەکەم سەرەڕای هەموو ئەمانە دوێنێ ئێوارێ شار شەرابی بوو... ئاوابوون زۆر جوان نمایشی خۆی دەکرد.. درەختەکانی پارکی شار زۆر شادومان بەدەم کزەبای ئێوارەوە سەمایان دەکرد... شەقامەکان پڕ بوون لە بۆن و ڕەنگی پرتەقاڵ.. ماڵەکەشمان قاقای لێدەباری... ئەمانە ئەزانی بۆچی...؟؟؟ شار ئەزانی بۆ هێندە زراڤ خۆی نمایش دەکـات...؟؟؟ چوون جوانترین ئافرێنەری خوا پیاسەی تێدا کـردووە...!!! هیوادارم جارێکیتر سەربەیتەوە تا جاربەجار سرووشتی شار برازێتەوەو برایم خانی دەلۆش بزەیەک بکات کاتی کە تۆ ئەبینێ... چوون ئەو زاتە هێندە لەبەر هەتاوی ئەو شەقامە ڕەش و تۆزاوییەی بەردەمیدا چاوەکانی ئەبلەق کرد بۆ میوانێ شەرابی ئاسوودەیی بڕژێنێتە هەناوی شارو زەردەخەنەیەکی خۆشحاڵی بخاتە سەرلێوی کیژۆڵەیەکی شار... لەتیف هەڵمەتیش بڕیاریداوە لە دوالاپەڕەی کتێبی "خواو شار بچکۆلەکەمان"دا داستانی کیژۆڵەیەکی عاشقی شارە بچکۆلەکەی بنووسێتەوە... تا ئەو کەڵەشاعیرە داستانەکەی تەواو دەکات من وشەکانم ڕادەگرم... بەیارمەتیت.!!

هەمیشە بەنیازی ئەو نەرمەنیگایەی کە وەک دوو نەناس لەپارکی شار گۆڕیمانەوە. قوربانت بم.... خۆشمدەوێیت... خۆ ئەزانم کە ئەشزانی.... دەی ئیتر خۆم بێتام ئەکەم... ئهم.




# به فیلمێک کێشەی ژنی کورد بەجیهان دەناسێنێ

تایبەت

جانۆ رۆژبەیانی سینەماکاری کورد لەئێستادا سەقاڵی کارکردنە لەفیلمی سینەمایی یەک مۆمک، دوو مۆمک، کە ئەو فیلمە باس لە کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردستان دەکات و بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە.

لەدەستپێکی دیـدارە تایبەتەکەی وارڤین جانۆ رۆژبەیانی، گوتی"کێشەکانی ژن زۆرن، لەوانەیە لەکوردستان کێشەکان کەمترین بـەبـەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی وەکو ئێران و سعودیا. چونکە مرۆڤی کورد پێشکەوتووترە، بـەڵام هێشتا کێشەی ژن هەیە، یەکێک لەوانە نەبوونی دەنگی ژنە، ژن بە نیو مرۆڤ حیسابەو تاوان بەرامبەر ژن زۆرە، خۆسووتاندن هەیە، خۆکوشتن هەیە، چونکە هیچ دەرفەتێکی دیکەیان نییە، هێشتا بەشوودانی زۆرەملێ مـاوە، فرەژنی ماوە، کێشەی ناموس و ئەو شتانەش هەیە، لەو فیلمەدا ئەمانەم نیشان داوە، بەڵام بەشێوازێک کە میللەتی کورد ناشیرین نەکات و بڵێن ئەها کوردیش وا لە ژن دەکەن. من کاتێک سیناریۆیەک دەنووسم بەشێوەیەکی زانستی بۆی دەچم و وەک کوردێکی دڵسۆز و وەک نوێنەرێکی ئەو میللەتە ئەرکێک لەسەر شانمە کە دیوێکی جوانی کورد نیشانی دنیا بدەم، کاتێک کە کێشەی ئافرەت نیشاندەدەم، دەبێ کێشەکە وەک خۆی نیشان بدەم".

ئەگەرچی فیلمەکەی لەسەر کێشەی ژنانەو دەیەوێ کێشەکانی ژنی کورد بەجیهان بناسێنێ، بەڵام دەرهێنەر نایشارێتەوە کە ئەکتەری ژنی دەستناکەوێ"کێشەم هەیە، زۆر زەحمەت بووە تا چەند ئەکتەرێکم دیاریکردووە، لەبەرئەوەی هەندێ لە دیمەنەکانی ناو فیلمەکە کە بابەتی ناموسی تێدایەو بەشێوەزاری کرمانجیشە، ئەکتەری ئافرەتی بادینیمان کەمە، بەنیازم هەوڵبدەم سەفەری ئەستەنبوڵ بکەم و لەوێ ئەکتەر پەیدا بکەم".

جانۆ، باسیش لەوە دەکات لەبەرئەوەی یەکێک لە رۆڵەکان ماچی تێدایەو ئەکتەری کوردی دەستنەکەوتووە کە دیالێکتی بادینی بزانێ و ئەوکارە بکات، بۆیە ئەکتەرێکی ئەڵمانی هەڵبژاردووە"یەکێک لە ئەکتەرەکانم کچێکی ئەڵمانە، چونکە ئەکتەری کورد نەبوو بۆ ئەو رۆڵە".

ئەگەرچی کۆمەڵێک رێکخراوی ژنـان هەن وەلێ تائێستا جانۆ، بۆ ئەوەی هاریکاری بکەن سەردانی نەکردوون."نەچوومەتە لای ئەو رێکخراوانە پێویستیشە بچم. ئەگەر کەسێک هەبێ و بەتوانابێ و تێستی بکەم زۆر باش دەبێ".

جانۆ، لایەنێکی دیکەی هۆکار بۆ نەبوونی ئەکتەر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە هەندێ ئەکتەر هـەن نایانەوێ لەگەڵ کەسی پسپۆڕ کار بکەن"هەندێ بـرادەر هەن نایانەوێ لەگەڵ دەرهێنەری پسپۆڕ کار بکەن، لەبەرئەوەی شێوازی سیناریۆکانم بەدیراسەت نووسراوە، دەبێ ئەکتەری پسپۆڕ بەشداربن".

www.netewe.com

# کێبڕکێی شاجوانی کوردستان لەسلێمانی بەڕێوەدەچێت

**نیگار حەسیب قەرەداغی وەک ژنێکی چالاکی بواری شانۆ و درامای کوردی هەرلە هەشتاوە دەستیکردووە بەکاری هونەری و دوای ئەوەی لەگەڵ شەماڵ عومەری هاوسەری بەرەو هەندەران کۆچیان کرد دانەبڕان و بەردەوامبوون، لەو دیدارەدا باس لەبەشێکی ژیانی خۆی و لابۆری شانۆی لالش و ڕەوشی شانۆی کوردی دەکات.**

تایبەت

بڕیارە لەمانگی داهاتوودا کێبڕکێی شاجوانی لەسلێمانی ساز بکرێت و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت لێژنەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە. هاوکات هەڵکەوت زاهیری ئاوازدانەر ڕێگەنادات ئەو کچانەی لەگەڵیدا کاردەکەن بەشداری لەو کێبڕکێیەدا بکەن. هەندێک لەڕێکخراوەکانی ژنان لەگەڵ سازدانی ئەو کێبڕکێیەدا نین و ڕەتیدەکەنەوە، پسپۆڕێکی جوانکاریش"سروشتی هەرێم بەرێگر لەبەردەم پێوەرەکانی جوانی کچان دەزانێت و مامۆستایەکی ئایینیش نمایشکردنی جەستەی ژنان بە"گوناه" دادەنێت.

کێبڕکێی شاجوانی یەکێکە لەکۆنترین ئەو کێبڕکێبڕکێ نێودەوڵەتییانەی تائێستا بەردەوامە. بۆ یەکەمجار لەبەریتانیا لەساڵی ١٩٥١ لەلایەن ئێریک مورلی، ئەنجامدراوە. ئێستا هاوسەری مورلی بەناوی جولیا مورلی سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوونە. زۆرێک لە کچانی کورد ئارەزووی ئەوە دەکەن وەک شاجوانی هەرێمەکە دەستنیشان بکرێن و هەندێکیشیان پێیانباشە ساڵانە ئەو کێبڕکێیە ساز بکرێت. کچە خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین بەناوی هاژە موحسین(٢٥)، لەبارەی سازدانی فیستیڤاڵ بۆ هەڵبژاردنی شاجوان، بەپێکەنینەوە دەڵێ:"شتێکی زۆر باشە، با ئێمەش شاجوانمان هەبێت". هەرچەندە وایدەبینێت ڕەنگە ئاسان نەبێت کاری لەوجۆرە بکرێت، چونکە بەڕای ئەو هەموو کچێک خۆی لا جوانە. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاهەنگی سەرەکی ئەو کێبڕکێیە لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان پەخشدەکرێت. لە ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار ئەو کێبڕکییە لەتەلەفزیۆنی (بی. بی. سی) پەخشکرا. لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەی بینەرانی گەیشتە لوتکەو لەملیارێک کەس نزیکبووەوە. ئەم ئاهەنگە



**هەڵکەوت زاهیر بۆ بەشداری گرووپەکەی مەرجی هەیە**

www.netew.com

لەهەندێک وڵات لەلایەن توندڕەوە ئیسلامی و یەهوودی و هیندۆسەکانەوە دژایەتی دەکرێت.

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی شاجوان

شاجوانەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک مەرجی تایبەت بەروخسار و جوانییانەوە دەستنیشان دەکرێن و لیژنەیەکی پسپۆڕ کاری دەستنیشانکردنەکە ئەنجامدەدات. لەمەرجە بنچینەییەکانی هەڵبژاردنی شاجوان ئەوانەن کە پێویستە شاجوان خاوەن رۆشنبیرییەکی باش بێت، بەتاوانی ئابووبەر سزا نەدرابێت، لەرووی رووخسار و جەستەوە پێویستە، قژی درێژ بێت، باڵای بەرز بێت، ملی درێژ بێت، لوتی بچووک بێت، چاوی گەورە بێت، قاچی بچووک بێت، دەنگی خۆش بێت و بۆ هەموو ئەو شتانەش ستاندارد هەیە.

## شاجوانی هەرێم هەڵدەبژێردرێت

سالانە لە وڵاتانی جیهاندا ئەو کێبڕکێیە لەرۆژێکی دیاریکراو ساز دەدرێت، ئەمساڵ کچێکی مەکسیکی بەناوی (جیمینا) (٢٢ ساڵ) توانی بەسەر ٨٢ رکابەرەکەیدا سەربکەوێت و نازناوی شاجوانی گەردوونی ٢٠١٠ بەدەستبهێنێت.

بەڕێوەبەری هونەری و رۆشنبیری سلێمانی و گەرمیان عەباس عەبدولڕەزاق لەوبارەیەوە دەڵێ: "فستیڤاڵی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ٢٥-١٠-٢٠١٠ دا لە شاری سلێمانی ئەنجامدەدرێت و لەئێستاشدا بەڕێوبەرایەتییەکەمان ئامادەکاری بۆ دەکات و تێیدا ئامادەکاریش بۆ پێشبڕکێی شاجوان دەکرێت".

گوتیشی: "لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت دانراوە بۆدیاریکردنی پێوانەی جوانی و هەڵبژاردنی شاجوانەکان".

گرووپی هەڵکەوت زاهیر بەشدار نابن

لە هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەک کچی شۆخ و شەنگ وەک گۆرانیبێژ دەرکەوتن و بوونەتە ئەستێرەی سەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. زۆرێک لەو کچانە لەگەڵ هەڵکەوت زاهیری ئاوازدانەر کار دەکەن. هەڵکەوت، لەبارەی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان لەوبڕوایەدایە هەنگاوێکی ئەرێنییە"سازدانی فیستڤاڵی لەو شێوەیە چەندەی زووتر سازبکرێت باشترە، چونکە ئەمڕۆ جوانی لەهەموو دونیا گرنگی پێدەدرێت". ئەو ئامادە نییە ئەو کچە هونەرمەندانەی لەگەڵ ئەودا کاردەکەن بەشداری پێبکات، ئەگەر نەزانێت ئەو لیژنەیە کێیە. ئەو باس لەوەش دەکات ئەو شارەزاییەکی زۆری هەیە لەهەڵبژاردنی پێوەرەکانی جوانی کچ. شەش ساڵ لەمەوبەر لەئاهەنگی جەژنیسەری ساڵدا پێشبڕکێیەکی شاجوانی بۆکچانی سلێمانی ئەنجامدرا کە تێیدا شەهێن جەمال بووە شاجوانی شاری سلێمانی.

## "نمایشکردنی ژنان شیاو نییە"

لەجیهاندا رێبازە ئاینییەکانی ئیسلام و جوولەکەو هیندۆس دژی ئەنجامدانی ئەو کێبڕکێیەن و بەدروستی نازانن و هەندێکجاریش توندڕەوەکان لەڕێی کاری تیرۆریستییەوە هەوڵی نەهێشتنی دەدەن.

لە ٢٠٠٦ شاجوانی هەڵبژێردراوی عێراق لەژێر هەڕەشەی توندڕەوەکان ناچار بوو عێراق بەرەو ئوردن بەجێبهێڵێت.

لە ١٩٩٦ توندڕەوەکان رێگرییان کرد لەکێبڕکێ هەڵبژاردنی شاجوانی لەهیندستان، لەبەرامبەر ئەوکارەدا کچە هیندییەکی ٢٤ ساڵ خۆی کوشت.

بۆچوونەکان لەبارەی ئەنجامدانی ئەو کێبڕکێیە لەهەرێمی کوردستاندا دژبەیەکن و هەیانە بەکارێکی سەردەمییانەو جوانی دەزانن و هەندێکی دیکە بە پاساوی جیاجیا رەتیدەکەنەوە.

سەیوان رۆستەم، بەڕێوەبەری رێکخراوی سایە باس لەوەدەکات زۆر بواری دیکە هەیە پێویستی بەگرنگیپێدانە، ئەگەرچی لەهەموو دونیا ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە دەکرێت، بەڵام بەڕای ئەو لەهەرێمی کوردستان پێویست نییە. "نمایشکردنی کچ لەهەرێم بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێت بۆ جوانییەکەی شیاو نییە. کەموو کوڕی زیاتر هەیە با ئەوان پڕ بکەینەوە ئینجا بێنە سەر ئەو شتانە؟".

هاوکات خوێندکار هاژە موحسین نە تەنیا کارەکەی پێ جوانە، بەڵکو پێیباشە ساڵانە ئەو فیستڤاڵە بەشێوەیەکی فراوان ساز بکرێت و دەرفەت بدرێتە کچانی کورد تائەوانیش جوانی خۆیان دەربخەن.

## سروشتی کوردستان رێگرە

لەلایەکی دیکەوە پسپۆری بواری جوانکاری پێیست د. کەژان عەلی ئەوە دەخاتەروو کە کچی کورد بەبەراورد لەگەڵ کچانی بیانی جیاوازییان نییە. بەڵکوو کچی زۆر جوان هەن. ئەو دەڵێ کە بەدخۆراکی لەساڵانی رابردوودا کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی باڵای کچ بەرز نەبێ و رووخسارییان جوان نەبێت"سروشتی کوردستان زۆر کاریگەرە بۆسەر ئەوە، چونکە وڵاتێکی شاخاوییە تیشکی سەروو وەنەوشەیی کاریگەری هەیە بەسەر رووخساری کچانەوە، ئەمانە هەموو کاریگەری هەیە بەسەر قژ و رووخسارو باڵای کچان".

## جوانی جەستە شاراوەیە

کۆچەر مەهدی، توێژەری کۆمەڵایەتی، دەڵێ هەڵبژاردنی شاجوان لە کوردستان هەنگاوێکی باشە، بەڵام کەلتووری کۆمەڵگا رێگردەبێت"چونکە کۆمەڵگای ئێمە تێڕوانینی بۆ جوانی ژن جیاوازە لەوەی دەرەوە. چونکە لای ئێمە پێوەری جوانی لای ژن هەڵسووکەوت و جوڵانەوەیە نەک شتی دیکە. جەستەی ژن شاراوەیە".

ئەو گوتیشی: "قبوڵکردنی ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە کاتی دەوێت و رۆشنبیری خەڵک زۆر گرنگە. هەرچەندە سەرەتایەکی باشە بۆ ئەوەی ژنان زیاتر گرنگی بدەن بەروخسارو و جەستەی خۆیان، بەڵام دڵنیام رووبەڕووی چەندین کێشە دەبنەوە".

نیان هەژار، (٣١)ساڵ دەڵێ کە لەناو هاوڕێیانی بەجوانترین کچ ناو دەبرێت. ئەو حەزدەکات بەشداری ئەو فیستیڤاڵە بکات، بەڵام نیگەرانە لەوەی لەو فیستیڤاڵە کچی جوانتری لێ بێت. ئەو دەڵێ"بەسروشتی خۆم جوانم، هەمیشە وەرزش دەکەم، مکیاج زۆر بە کەمی دەکەم". رای وایە لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ ئەو کارە دابنرێت.

"نمایشکردنی جەستەی ژن نەهی لێکراوە"

مامۆستا محەمەد سەکتانی، دەڵێ:"نمایشکردنی جەستەی ئافرەت بەمەبەستی سەرنجراکێشانی خەڵک نەهی لێکراوە، بەهەموو شێوەیەک حەرامە، من دژی ئەو جۆرە کارانەم. دڵنیام هەموو موسڵمانێک دژی ئەو کارەیە. هەر کەسێک ئەو کارە بکات تووشی گوناهێکی زۆر گەورە دەبێت".

بەڵام توێژەرێکی کۆمەڵایەتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە قسەکانی ئەم مەلایە رەتدەکردەوە گوتی:"ئایین و بیروڕا شتێکی تاکەکەسییەو کەسیش بۆی نییە بەناوی کۆمەڵانی خەڵکەوە قسە بکات و فتوای حەرام و حەڵاڵ بدات، چونکە هەندێ شت هەیە هیچ پەیوەندییەکی بە مەلاوە نییە".

**ئاڤان فارس**

www.metewe.com



www.netewe.com

# پێنج ئامۆژگاری بۆ ئاهەنگی گواستنەوە

ئـەگـەر دەتــەوێ لـەبـارەی رازانـدنـەوەی سفرەو خوانی نان خواردن شت بزانی ئەوا برۆ لەگوگڵدا بـەدوای زانیارییدا بگەڕێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرە دەیخەینە بەردەستت پەیوەندی بەئاهەنگی بووکگواستنەوەوە هەیە. ئەزموونی کەسانێکە بەراستگۆیی تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی ئەزموونی هاوسەرگیری و ئاهەنگی بووکگواستنەوەوە خستووەتە بەردەست. هیوادارین سوودیان هەبێ بۆت.

یەکەم، ئـاگـاداری کـات بـە: ئـەو ماوەیەی، کەلە دەستگیرانداریدای هەوڵبدە بەجوانی و بەهێواشی بەسەریبەریت و هەگیز خۆت تەنگەتاو مەکە بەبیرکردنەوە لەئامادەکارییەکانی ئاهەنگی بووووکگواستنەوە. خۆت زۆر سەقاڵ مەکەو بەهێمنی کارەکانت بەسەر کەسانی نزیک و هاوڕێکانتدا دابەش بکە. هەموو کاتەکانت تەرخان مەکە بۆ بازاڕ و کڕینی شتومەک، هەوڵبدە چێژ لەکاتەکانی خۆتان وەربگرن.

زۆرێک لەدەستگیرانداران لەماوەی دەستگیرانیدا هیچ چێژ لەتێپەڕینی کاتەکانیان وەرناگرن و تەنیا لەخەمی ئــەوەدان چۆن کارەکان کۆتاپێبهێنن.

دووهــەم، مۆبایل لـەگـەڵ خـۆت مـەبـە: تۆ بووکی پێویستت بەوە هەیە لەکاتی ئاهەنگی گواستنەوەدا مێشکت تەواو ئاسوودە بێت. ڕۆژێک پێش ئاهەنگەکە هاوڕێکانت ئاگادار بکەرەوە کە مۆبایل هەڵناگریت و کەسێکی دیکەی نزیکت وەڵامـی پەیوەندییەکان دەداتــەوە. هەوڵبدە ئەوکاتەی ئاهەنگەکە ساز دەکرێت دوور و نزیک بیر لەمۆبایلەکەت و پەیوەندییەکان نەکەیتەوە.

سێهەم، فرمێسک نەڕێژی: هەوڵبدە زاڵبیت بەسەر هەستەکانتداو نەکەی لەکاتی ئاهەنگەکەدا ڕێگە بەخۆت بدەی بگریت. چونکە گریانی تۆ کەس دڵخۆش ناکات، جگە لەوەی مکیاژو و ئارایشتەکەت تێکدەدات، هەوڵبدە ئەوکاتە ئەگەر دڵتەنگبوویت لەناخی خۆتدا ئاوازێک بچڕە، هەستیش بەوە بکە، ئەوانەی دەوروبەرت هەموو کامێرا یان مۆبایلیان پێیەو وێنەت دەگــرن. ڕێ بـەخـۆت مـەدە بەشێوەیەکی خەمبار دەربکەویت.

چــوارەم، چرکەساتێکی خـۆش بژی: ئـەو هەستە لای خـۆت دروستبکە، تۆ بۆ خۆشەویستی و دەستپێکی ژیانێکی نوێ ئاهەنگی هاوسەرگیریت ئەنجامداوە. ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێگەت گوێیان پێمەدەو نیگەران مەبە. ڕەنگە گرفتی تەکنیکی بێنەڕێگەی ئاهەنگەکەت، ڕەنگە شتێک بڕژێت، کارەبا بپچڕێت، بەڵام تۆ بیرلەوە بکەرەوە، هەموو ئەو شتانە تەواو دەبن و ئەوەی دەمێنێتەوە خۆشەویستییە.

پێنجەم، سوپاسی میوانەکانت بیرنەچێت: لەکۆتایی ئاهەنگەکەتدا بیرت نەچێت ئەوانەی هاتوون بۆ لای تۆ و بەخۆشی تۆوە هاتوون. پێویستە یەکبەیەک سوپاسیان بکەیت و دیاری و چەپکە گوڵەکانیان بەخەندەوە وەربگریت. جوانترین دیاری تۆ بۆ ئەوان خەندەو بزەی سەر لێوت و ڕێزدانانە بۆ ماندووبوونیان.



# چۆن لە ٣٠ خولەکدا میزاجی خۆت دەگۆڕی؟

ڕەنگە بەدەستهێنانی خۆشبەختی و ئاسوودەیی کارێکی ئەستەم نەبێت، بەڵام بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورەیە، لەئێستاوە بیرلەوە بکەرەوە تۆ چۆن دەتوانییت لەماوەی تەنیا ٣٠ خولەکدا خۆشبەختی و ئاسوودەیی بەدڵت ببەخشییت.

بۆ بەدەستهێنانی ئاسوودەیی پەیڕەوی لەم خاڵانەی خوارەوە بکە:

یەکەم: ئاستی چالاکی و تواناکانت زیاتر بکە، ئەگەر بەمۆبایل قسە دەکەیت و بەپێوە وەستاویت ئەوا دەست بەڕۆیشتن بکە، لەبری بەکارهێنانی ئاسانسۆر بەپلیکانەدا سەرکەوەو دابەزە، ئاستی کارو چالاکییەکانت زیاتر بکەو تین و وزە بەشێوازی قسە کردنت بدە، هەموو کاتژمێرێک ١٠ خولەک بە پێ پیاسە بکە، جووڵان هۆکاری دەردانی هۆرمۆنەکانی ئاسوودەییەو جووڵەی خوێن زیاتر دەکات و ئارامیت پێدەبەخشێت.

دووهەم: لەدەرەوە پیاسە بکەو خۆت لەتیشکی خۆر مەشارەوە، ڕووناکی هۆیەکە بۆ پاراستنی ئەو ماددە کیمیاییانەی، کە لەمێشک دەردەدرێن، هۆکاری باشبوونی میزاجن، ڕۆژانە هەوڵبدە ١٥ خولەک بەلای کەمەوە تیشکی خۆر لێت بدات.

سێهەم: هەوڵبدە هەمیشە لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵ هاوڕێکانت و لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی و سەردانیکردنەوە هاوڕێکانت بەسەر بکەرەوەو لێیانئزیک بەرەوە چونکە هاوڕێیەتی کلیلی خۆشبەختییە، کاتێک بەجوانی لەگەڵ خەڵک مامەڵە دەکەیت، زیاتر بەختەوەر دەبیت.

چوارەم: خۆت بپارێزە لەو وادەو سۆزانەی کە نیگەرانت دەکەن و دڵت پێیانخۆش نییە، بۆ نموونە وادەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک پێویستە خۆتی لێ ڕزگار بکەیت و هەروەها ئەو وادانەش دوامەخە کە نیگەرانت دەکەن و هەوڵبدە بەزوویی لەدەستیان ڕزگارت بێت بۆ ئەوەی زوو خۆشی و ئاسوودەیی ڕووت تێبکاتەوە.

پێنجەم: کەشێکی هێمن بۆ خۆت و دەوروبەرت بخوڵقێنەو زوو هەڵمەچۆ و هەڵەشەیی ڕەفتار مەکەو هەوڵبدە زاڵ بیت بەسەر تووڕەبوون و نیگەرانییەکانی خۆتداو هەوڵبدە هەمیشە بەئارامی ڕەفتار بکەیت.

شەشەم: کارێکی باش بکە، لەئێستاوە دەست پێبکە، ئایا داواکاری هاوڕێیەکت جێبەجێکردووە؟ پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونت لەکەسێک کردووە؟ ئەمڕۆ دیاریت بەهاوڕێیەکت بەخشییوە؟ بیر لەو شتانە بکەرەوە، بێکار دامەنیشە، هەر ساتێک کارێکی باش بکە.

حەوتەم: ژیانی کەسێکت ڕزگار کردووە؟ کارێکت کردووە ویژدانی خۆت و بەرامبەرەکانت ئاسوودە بکەیت؟ هەوڵدە هاوکاری هەژارێک، داماوێک بکەیت، یان خۆشەویستی خۆت بۆ هاوسەرەکەت دەرببڕە، بیرلە ژیانی کەسانی دیکە بکەرەوە، ئەگەر لەتواناتدا هەیە کارێکی خۆبەخشانە لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانی ژنانێکی چەوساوە، منداڵێکی بێلانەو برسی ئەنجامبدە.

هەشتەم: بەئاسوودەییەوە هەڵسووکەوت بکە، هەتا ئەگەر هەستیشت بەئاسوودەیی نەکرد، هەوڵبدە ئاسوودە بیت، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەرکەوتووە مرۆڤ دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر میزاجی خۆیدا، سەیری گرتەی ڤیدیۆیی پێکەنیناوی بکە، نوکتەو قەسەی خۆش بخوێنەوە، یان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستتدا نوکتە بگێڕەوەو پێبکەنە.

نۆیەم: شتێکی نوێ فێر بە، بیر لەبابەتێک بکەرەوە، کە ئارەزووت لێی هەیە، بۆ نموونە زمانێکی نوێ فێر ببە، لەڕێگەی ئینتەرنێت یان کتێبەوە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێ. فێربوون شتێکی گرنگە لەژیانماندا بەهۆیەوە هەست بەئاسوودەیی و باڵابوونی تواناکانمان دەکەین.

بەدەستهێنانی ئاسوودەیی ئامانجێکی خۆپەرستانە نییەو هەوڵبدە هەمیشە ئاسوودە بیت و هەرگیز ڕێگە مەدە خەمومەینەتییەکانی ژیان کاریگەری لەسەر میزاج و دڵت بەجێبهێڵن و کار بکە بۆ ئەوەی هەمیشە ڕووگەش و خاوەن میزاجێکی باش و گەش بیت.

www.netewe.com



## ژیوار شێخولئیسلامی

# دەنگی ژنە کورد

تایبەت هونەرمەند ژیوار شێخولئیسلامی، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا دەڵێت کە ئەوان لە ئێران تەنیا دەتوانن کۆنسێرت بۆ ژنان بکەن و هەروەها بەهۆی ئەوەی مۆڵەتیان پێنادرێت ناتوانن بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە. ژیوار، ژنە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەو لەشاری سنە لەدایکبووە. ئەو ئێستا لە تاران دەژی و ساڵانێکە بەرپرسی گروپی کیژانی ژیوارە کە ئەو گروپە ٨ ئەندامی هەیەو تائێستا چەندین کۆنسێرتی گۆرانییان بە زمانی کوردی و فارسی سازکردووە.

### دایکی بە گۆرانییەکانی ئارام بووەتەوە

ژیوار، سەبارەت بە دەستپێکی کاری هونەری دەڵێ کەلە تەمەنی٧ ساڵیدا گۆرانییەکی هونەرمەند شەهرام نازری گوتووەتەوەو دایکیشی زۆری پێخۆش بووە"هەرکاتێک دایکم دڵی تەنگ دەبوو دەیگوت توخودا ئەو گۆرانیەم بۆ بڵێ". ئەو هەروەها دەڵێ کە لەقوتابخانەش بەردەوام حەزی کردووە گۆرانی بچڕێت"کە چوومە قوتابخانە لەکۆتایی وانەکاندا هەمیشە دەستم بەرزدەکردەوەو روخسەتم لە مامۆستا وەردەگرت تا گۆرانی بڵێم. بەو شێوەیە کارم کردو لەبەرئەوەی باوکم دەرویش بوو دەمزانی دەف بژەنم".

### چارەنووس بەرەو تارانی بردووە

ژیوار کە دێتە باسکردن لەسەر قۆناغی هەرزەکاری و دوای تەمەنی ١٣ ساڵی دەڵێ چونکە شیعر و ئەدەبیات و شانۆگەری پێخۆش بووە لەئەنجوومەنی ئەدەبی مەولەوی کوردستان کاریکردووە، دواتر کە بۆ فێستیڤاڵێک چوونەتە تاران لەوێ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بە یەکجاری لە تاران ماوەتەوەو لە ئەنجوومەنی ئەدەبی کاری کردووە. وەک خۆی گوتی هەر لە تاران شووی کردووە.

### هاوسەرەکەی هانیداوەو باوکی پێی عەیب بووە

لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا چڕینی گۆرانی لەلایەن ژنانەوە وەک عەیبە سەیرکراوە. بۆیە زۆرجاربنەماڵە لەجێی ئەوەی ببێتە هاندەر و پاڵپشت دەبێتە رێگر و کۆسپ. ژیواریش نموونەی یەکێک لەو ژنانەیە کە ئەو کێشەیەی هەبووە."هەرکاتێک لە قوتابخانە دەنگم بەرزببووایەوە باوکم دەیگوت عەیبە گۆرانی مەڵێ، گۆرانیگوتن بۆ کور هاتووە بۆ کچ نەهاتووە، بەڵام کاتێک هاتمە تاران شەرەفی ئەوەم پێبرا لەگەڵ (د.جەبار زادە) کە مامۆستای ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو و لەرێگای شیعرەکانمەوە ئاشنای بووم و دواتر ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێنا، ئەوکات پیاوەکەم پێیگوتم کە تۆ دەنگت ئاوا خۆشە برۆ بەشێوازێکی ئەکادیمی فێری گۆرانی گوتن بە، بۆیە منیش دەستم بە مەقامی ئێرانی کرد".

### یەکەم گرووپی موزیکی کچان

ژیوار شێخولئیسلامی، یەکەم کچی کوردە کە توانیویەتی لە تاران گروپێکی تایبەتی کچانە دابمەزرێنێ، ئەو دەڵێ کە مامۆستایەکی پێشنیازی گرووپی موزیکی کچانی خستووەتە بەردەمی و ئەویش جێبەجێی کردووە"یەکێک لە مامۆستاکانم گوتی ئێمە گروپی کچانمان نییە، تۆ کچێکی کوردی بۆ

نایەی ئەو کارە بکەی، دوای ئەوە گروپەکەمان بووە باشترین گروپی کچان لە تاران“.

ژیوار، باس لە کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بابەتە دەکات و نەبوونی ژەنیاری کچ بەکێشەی سەرەکی دادەنێ“بەردەوام بیرم دەکردەوە کە ئایا دەتوانم ببمە ژنێکی کورد و بتوانم گروپێکی کچان دابنێم، بیرم کردەوە کە کچی کوردمان نەبوو ژەنیارێکی باش بێ، بۆیە ناچاربووم لە زانکۆی هونەری تاران بەدوای کچانی میوزیکژەن بگەڕێم، کارەکەمان کردو یەکەمینجار لە فێستیڤاڵی فەجر کۆنسێرتمان کردو گروپی ژیوار بووە یەکەمین گروپ کەلە کوردستان و کاریگەر بوو لەسەر ئەوەی فەرهەنگی مۆسیقای ژنان دروست بێ.

## به جلی کوردییەوە لە باڵیۆزخانەکان کۆنسێرت دەکەن

ژیوار، بەشانازییەوە باس لەوە دەکات کە گروپەکەیان جگە لەکۆنسێرتەکانی ناو نەیانهێشت بگەینە مەکسیک“.

## ناتوانن ئەلبۆم بڵاو بکەنەوە

ئەگەرچی ئەو گروپە تائێستا چەندین کۆنسێرتیان سازکردووە، بەڵام هیچ ئەلبۆمێکی بڵاونەکراوەیان نییە. ژیوار، بۆ ئەو بابەتە یاساکانی ئێران بە رێگر دەزانێ“لەبەرئەوەی لە ئێران ئێمە تەنیا دەتوانین بۆ ژن کۆنسێرت بکەین ناتوانین بۆ هەردوو رەگەز بیکەین، بەرهەمێکیشمان هەبێ کێ دەیکڕێ، چونکە مۆڵەتی ئەوەمان نییە بەرهەمەکانمان بڵاوبکەینەوەو خەڵک گوێی لێبێ، کە بەداخەوە زوڵمێکی زۆر گەورەیە“.

## کاریگەرییان لەسەر ژن هەیە

ژیوار، جگە لەدروستکردنی گروپەکەی خۆی باس لەوە دەکات کە گروپەکەی ئەوان بووەتە هۆی دروستبوونی گروپێک لە سنە“ئەو گروپەی ئێمە بۆ یەکەمجار کەلە سنە

## باکووری هونەرمەند سەرسامی کردووە

ژیوار، لەم سەردانەیدا بۆ کوردستان و بەتایبەتیش هەولێر باس لەئاوەدانی شارەکەو هونەرمەندانی دەکات و شانازی بەوەوە دەکات کە چەند هونەرمەندێکی گەورەی بینیوە“خەڵکێکی زۆر باش و بێ فرتوفێڵ و بێ کێشەو پاک، مۆسیقاژەنێکی باشی وەک مامۆستا سەید ئەحمەد رواندزی کە شانازییە بۆمن چوومە لای، مامۆستا نایف، بەڵام مامۆستا باکووری ٨ ساڵ لەمەوبەر هاتە ئێران بۆ نەخۆشی، لەوێ بینیم و پۆستەرێکم پێیدا، ئەوەی خۆش بوو کە ئەمجارە هاتمە ئێرە بەیانییەکەی کە چوومە لای پۆستەرەکەی هەڵگرتبوو، ئەوە بۆمن زۆر خۆش بوو کە هونەرمەندێکی ئاوا بە تەمەن ئەوەندە رێزم دەگرێ“.

# ێک لەهەناوی تاراندا

تاران لە سەرتاپای ئێران کۆنسێرت دەکەن و لەناو هەموو باڵیۆزخانەکانی وڵاتانیش کۆنسێرت رێکدەخەن“لەناو باڵیۆزخانەکان هەر باڵیۆزخانەو رۆژێکی تایبەتی هەیە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆی، شانازی بەوە دەکەم هەر رۆژێک شتێکی واهەبێ بە گروپی ژیوار دەڵێن و ئێمەش لەبەردەم ئەو هەموو خەڵکە بیانییە بە جلوبەرگی کوردی گۆرانی دەڵێین“.

## ئەنفلۆنزای باڵندە رێگر بوو

ژیوار باس لەوە دەکات کە گروپەکەی ئەوان توانیویەتی سنووری ئێران ببەزێنێ. ئەو داوەتکردنیان لە فێستیڤاڵێکی مەکسیک بە نموونە دەهێنێتەوە“بۆ فێستیڤاڵی ئۆلەز لە مەکسیک داوەتکراین کە یەکەم گروپ بووین لە ئێران ٨ ئافرەت بچێتە مەکسیک. تەنیا بۆ فێستیڤاڵی مەکسیک، بەڵام لە شانسی ئێمە ئەنفلۆنزای باڵندە هات و تا فەرەنسا چووین و

کۆنسێرتمان کرد بووە هۆی ئەوەی لەناو هۆڵ کچان گروپێکی دیکە پێکبهێنن. ئەوەم پێخۆشەو شانازی پێوە دەکەم کە بووینە هۆکاری فەرهەنگسازی لەناو کورد. ئێستا لە سنە ئێمە کچمان هەیە ساز دەژەنێ، کە لەمەوپێش هیچ کچێک سازی نەدەژەنی، بەڵام ئێستا ئەوە هەیەو هەتا لەناو گروپی پیاوان ٣ ژەنیاری ژن دەبینی“.



www.nelewe.com

# ئاوڕێك لەمێژووی دەنگی سۆپرانۆی کلاسیك

## کاتیا ریچەرێللی

**سامان عەلی سابونچی**

کاتیا، لەخێزانێکی بەختەوەر و ئارامدا چاوناکاتەوە، باوکی سەرباز دەبێت و لەکاتی هێرشی نازییەکان بۆ سەر روسیا دەنێردرێت و ناگەڕێتەوە. دایکی بەرپرسیارێتی سێ کچی لەئەستۆدا دەبێت کە کاتیا بچووکترینیانە. کاتیا، لەمندالّییەوە ئارەزووی گۆرانیگوتنی دەبێت، بەهۆی سەختی ژیان و نەبوونییەوە، چەندین کار دەگۆڕێت، دایکی کە هەستدەکات کچەکەی خولیایەکی زۆری موزیکی هەیە، بەزەحمەتییەکی زۆر و کارکردنی زیادەوە دەگاتە ئەو ئاواتەی کاتیای کچی ناونووس بـکـات لەکۆنسەرڤەتۆریۆی "بێنێدێتتو مارچێللۆ لە ڤینیسیا" و لەگەڵ سۆپرانۆی بە ناوبانگدا "ئیریس ئادامی کۆڕادێتتی" دەخوێنێت. شێوازی سۆپرانۆی کاتیا لیریک بووە.

کاتیا ریچەرێللی لە ١٨ی یەنیوەری سالّی ١٩٤٦ لەرۆڤیگۆ (شارۆچکەیەکی سەر بەهەرێمی ڤێنێتۆی ئیتالیا) لەدایکبووەو سێهەم مندالّی خێزانەکەیان بووە.

لەسەرەتای لاویـیـەوە، لەبەر نەبوونی و هـەژاری، زۆر کاری کردووە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیـان، کرێکار بووە لە کارگەیەکی دروستکردنی کاسێت و دواتر چەندین کاری کردووە لەمارکێتەکانی ئەوکاتە وەک "وپیم".

دوای تـــەواو کـردنـی کۆنسەرڤەتۆریۆ، بەسەرکەوتوویی، دەچێتە ناو دونیای موزیکی کلاسیک و یەکەم دەرکەوتنی کە بۆی دەبێتە ناوبانگێکی باش، لەمانتۆڤا-ئیتاليا لەسالّی ١٩٦٩ دا دەبێت. کاتێک بەشداری ئۆپێرای لابۆهێم (ئۆپێرایەکی لیریکی بەناوبانگە، لە نووسینی جاکۆمۆ پوچینی "١٨٥٨-١٩٢٤". سەرچاوەی ئۆپێراکە لەرۆمانی هێنری مورگەرەوە وەرگیراوە). دوای سالّێک بەشداری لە ئۆپێرایەکیتری گرنگدەکات، لە شاری پارما-ئیتاليا بە ناوی ئیل ترۆڤەتۆرێ (ئۆپێرایەکە لەنووسینی جوزێپپێ ڤێردی "١٨١٣-١٩٠١" گـەورە موزیسیانی ئیتالی، و پێشتلر و بۆ یەکەمینجار لەسالّی ١٩٥٣ دا لە رۆما پێشکەشکراوە). سالّی ١٩٧١ بۆ یەکەمینجار خەلاّتی پێشبرکێی "نێونەتەوەیی دەنگەکانی ڤێردییەکان" بەدەستدەهێنێت کە "رای" رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئیتالی رێکیخستبوو.

کاتیا، لەژیانی هاوسەریدا خۆشبەخت نەبووە، وەک خۆی دەڵـێ، دوور نییە زۆربەی کێشەکانی ژیانی بەخۆی دروستی نەکردبن، ئافرەتێکی هەست ناسک و بێدەنگ بووە، بەردەوام خۆی بەدوورگرتووە لەچاوی میدیاکاران و هەرگیز لەسەری نەنووسراوە جگەلە هەڵسەنگاندنی کارەکانی نەبێت، چەندجارێک بەهۆی هەڵە لە کارە هونەریەکەیدا، بەر هێرشی میدیا کاران کەوتووەو ئازاری داوەو بۆ ماوەیەک دوورکەوتۆتەوە لە بەشداریکردنی ئۆپێرا.

کاتیا ریچەرێللی، کەسێک بـووە دڵپیسی لەمێردی کردووەو لای خۆشییەوە ویستویەتی غیرە لای مێردەکەی درووستبکات، بەلاّم سـەرکـەوتـوونـەبـووە. لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دوای جیابوونەوەی لەمێردەکەی دەڵــێ: "زۆر غیرەم لەمێردەکەم دەکـرد، لەبەرئەوەی بـەردەوام کارەکەی لەناو کچی گەنج و جواندا بـووە، بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەو غیرەی لەمن نەدەکرد، چەندینجار چەپکە گولّم بەدروستکردنداوەو ئـەدرەێـسـی خـۆمـانـم لـەسـەر نـووسـیـوە کاتێک دەگەیشت، دەمگووت ئەم چەپکە گولّە دەبـێـت کـــێ



www.netewe.com









ناردبێتی؟ ئەو لەوەڵامدا دەیگووت، ناسراویت دەبێت یەکێک بێت لەهەوادارانت. ئەمەش بۆ من کارەساتبوو بەڕاستی کە لێینەدەپرسیمەوە یان دڵی پیس نەدەکرد، تا گەیشتە ئەوەی هەندێکجار نووسینیشم دەنووسی بێناو، هەر کاریگەری نەبوو، ناچار وازمهێنا لەوکارە، لەبەر ئەوەی نیوەی مووچەکەم لەمانگێکدا بەو کارانە دەدا و بێئەنجام بوو.

کاتیا، بەردەوام لەگەڵ کارەکەیدا، هەوڵی بەدەستهێنانی کاریتریشی داوەو گوتوویەتی ئەمکارە هونەرییەی من لەکاتێکدا توانای دەنگ نەما دەبێت بگەڕێمەوە ژیانی هەژاری سەرەتا. بۆیە لەساڵی ١٩٩١ "ئەکادیمیای نێودەوڵەتی لیریکی کاتیا ریچەرێللی" دادەمەزرێنێت و خۆی سەرۆک و مامۆستاش دەبێت. لەساڵی ١٩٩٨ وە بەڕێوەبەری هونەری "شانۆی پۆلیتێیاما"ی شاری لێچێ وەردەگرێت و ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٥ هەمان بەرپرسیارێتی لە"سفێریستێریۆ ماچێراتا" لەشاری ماچێراتای پێدەسپێردرێت.

دوای ١٣ ساڵ ژیان لەگەڵ ژۆزێ کارێراس (Josè Carreras" بەرشەلۆنە ١٩٤٦"، تێنۆری بەناوبانگی ئیسپانی)، لە ١٨ یەنیوەری ١٩٨٦دا، هاوسەرگیری لەگەڵ بەناوبانگترین و ناسراوترین پێشکەشکاری مێژووی تەلەفزیۆنی ئیتالی پیپۆ باودۆ (Pippo Baudo " کەتانیا ١٩٣٦") پێک دەهێنێت، بەهۆی ڕێکنەکەوتن و کێشەی بەردەوام و غیرەی کاتیاوە، دوای دوو ساڵ بەردەوام باسیان لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەکان و قووڵترکردنەوەی کێشەکانیان، دواتر لەڕێی میدیاکانەوەو دانان بەهەڵەکانیداو قەبووڵنەکردنی لەلایەن مێردەکەیەوە بەهیچ جۆرێک بۆ گەڕانەوە بۆ لای یەکتر، لەساڵی ٢٠٠٤ دا جودا دەبنەوە.

ریچەرێللی لەساڵی ٢٠٠٧ دا رووله دونیای سیاسەت دەکات و خۆی لەسەر لیستی هاوبەندی چەپی ناوەڕاست دەپاڵێوێت بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ئیتاڵیا، بۆ شارەوانی"ڕۆدی گاگانیکۆ" (شارەوانییەکی سەر بەشاری فۆجەی هەرێمی پولیای باشووری ئیتالیایەو دانیشتووانی٣٦٨١ کەس بووە، کەوتۆتە قەراخ دەریای ئەدریاتیکیەوە)، بەڵام دوای دوو مانگ پاڵێوراوییەکەی دەکێشێتەوە، بەهۆکاری نەبوونی کات بۆ ئەو پۆستەو نەگونجانی لەگەڵ کارە هونەریەکەیدا.

لەساڵی ٢٠٠٩ دا، کاتیا هاووڵاتی شەرەفی شارۆچکەی"پیللێتسانۆ"ی سەر بەشاری سەلێرنۆی پێدەبەخشرێت، بۆ ئەو خزمەت و هاریکارییەی پێیبەخشیون و وەک هونەرمەندێک کە جێی شانازی ئیتالیەکانە. بەشداری لە ٩٣ ئۆپێرای بەناوبانگی داهێنەرە موزیکییەکانی جیهانی و بەشداری ٤ فیلمی سینەمایی و ٥ فیلمی تەلەفزیۆنی کردووە. تائێستاش بەردەوامە لەبەشداری و ئامادەکردنی کۆنسێرتی خێرخوازی و خۆبەخش لەپێناو هاریکاری هەژاران و ڕێکخراوە مەدەنی و مرۆڤدۆستەکان.

سۆپرانۆ: دەستەواژەیەکی موزیکییە، بۆ ئەو دەنگانە بەکار دەبردرێت کە تۆنیان بەرزە، واتە لەتۆنی "دۆ"ی ناوەندەوە دەستپێدەکات تا"ڕێ" بیمۆلی ئۆکتاڤی بەرزتر، شێوە سەرەکییەکانی سۆپرانۆ بریتینلە:سۆپرانۆی سووک، لیریک، دراماتیک و سۆپرانیست)

www.netewe.com

### وەزیری ڕۆشنبیری ڕێگر بووەو سەرۆکی حکوومەتیش وەڵامی نەداونەتەوە

# دەرهێنەری فیلمی گەڕەکی داهۆڵەکان بەقەرز چووە فێستیڤاڵی پوسان

فیلمێکی سینەمایی کوردی بۆ بەشداریکردن لە ٣٠ فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی وەرگیراوەو بڕیارە لەفێستیڤاڵی نێونەتەوەیی پوسانی سینەمایی نمایشبکرێت و هەرچەندە فیلمەکە بەرهەمی بەڕێوبەرایەتی سینەمای هەولێرە، بەڵام وەزیری ڕۆشنبیری ڕێگریکردووە لەئیفادکردنی بەڕێوەبەری بەرهەمەکەو ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە جیهانییەو سەرچاوەیەکیش لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەڵێ"وەزیری ڕۆشنبیری هیچ بەلایەوە گرنگ نییە فیلمی کوردی بچێتە فێستیڤاڵ یان نا". و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمیش داوای سینەماکارانی کوردی پشتگوێخستووەو دوای ١٧ ڕۆژ چاوەڕوانی وەڵامی نەداونەتەوە.

هەولێر

فیلمی سینەمایی گەڕەکی داهۆڵەکان هونەرمەند (حەسەن عەلی) بەکەڵکوەرگرتن لەچیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکانی شێرزاد حەسەن، ئامادەیکردووەو بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەمی هێناوە. ئەم فیلمە بەستافێکی تەواو خۆماڵی بەرهەمهاتووەو ئێستا لەزیاتر لە ٣٠ فیستیڤاڵی جیهانی وەرگیراوە. گرنگترینیان فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سینەمایی پوسانە کە ئەو فیلمە لەبەشی پێشبڕکێی سەرەکی ئاسیا لەگەڵ ٣ فیلمی دیکە لەکێبڕکێدایە.

بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە هەریەک لە (حەسەن عەلی- دەرهێنەر، موحسین محەمەد- بەڕێوەبەری بەرهەم، وەلید مەعروف جارۆ- ئەکتەری سەرەکی) داوەت بوون، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەزامەند نەبوو لەسەر ئیفادکردنی ئەوان، بۆیە تەنیا دەرهێنەر بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە بەقەرز گەشتی کرد.

## فێستیڤاڵی فیلمی پوسان

فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سینەمایی پوسان لەساڵی ١٩٩٦ دامەزراوەو ساڵانە لە ٧ تا ١٤ی ئۆکتۆبەر لەشاری پوسانی کۆریای باشوور بەڕێوەدەچێ. هەروەک لەماڵپەڕی فەرمی فێستیڤاڵەکەدا هاتووە، ئەو فێستیڤاڵە دوو بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێ کە بریتین لە: بەشی کێبڕکێی سەرەکی ئاسیاو کێبڕکێی سەرەکی جیهانی، خەڵاتەکانی ئەو فێستیڤاڵەش بۆ براوەی یەکەم بریتییەلە ٣٠ هەزار دۆلار.

## گەڕەکی داهۆڵەکان لەکێبڕکێی سەرەکی ئاسیا

بۆ خولی چواردەهەمینی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سینەمایی پوسان ئەمساڵ فیلمی سینەمایی (گەڕەکی داهۆڵەکان) لەبەشی کێبڕکێی سەرەکی ئاسیا لەگەڵ ٣ فیلمی دیکە بەشدارە. موحسین محەمەد بەڕێوەبەری بەرهەم، ئەو هەلە بەدەرفەتێکی مێژوویی دەزانێ"فیلمەکەی ئێمە خۆشبەختانە لەبەشی بەرهەمهێنانی گەورە کە بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە لەفێستیڤاڵێکی گەورەی جیهانی وەک پوسان لەبەشی پێشبڕکێی سەرەکی ئاسیا وەرگیراوە، ئەوە خەونی هەموو دەزگایەکە بەرهەمی بگاتە ئەو جێگایە".

## نەیانهێشت ستافەکەی بچێت

وەک ستافی فیلمەکە ڕایدەگەیەنن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خودی وەزیری ڕۆشنبیری ڕێگربوونە لەوەی ئەوان بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا بکەن و ببنە نوێنەری کورد."لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە قەت عەقڵ و مەنتق قبووڵی ناکات وەزارەت خۆی ئامادەنییە فیلمەکەی و ستافەکەی بچێ یان نەچێ، لاشی گرنگ نییە، لە شوێنی ئەوەی وەزارەت ئاهەنگ بگێڕێ کە بەرهەمێکی لەبەشی پێشبڕکێی پوسان وەرگیراوە، دەڵێ ئەوە زۆر گرنگ نییە، ئەکتەر و بەڕێوەبەری بەرهەم لەسەر ئەرکی خۆتان بڕۆن" ئەمە گوتەی موحسین محەمەد بوو.

## وەزیر نەیهێشتووە نووسراوی پێ بکەن

وەلید مەعروف، ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە باس لەهۆکاری نەچوونی دەکات و پێیوایە لەوەدا بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێریش تاوانبارە"داوەتنامەکەمان بردەلای بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر، دواتر چوومەوە لای و لێمپرسی گوتم نووسراوت پێیکرد؟ گوتی من نووسراوم نەکردووە، لەبەرئەوەی وەزیر گوتوویەتی نووسراوی پێ مەکە، منیش پێمگوت تۆ چ پەیوەندیت بەوەزیر هەیە، دەبێ تۆ نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بکەی و ئەوان بۆ وەزارەتی بکەن، تۆ نووسراوی پێ بکەو هەقت نەبێ، ئەویش گوتی نایکەم، چونکە وەزیر ناهێڵێ".

## ڕووداوێکی دەگمەن

موحسین، ئەو ڕەفتارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و خودی وەزیر بەکارێکی زۆر نەگونجاو دەزانێت و پێیوایە لەگەڵ مەنتقدا یەکناگرێتەوە"ئەوەی

www.netewe.com



رووبـــداوه لەمێژووی سینەمای هیچ وڵاتێکدا روویننەداوە، هەر لایەنێکی بەرهەمهێن لەدنیادا هەوڵدەدا بەرهەمەکەی بناسرێ و دەنگ بداتەوە، مـێـژووی سینەمای هـەر وڵاتێک بخوێنیتەوەو لەکەلتووری هەر وڵاتێک بکۆڵییەوە ئەمە جێگای پێکەنینەو سووکایەتیکردنە بەسینەما، ئەو بەزمەی وەزارەتـی رۆشنبیری بە سینەمای کردووە ئەمە وێستگەی سووکایەتی کردنە بەسینەما".

## با چیتر فیلم بەرهەم نەهێنرێت

هونەرمەندانی کورد پێیانوایە لەم قۆناغەدا فیلمی کوردی تەنیا بۆ فێستیڤاڵ بەرهەم دێ. چونکە ئێستا فیلمی کوردی لە قۆناغی ئەمنی قەومیدایە" فیلمی کوردی ئێستا لە قۆناغی ئەمنی قەومییە، نابێ تەنیا باڵەخانە بەرز بکەینەوە، دەبێ هونەر و سینەماش پێشبخەین، بۆ ئەوەش دەبێ تێکەڵی جیهان بین و حکوومەت هاوکاری بکات". رێڤین عەساف بەپشت بەستن بەئەزموونی دەرەکی خۆی ئەم قسانە دەکات و دەڵێ"لە ئەڵمانیا ئەگەر فیلمت هەبێ و لەفێستیڤاڵ بەشداربێت حکوومەت نەک خۆی دەتنێرێت، بەڵکو ئۆفیسێکیش دەگرێ بۆ راپەراندنی کارەکانت".

موحسین محەمەد، پێیوایە ئەوە بەهەدەردانی سامانی میللەتە"تۆ فیلم بەرهەم دێنی و دەتەوێ فیلمەکە هەڵبگیرێ و دەرهێنەر و ئەکتەرەکە نەڕوا، ئەوە بەهەدەردانی سامانی میللەت و پارە نییە، ئەگەر بڕوات بە سینەما نییە دایخە". هەروەک موحسین محەممەد، دەڵێ کە وەزیر ناهێڵێ ئێمە بچین بۆچی خۆی وەک بینەرێک دەچێتە فێستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی لە سویسرا؟

هەر بۆ فێستیڤاڵی پوسانی ئەمساڵ ٢٨ هونەرمەند لەدهۆک چوونە پوسان و لەوێ ئاهەنگ دەگێڕن، بەڵام لەهەولێر لە ٣ کەس تەنیا دەرهێنەرێک رۆیشتووە ئەویش بەقەرز، هەروەک هونەرمەندان دەڵێن لـەزۆر دەرگـای دیکەمان دا، بەڵام کەس نەیتوانی هاوکاریمان بکات"لەزۆر دەرگامان دا، بـەڵام هیچمان پێنەکرا، تەنانەت چووینە لای هەندێ کۆمپانیای کەرتی تایبەتیش، ئەوانیش هیچیان پێنەکرا بۆمان".

## ناتوانرێ فیلمەکە بفرۆشرێ

بەگوێرەی ئەو راگەیاندنەی لەفێستیڤاڵەکەدا هاتووە، ئەو فیلمە کوردییە لەرۆژانی "١٠-١١-١٢" نمایشدەکرێ بۆ فرۆشتن و پرسی مارکێتینگ، بەڵام هونەرمەندان و شارەزایان دەڵێن"ئەگەر بەڕێوەبەری بەرهەم لەوێ نەبێ ناکرێت فیلمەکە بفرۆشرێ بەمەش هەلی فرۆشتنی ئـەو فیلمە نامێنێ"فیلم لە ئاسیا گەر بکڕدرێ کەمتر نییە لەملیۆنێک دۆلار، کـەواتـە ئـەوە جگە لـەوەی سووکایەتی بەهونەرمەندانی هەولێر کرد گورزێکی کوشندەشی لەداهاتی نیشتمانی ئەو میللەتەدا".

## کۆنگرەی رۆژنامەوانی بۆ رێکخرابوو

هونەرمەند وەلید مەعروف کە ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەیە رایدەگەیەنێ ئەو جگە لەبەشداریکردنی وەک ئەکتەر کۆنگرەی رۆژنامەوانیشی بۆ رێکخراوە، بەڵام نەیتوانیوە بچێ"چەندینجار تەلەفۆنیان دەکرد و جەختیان لەسەر چوون یان نەچوونم دەکردەوە. چونکە کۆنگرەی رۆژنامەوانیم بۆ رێکخرابوو، لەبەرئەوەی دیارە ئەم نواندنەی من لە فیلمەکە کردوومە بەدڵیان بـووە، هەموو هونەرمەندێک چاوەڕێی ئەم دەرفەتە دەکـات و یەکجار بۆی دەڕەخسێ بەسەر فەرشی سوور بکەوێ".

## ناچاری نەبا نەدەچووم

ئـەوکـاتـەی پـەیوەندیمان بـە حـەسـەن عەلی، دەرهێنەرەوە کرد لەناو فڕۆکە بوو، بە قوڕگی پڕ لەگریانەوە گوتی:"زۆر ناخۆشە نەهێڵن ئەکتەری سەرەکی و بەڕێوەبەری بەرهەم بەشداربێ لە پێشبرکێی سەرەکی، بۆ من زۆر ناخۆشە کە ئەوان ئەوەندە ماندوو بوونەو ناتوانن لەوێ لە نمایشی فیلمەکەی خۆیان ئامادەبن، منیش کە بەتەنیام زۆر بێتاقەتم و ئەگەر ئامادەبوونم زۆر گرنگ نەبا بەتەنیا چوون زۆر ناخۆشە".

حەسەنیش رایدەگەیەنێ کە وەزارەت ئیفادیان نەکردووەو بەقەرزو قۆڵە چـووە"وەزارەت منیشی ئیفاد نەکرد، لەسەر حیسابی خۆم و بەهاوکاری هەندێ برادەر سەفەرەکەم دەکەم".

## سەرۆکی حکوومەتیش وەڵامی نەداونەتەوە

وەلید مەعروف، دەڵێ دوای ئەوەی لە وەزارەت بێئومێد بـوون هانایان بۆ سەرۆکی حکوومەت بردووە"لەرێگای نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پـەیوەندیمان کرد و بە ئیمێڵی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی حکوومەت و شتەکانم بۆی ناردو بۆم روونکردەوە بۆچی پێویستە بچین، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەداینەوە".

## پارەی ئەو فیلمە بۆ شتی دیکە بووە

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی دەست وارڤین کەوتووە لەبودجەی ئەم فیلمەدا ٦٥ ملیۆن دینار بۆ دانەوەی قەرزی فیلمی"کەواتا چاوەڕێ بە" خەرج کراوەو ٢٥ ملیۆن بۆ ریستۆرانتی سەفین و ٢٥ ملیۆن بۆ هوتێل (دیا)و ١٥ ملیۆن بۆ نووسینگەی وەزیر، ئەگەر وانەبا ئێستا ستافەکە بەبێ کێشە دەیانتوانی سەفەر بکەن. لەلایەکی دیکەوە وەزیری رۆشنبیری دەڵـێ ئـەوان لەو بڕیارەیان راستن و پێویست بەقسەلەسەر کردن ناکات". سەرچاوەیەکی دیکەش لە وەزارەت رایگەیاند ئەو وەزیرە هیچ بەلایەوە گرنگ نییە فیلمی کوردی بچێتە فێستیڤاڵ یان نا، ئەمەش یەکەم فیلم نییە وای بەسەردێ، چەند فیلمێکی دیکە هەمان بەزمیان پێکراوە.

سەبارەت بەدەرخستنی هەڵوێستی و وەڵامی بۆ ئەو لێدوانانە وارڤین پـەیوەندیکرد بەوەزیری رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر کاوە مەحمود، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ روونکردنەوەیەک بخاتەروو و گوتی ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێت و بەو ئاسانییە ناکرێ قسەی لەسەر بکرێت.

www.metelwe.com

# خۆشەویستی لە رۆژ



**لە پای خۆشەویستی دا
پەنجا و یەك ساڵ و نۆ مانگ
و چوار رۆژ چاوەڕوانی**

**سیروان رەحیم**

ناوی فیلم: خۆشەویستی لە رۆژگاری* کۆلێرا دا

سیناریۆ: رۆناڵد هارڤود

دەرهێنەر: مایک نۆوەیل

بەرهەمهێنەر: سکۆت شتایندۆرف

وڵاتی بەرهەمهێنەر: ئەمەریکا

موزیک: ئەنتۆنیۆ پینتۆ، شاکیرا

ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٧

کامێرا: ئەفۆنزۆ بیئاتۆ

مۆنتاژ: مایک ئاودسلای

١٣٣ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاورەنگ

زمان: ئینگلیزی

لە رۆمانی "خۆشەویستی لە رۆژگاری* کۆلێرا دا" ی کابریل گارسیا مارگیزەوە، کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوی کردۆتەوە.







www.nnetewe.com

# گـــــاری کۆلێرا دا

**LOVE**

IN THE TIME OF

**CHOLERA**







www.netewe.com

سەرەتایەکی کورت سەبارەت بە ڕۆمانەکە:

"خۆشەویستی لە ڕۆژگاری* کۆلێرا دا" ڕۆمانی نووسەری کۆلۆمبی گابریل گارسیا مارگیزە (١٩٢٧). مارگیز هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئەدەبیات (١٩٨٢). ئەم ڕۆمانە یەکێک لە بەرهەمە ناسراوەکانی ئەو نووسەرەیە. بابەتی ئەڤین و ژیان بویەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکە بەرجەستە دەکەن. بەرهەمێکە لەبەرهەمە پرواتاکانی ئەدەبیات لەسەدەی بیستەمدا.

**بابەتی فیلمەکە:**

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ئاوێتەیەکە لەباسی ژیان و چیرۆکی خۆشەویستی فەرمینا دازا و فلۆرەنتینۆ ئاریزا. ئەو دووانە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەیەکێک لەشارۆچکەکانی کەنار زەریا، لە وڵاتی کۆلۆمبیا دەژین و یەک دەناسن. یەکدەناسن و دڵ بەیەکدەدەن. هەموو ڕۆژێ فلۆرەنتینۆ نامەی دڵداری بۆ فەرمینا دەنووسێت و ئەڤینی بەتین و تاوی خۆی لەدڵەوە بۆ ئەو نازدارە دەردەبڕێت. فەرمیناش هەموو ڕۆژ وەڵامی نامەکانی ئەڤیندارەکەی دەداتەوە. فلۆرەنتینۆ کوڕی بێوەژنێکی بێکەس و بێدەرامەتە. کاری تەلەگرافیچییە. فەرمیناش تاقانەی باوکێکی دەوڵەمەندە. باوکی فەرمینا کابرایەکی نەخوێندەواری جامبازە، پاش ئەوەی ڕازی نابێت کچەکەی شوو بەتەلەگرافچییەک بکات، بۆ ماوەیەک کچەکە کەنارگیر دەبێت و لەباوکی یاخی دەبێت. کابرا دەچێتە کن فلۆرەنتینۆ و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی لێدەکات، ئەگەر واز لەکچەکەی نەهێنێ. کاتێک باوکی فەرمینا بەفلۆرەنتینۆ دەڵێ: ئەگەر دەستبەرداری کچەکەم نەبیت، ئەوا ( بەدەم قسەوە بەشێوەیەک چەمکی چاکەتەکەی لادەدات دەمانچەکەی دەربکەوێت) چەک دێتە گۆ.

فلۆرەنتینۆی ئەڤیندار بەرسڤدەدا و دەڵێ:(ئەمیش دەست دەخاتە سەر سینەی ڕووتی) بۆ نا؟ چی لەوە خۆشترە مرۆڤ لەپێناوی ئەڤیندا پێبکرێت!

کابرا دەزانێ ئەم ئەڤیندارە لاوە چاوترسێن ناکرێت. بۆیە بڕیاردەدات ئەو شارە بەجێبهێڵێت و بەرەو ئاوایی باوان بگەڕێتەوە. ساڵێک لەوێ، لەو ئاواییە بەسەردەبەن. بەرلە گەڕانەوە، کابرا تەماحی زۆری سەروەت و سامان وەبەر کچەی دەنێ، هەموو کلیلەکانی ماڵی پێشکەش دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڕانەوەدا دڵنیابێت فلۆرەنتینۆ لەبیردەکات. پاش گەڕانەوە، باوک فەرمینای کچی قایل دەکات شوو بە دوکتۆر یوفەنال ئۆربینۆ بکات. فەرمیناو دوکتۆر ئوربینۆ پاش کێشمەکێش و بگرەوبەردەیەکی سەخت پێکدەگەن و خێزان پێکەوە دەنێن. بەڵام فلۆرەنتینۆ بەڵێندەدات هەرگیز دەستبەرداری ئەڤینی فەرمینا نەبێت. بڕیارێک لەوجۆرەی (یان فەرمینا یاخود گڵ!).

یان فەرمینا یاخود لەگەڵ هیچ ژنێکدا ناچێتەژێر هەواری هاوسەرێتییەوە. هەروایش دەبێت و فلۆرەنتیۆنۆ تادەمێکی درێژ بەتەنیا دەمێنێتەوە. دەمێک بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەچاوەڕوانی مردنی دکتۆر ئۆربینۆدا بەسەردەبات. ئەو دەمە درێژە دەکێشێت، درێژە کێشانێک لە پەنجا ساڵ زیاتر. ئەڤینێکی بەردەوام پڕ جووڵەو هەمیشە پڕ وزە لەهەناوی ئەم پیاوەدایە بۆ فەرمیناو هەرگیز نایەوێ فەرمینا لەبیربکات. هەرچەندە کار و بەدەستخستنی نان وا لە فلۆرەنتینۆ دەکەن چەندین ڕۆژە ڕێ لە شارەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، بەڵام هەمیشە یاد و ئەڤینی فەرمینای لەتەکدایە. سەرباری ئەوەی بەردەوام هاوڕێی ژن، باوەشی گەرم و سەرجێیکردنی هەیە، بەڵام هەرگیز بۆ ساتێکیش ئەڤینی ئەو ژنە لەدڵ و لەبیرکردنەوەی داناماڵێت.

کاتێک دوکتۆر ئۆربینۆ بەهەشتا ساڵی دەمرێت، دیسان فلۆرەنتینۆر بەهەمان هێزی جارانەوە، هێزی لاوێتیی ئەڤینداریک، دەست بەنامەنووسین دەکاتەوە، تاکو تیرێژی ویست و ئارەزووی دڵی فەرمینا دەگێڕێتەوە سەر جەستەی نسێ لێکەوتووی خۆی. بەڵام بە چ هەوڵ و تێکۆشانێک؟ بێگومان کەسانی وەک فلۆرەنتینۆ دەگمەنن کە بەو چەشنە دەستبەرداری خۆشەویستی خۆیان نابن ئەگەر هەموو ژیانیشی لەپێناودا بکەن بەقوربانی.

سپێدەیەکی ئارام کاتێک فلۆرەنتینۆی پیر و ئەمەریکای تەنکە ژن و لاو لیکئاڵاون، زەنگی ناوەختی کڵێسا لێدەدات. لێدانی زەنگی کڵێسا، دڵی فلۆرەنتینۆ ئاریزایش دەخاتە لێدان. زەنگی کڵێسا لێدەدا و ئاماژە بەمردنی کەسێکی ناوداری شارەکە دەکات. لەم کاتەدا ئەمەریکای شۆخ، کە لەبیستەکانی تەمەندایەو خوێندکاری زانکۆیە، لەباوەشی فلۆرەنتینۆدا داخوازی ڕوحی لێ دووبارەدەکاتەوە. بەڵام دڵی فلۆرەنتینۆ بۆ دنیایەکیتر داخورپاوە. "گەلۆ دەبێ ئەو بێ مردبێت؟" هێشتا فلۆرەنتینۆ دڵنیا نییە کەسە مردووەکە دوکتۆر ئۆربینۆی هاوسەری فەرمینا دازایە، بەڵام دڵی هەواڵێکی وەهای بۆ درکاندووە، بۆیە بەئەمەریکا دەڵێ: ئەمەریکا بڕۆ، من کارێکی گرنگم لەبەرە. ئەمەریکا سەری سوڕدەمێنێ لەو قسەیە. فلۆرەنتینۆ ئاریزا دەچێت و لەبەڕێکردنی تەرمی دکتۆر ئۆربینۆدا بەشدار دەبێت. ئەم بەمەرگی ئەو خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام لەو تەدارەکی بەڕێکردنی تەرمەدا لەناوەوە دەسووتێ، کەس نازانێ سووتانی ئەو بۆ فرمێسکەکانی فەرمینای بێوەژنە کاتێک بە کوڵ بۆ مردنی مێردەکەی دەگری. پاش ئەو تەدارەکە ڕاستەوخۆ فلۆرەنتینۆی عاشق دەچێتە کن فەرمینای ڕەشپۆش و تاسەبار. سەنیۆر ئاریزا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تێکەڵ لەدڵەڕاوکێ، نادڵنیایی و هەستی پاڵنەری ئەڤیندارێک بۆ پارانەوە، بە فەرمینا دەڵێ: پەنجاو یەک ساڵ و نۆ مانگ و چوار ڕۆژە چاوەڕوانی ئەم ساتەم.

بەڵام فەرمینا هاوار بەسەر هەستی ئەم ئەڤیندارە چاوەڕوانەدا دەکات و دەری دەکاتە دەرێ.

فلۆرەنتینۆ ئاریزا پاش ئەم وەدەرنانە، دەست بەنووسینی نامە دەکاتەوە بۆ فەرمینا، ئەو ژنەی ئێستا جوانی و شۆخییەکەی ژاکاوە، بەڵام بۆ فلۆرەنتینۆ لەوە جوانترە ئێمە بیری لێدەکەینەوە. بۆ فلۆرەنتینۆ ئەوەندە دڵگرە کە ئەمەریکای خوێندکاری زانکۆی بۆ بڕەنجێنێ و دەست بەڕووی ئەو تەنکە ژنەوە بنێت بۆی. ئەڤین لە ڕوونی تیشک دەچێ کاتێک ئەمەریکای خوێندکاری زانکۆ دەیەوێ وەکو هەموو ڕۆژ باوەش بەفلۆرەنتینۆی تەمەن ٧٢ ساڵەدا بکات و ماچی بکات، بەڵام ئەو پیرەمێردە بەئەمەریکای لاو دەڵێ:

"بڕۆوە بۆ زانکۆ من ژن دەهێنم."

ئەمەریکا نایەوێ باوەڕ بکات، بەشێوەیەکی تێکەڵ لە ناز و گومان دەڵێ:

"درۆ دەکەی، پیرەمێردی وەکو تۆ و ژنهێنان!"

کاتێک فلۆرەنتینۆی پیرەمێرد بە زمانی سیما تێیدەگەیەنێت، بەڵێ ژن دەهێنم، سەرەتا ئەمەریکا دەپرسێ:

"کێیە؟ بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، دەڵێ:

www.newewe.com

نامەیێ بزانم کێیە، چونکە هەر کێ بێت، ژیانی
منی وێران کرد."

***

ئێستا فلۆرەنتینۆ ئاریزا یەکێکە لە پیاوە دەوڵەمەندە ناسراوەکان، بەڵام بۆ ئەو تاکە ئامانج و ویستی سەرەکی ژیان هەرگیز ئەوە نەبووە. بەڵکو گەیشتن بە فەرمینا هەموو شتێک بووە بۆ ئەم. ئەم وەک مامی نییە کاتێک دایکی مرد، رووی لێ نا بە پارە یارمەتی بدا، بەڵام مامی فلۆرەنتینۆ ئاریزا، داواکەی رەتکردەوە و گوتی من دەوڵەمەند نیم تا پارەت بدەمێ. فلۆرەنتینۆ بە مامی گوت، بەڵێ تۆ دەوڵەمەندی. مامی گوتی، نە من دەوڵەمەند نیم، هەژارێکم پارەدار. ئێستا فلۆرەنتینۆ ئاریزا دەوڵەمەندە و پارەدار، بەڵام وەک هەمیشە چاوی لە ئەڤینەکەی فەرمینایە، بۆیە بەهەمانهێزی جارانەوە دەست بەنامەنووسین دەکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ گەیشتنی هەموو نامەیەکیدا فەرمینا هەڵدەچێت و نامەکەی دەدڕێنێت.

بۆ فلۆرەنتینۆ ئاریزا گرنگترین شتی ژیان ئەڤینە. ئەو بۆ ئەڤین دەژی. کاتێک مامی لەسەردەمێکی زووتردا پێیدەڵێ، فەرمینا شوویکرد. ئەمیش دەڵێ، بەڵام من چاوەڕێی دەکەم، چاوەڕێ دەکەم تا مێردەکەی دەمرێت، گرینگ نییە ئەمە چەندساڵ دەخایەنێت. تۆ شێتی، وەڵامی مامی ئەمەیە بۆی.

تەنانەت ئەو کاتێ لای مامی کاردەکات، هەموو نامە فەرمییەکانی بازرگانی بە زمانی ئەڤین دەنووسێت، مامی پێیدەڵێ، ئەمە چ زمانێکە؟ نامەی فەرمی نابێ وابنووسرێت، ئەویش دەڵێ، نە وەها باشتر و گونجاوترە.

بەو هێزەوە لە ٧٢ ساڵی تەمەندا دەست بەنامەنوسین دەکاتەوەو بەردەوام دەبێت. تا ئەو رۆژەی لەبری هەڵچوون و فڕێدانی نامە، فەرمینا رادەمێنێت و دەستدەکات بەخوێندنەوەی دوا نامەی فلۆرەنتینۆ. ئەوە دوا نامەیەو ئیدی فەرمینا ئەو بۆ ماڵەکەی بانگهێشت دەکات.

مارکیز پاڵەوانێکی دروستکردووە لەبیر ناکرێت. فلۆرەنتینۆ ئاریزا پاڵەوانی ئەڤینەو دەسەڵاتی ئەڤینی بەدەستەوەیە. دەنا لە رۆژگاری کۆلێرا و جەنگ و نەهامەتیدا، لەو رۆژگارەدا مرۆڤ تەلگرافچی و کوڕی بێوەژنێکی بێکەس بێت، ئەگەر دەسەڵاتی ئەڤین شک نەبات، چۆن دڵ دەدات بە فەرمینای تاقانەی کچە دەوڵەمەندێک، دڵگرییەک هیچ کێشەیەک لەو کێشانەی ئەو رۆژگارە نابینێت و سەرنجی راناکێشن، ئەڤینی فەرمینا نەبێت.

***

چەندرۆژێک بەرلەوەی فلۆرەنتینۆ بۆ هەمیشە بە فەرمینا بگات و ئیتر پێکەوە بژین، یەکێک لە هاوکارە کەمتەمەنەکانی لێیدەپرسێ:

ئائێستا لەگەڵ چەند ژندا سەجێیت کردووە؟

فلۆرەنتینۆ زۆر ئاسایی وەڵامدەداتەوەو دەڵێ: لەگەڵ ٦٢٢ ژندا کە پیاوەکەی هاوکاری لێیدەپرسێت، ئەوە بۆ هەمیشە ژنان دڵی تۆ رادەگرن و دڵتناشکێنن، فلۆرەنتینۆ دەڵێ: ژنان لەمندا کەسێک دەبینن تەنیا. راستییەکەی وەهایە، ژنان باشتر پیاو دەبینن و دیوی ناوەوەی پیاوان دەخوێننەوە. هەر ژنێک فلۆرەنتینۆی بینیبێ و دواندبێتی درکی بەوە کردووە ئەم پیاوە لە وڵاتی ئەڤین و لەنیشتمانی خۆشەویستی خۆی دابڕاوە.

کاتێک فەرمیناو فلۆرەنتینۆ لەناو کەشتی و لەئامێزی زەریادا پێکدەگەن، لەو تەمەنەدا دەچنە مانگی هەنگوینەوە، فلۆەنتینۆ بەرلەوەی لە فەرمینای دڵبەری بئاڵێ، پێیدەڵێ:

دەزانی بە پاکیزەیی خۆمم بۆت پاراست.

فەرمینا دوو شت دەڵێ، یەکێکیان بە وشە، (درۆ دەکەی) و دووهەمیان بە چاو (دەست پێبکە).

بەڵام ئەو پاکیزەییەی ئەو باسی دەکات دیوێکی بەهێزی راستی تێدایە. دوو دیوە، ئەو دیوەی لەگەڵ ٦٢٢ ژندا ئاوێتە بووە ئاشکرایە، بەڵام دیوی خۆشەویستیشی هەیە. دیوێک نەبیندراوەو دەستلێنەدراوە. ئەو خۆشەویستی خۆی بەپاکیزەیی بۆ فەرمینا هەڵگرت و نەیدا بەهیچ ژنێکتر. ئەو هەمیشە تەنیا، پیاوێکی تەنیا لە هەناویدا بوو، وەکو خۆی دەڵێ ژنان ئەوەیان دەبینی!

بەردەوام ئەو پرسیارە لە فلۆرەنتینۆ کراوە:

چەند چاوەڕوانی ئەڤین دەکەی؟

ئەویش هەمیشە یەک وەڵامی هەبووە:

"تا ئەوکاتەی پێیدەگەم".

لەکۆتایی فیلمەکەدا کە ئێمە هەر دەنگی فلۆرەنتینۆ دەبیستین، دیمەنی دڵکێشی کەشتییەک دەبینین بەرەو خۆرنشین دەچێ و ئەڤینێکی گەورەو جاویدانی لەئامێز گرتووە، ئەو دەنگە دەڵێ:

پەنجاو سێ ساڵ و حەفت مانگ و یازدە رۆژ و شەو چاوەڕێ بووم و پێیگەیشتم.

هاوکاتیش کە فەرمینا لێیدەپرسێ:

پێتوایە هەتا کەی لێرە دەمێنینەوە؟

فلۆرەنتینۆ دەڵێ:

بۆ هەمیشە.

ئەوان بۆ هەمیشە دەچنە ئامێزی یەکەوەو کەشتییش بەردەوام لەجووڵاندایە.

بە فیلمکردنی رۆمان:

دیارە فیلمی ١٢٠-١٣٠ خولەکی ناتوانێ هەموو رۆمانێک بەسەرجەم وردەکاری و بێ لێبڕین بگوازێتەوە، ئەوە کاری نەکردەیە. بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن دەرهێنەر و سیناریست دەتوانن رۆمانەکە بگوازنەوەو وەریبگێڕنە سەر زمانی فیلم. چۆن و بە چ ئاوایەک دەکرێت ئەو هەست و ساتانەی رۆمان بەبواری وێنەو زمانی ئاماژەدا بەبینەری سینەما بگات. ناکرێ رۆمانێکی وەک ئەمەی مارکیز سەرتاپای بخرێتەناو ئەو ١٣٣ خولەکەوە، نەدەکرێ و نەپێویستیشە، ئەگەر کەسانێک هەن چاوەڕوانی ئەمەن با بچن رۆمانەکە بخوێننەوە، خوێندنەوەی رۆمانەکە بۆ چاوەڕوانی ئەوان بەسە. بەڵام لێرەدا رۆمان بەشێوەیەکی دی دەخرێتە بەردیدە. کەرەستەیەکیتری دەربڕین هەیە و رۆمان دەبێت بەهەوێنی. دەبێ ئێمە ئەم خاڵەمان لە یاد نەچێت و شتەکان تێکەڵ نەکەین.

بێگومان کەم نین ئەوانەی پێیانوایە رۆمانی خۆشەویستی لەرۆژگاری کۆلێرا دا باشنەکراوە بە فیلم. دیارە زۆریشن ئەوانەی فیلمەکەیان بە دڵە. دەنا زیاتر لە پێنج مانگ لە سینەماکانی ئەورووپا کاری نەدەکردو ئەو هەموو بینەرەی نەدەبوو. لەنێو راگەیاندنەکانی ئەورووپادا هەردوو بۆچوون هەبوون. بۆچوونێک پێیوایە بەرهەمەکە خراپ ئامادە کراوە، بەرانبەر بەمەیش بۆچوونێکی تر پێیوایە فیلمێکە"نایاب".

* خۆشەویستی لە دەمی، یان لە سەردەمی کۆلێرا دا.

www.netewe.com

# چاکی مەکەن با خراپ نەبێت؟!!



بەهرە حەمەڕەش

پێداچوونەوە بەچۆنێتی دابەشکردنی بودجەو خەرجکردنی سەروەت و سامانی وڵات و دانانی سیستەمێک بۆ خەرجکردنی داهاتی گشتی خواستی هەر تاکێکی بەویژدان و پێشکەوتنخوازە، بەڵام بەمەرجێک ئەوەش وەک "چاکسازی"یەکانیتر خراپتر نەکرێت. گەندەڵی ئیداری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی لەحکوومەتە شەفافەکەی ئێمەدا گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت سەرۆکی حکوومەتیش ناتوانێت نکۆڵی لێبکات. هەبوونی مووچەی دیوەخانەی حزبەکان، مووچەی ئۆتۆمبیل، بودجەی دەزگاحکوومی و حزبییەکان، پۆلیس و ئاسایشی بن دیوار، ڕێکخراو و دەزگا راگەیاندنە حزبییەکان، لەسەر بنەمای خزمایەتی و حزبایەتی، لەئاستێکدایە کە بەرپرسان لەجیهانەکەی خۆیاندا، هەریەک پاشایەکی خاوەن کۆیلەو دەستوپێوەندە، لێپێچینەوەو بەدواداچوونیش لەقاموسی کاری حکوومەتدا هەر باس ناکرێت.

ئەگەر بڕیاربێت حکوومەت پێداچوونەوە بە چۆنیەتی خەرجکردنی بودجە بکات، پێویستە لە بڕینی مووچەی دیوەخانەی حزبەکان و میزانیە تایبەتییەکەی بەرپرسانەوە دەستپێبکات کە خەرجی نەوتی سەماوەری ماڵەکانیشیان دەکەن بە وەسڵ و مانگانە لەبودجەی گشتی وەریدەگرنەوە. پرسیارێکی سەدبارەو بێوەڵام لەمێشکی هەمواندا دەخولێتەوە، کە بۆچی هەرکاتێک باس لەپێداچوونەوەی خەرجی بودجەو بەهەدەردانی سامانی وڵات دەکرێت، یەکراست خەیاڵە بەرفراوان و دیموکراسی خوازەکەی حکوومەت بەلای بودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا راگەیاندنەکاندا دەچێت؟ لەکاتێدا زۆرترین پارە دەچێتە گیرفانی بەرپرسە باڵاکان و کەس جورئەتی باسکردنیشی ناکات نەک پێداچوونەوە. ئەگەر کابینەی شەشی حکوومەت بەجیدی لەهەوڵی کەمکردنەوەی گەندەڵیدایە با لەئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسانەوە دەستپێبکات کە پێشبڕکێی بەرزکردنەوەی ڤێلاو زیادکردنی سامانیانە. ئەگەر بەخەگرتنی ڕێکخراوەکان و دەزگا راگەیاندنەکان، مەبەستی بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و کپکردنەوەی ئەو دەنگانە نییە کە ناکەونە ژێر رکێفی فەرمانەکان، دەبوایە بۆ پێداچوونەوەو هەوڵدان بۆ دانانی سیستەمێکی شەفاف لەخەرجکردنی بودجەکانیان، دوا دەزگا بوونایە لەپێداچوونەوە، چونکە هەموو دەزگا حکوومی و حزبییەکان پشکی شێریان لەگەندەڵی بەردەکەوێت.

نکۆڵی لەهەبوونی گەندەڵی لەناو هەندێ لەڕێکخراو و دەزگا راگەیاندنەکان ناکرێت. پێویستە بەدواداچوون و چاودێری بکرێن، لەکاتێکدا ئۆباڵی ئەو گەندەڵییەش هەر لەئەستۆی خودی حزبەکانە کە خۆیان هەندێ کەسی ناشارەزا، بەکاری راگەیاندن و ڕێکخراوەییان خزاندووەتە بوارەکەو هەوڵی لێڵکردنی ئەو کەشە دەدەن کە هەندێ دامەزراوەی سەربەخۆ لەکارکردن دەیانەوێت دروستی بکەن. ئەگەرنا ڕێکخراو و راگەیاندنە ناحزبییەکان، بەهەموو گەندەڵییەکانیانەوە ناگەن بەمیزانیەی دەزگایەکی حزبی، ئەو ڕێکخراو و کەناڵانەش کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەربەحزبەکانن منەتیان لەو پێداچوونەوەیە نییەو هەردەم دەتوانن ئەو برەپارەیە بەزیادەوە وەرگرن کەواتە تەنیا ئەو کەناڵانە لەو پێداچوونەوە دادپەروەرە زەرەرمەند دەبن، کە حزبی و سێبەری حزب نین. ئەو تروسکاییەش کە کەسانی خەمخۆر دایدەگیرسێنن خامۆش دەکرێت و کورد گوتەنی "چاکی مەکەن با خراپ نەبێت".

www.netewe.com



www.netewe.com



www.netewe.com